# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | شەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ _ ٥ی نوامبری ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٩١ | www.kurdistanukurd.com


## هاتنەوەی فرێدریک تیسۆ بۆ یەکەمین مەنزڵگای بەسەرهاتی کوردانەی : حیزبی دێموکرات



یاری بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستان و دۆستی لەمێژینەی دکتور قاسملووی نەمر، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەسەر کردەوە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەزەڵوەر، دوکتور فرێدریک تیسۆ پزیشک و دیپلۆماتی فەرانسەویی سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد و لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبەوە، بە گەرمی پێشوازی لێکرا. ...

ل٢

# ڕۆژهەڵات بە یەکخستنی وزەی خەباتگێڕانەی قورسایی وەردەگرێتەوە

## پانێلی «مێری» و پەیامی «تیسۆ»

**(لەپێناو کایەی سیاسیی دیارتر و کاریگەرتری کوردی ڕۆژهەڵات)**

ئاسۆی حەسەنزادە

پانێلێک کە ئەنستیتۆی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست(مێری) لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبر و لە چوارچێوەی دیداری ساڵانەی خۆیدا بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەرخان کرد، دەرفەتی تەمرینێکی پێشتر نەدیتراو و تاقی‌نەکراوەی بۆ سکرتێری پێنج حیزبی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان پێکهێنا. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبانە پێشتر زۆر جار بە شێوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی سەبارەت بە هاوخەباتی و ئایندەی پرسی کورد لە ئێران پێکەوە دانیشتوون و دیالۆگیان کردووە، ئەوە یەکەم جار بوو کە کەسی یەکەمی ئەم حیزبانە پێکەوە ڕوو بە بیروڕای گشتی لەسەر ستەیجێک دابنیشن و وێڕای دەربڕینی ڕاشکاوانەی بیروباوەڕی خۆیان و ئەو حیزبانەی نوێنەرایەتی‌یان دەکەن، ڕادەیەک لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ و کراوەش لەگەڵ یەکتر ئەزموون بکەن. ئەو پانێلە هەروەها لەو بارەوە خودان بایەخ بوو کە هەنگاوێکی دیارتر لە ڕابردوو بوو لە چوارچێوەی ئەو ڕێچکە نوێیەی کۆمەڵێک میدیا و ناوەندی توێژینەوە لە باشووری کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی بێدەنگە لێکردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتوویانەتە بەر، شتێک کە هیوابەخش و جێگای دەسخۆشی‌یە.

هەر لەو کاتەدا لە کەس شاراوە نیە کە ئەم دیدارە دەنگ و ڕوانگە جیاوازەکانی نێو پانتایی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ڕوونی وەدەرخست و ڕەنگە بتوانین بڵێین بۆ ماوەیەکیش لە زەینی هۆگرانی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کریستالیزەی کردن. ئەمەش شتێکی زۆر سەیر و چاوەڕواننەکراو نیە. بەگشتی مەسەلەی کورد لەخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک پارادۆکس و ئاڵۆزیی سەرچاوەگرتوو لە دابەشبوونی کوردستان و ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەیە. لەوەش زیاتر، پاشخانی مێژوویی و کارتێکەری‌یەکانی فەرهەنگی سیاسیی تایبەت بە بزووتنەوەی کورد لە ئێران وایان کردوە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناخی خۆیدا فرەچەشن و فرەیی ساز بێ. لە سەردەمێکیش‌دا کە قۆناغی نەزۆک لە دەرفەت و ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی بۆ کورد لە ئێران لەڕادەبەدەر درێژ بۆتەوە و بزاڤی کورد لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکی سەختتر دایە،...

ل٢



ڕۆژی سێ‌شەممە، ٤ی ڕەزبەر لە شاری هەولێر سێیەمین دیداری ئینیستیوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ توێژینەوە واتە «مێری»، بە بەشداری ٥ سکرتێری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو دیدارەدا هەرکام لە بەڕێزان:خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لقی کوردستان-کۆمەڵە؛ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ عومەر ئێلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و عەبدوڵڵای موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە پانلێکدا ڕاوبۆچوونی خویان و حیزبەکەیان سەبارەت بە پرسە گرینگەکانی ئێران و کوردستان خستە بەرباس. ...

ل٢

## پێکهینانی زنجیری مرۆیی لە پیرانشار

**(کەمپەینی من قوربانیی داهاتووم)**



ڕۆژی دووشەممە، ٣ی خەزەڵوەر، نزیک بە ٣٠٠ کەس لە خەڵکی شاری پیرانشار بە دروشمی «من قوربانیی داهاتووم» زنجیرێکی مرۆیی درێژیان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕێگەوبان و ڕووداوەکانی هاتوچۆ پێکهێنا.

هەر لەم پێوەندییەدا، کەمپەینێک بە ناوی «بەڵێ بۆ پەرەپێدانی جاددەکانی پیرانشار» پێکهاتووە کە بانگەوازێکیان سەبارەت بە هەستیاریی ڕێگەوبانەکانی شاری پیرانشار بە هۆی پێکەوەلکاندنی جادەکانی نێوان ئێران و عێراق دەرکردوە و ڕایانگەیاند: جادەکانی پیرانشار بە هۆی بازرگانیی نێوان ئێران و عێراق و هاتوچۆی لەڕادەبەدەر کەڵکیان نەماوە و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە یان لێدانی پانەڕێ یان ئوتووبان هەیە. ئەم ناوچەیە لە بواری گەشتیاری و ئابووری ڕۆڵێکی گرینگی لە ئاستی پارێزگا و تەنانەت ئێرانیش‌دا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە جادەکانی پیرانشار بە مەترسیدارترین جادەکانی ئێران دەژمێردرێن و ڕووداوەکانی هاتوچۆ یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی مردن لەم ناوچەیەیە.

ئەم کەمپەینە بە دروشمی «من قوربانیی داهاتووم» خەڵکی مەدەنی و بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆی پیرانشاری بانگهێشت کردبوو کە ئەم پەیامە بە کاربەدەستانی ئێران بگەیەنن کە بارودۆخی جادەکان زۆر لەوەی کە باس دەکرێ خراپترە.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم زنجیرە مرۆییە کە لە زیاتر لە ٣٠٠ کەس پێکهاتبوو لە لایەن هێزە ئینتزامی‌یەکانەوە بڵاوەی پێکرا.

هەر لەم پێوەندییەدا ١٠٤ چالاکی مەدەنی و توێژەری سیاسی لە نەغەدە لە نامەیەکدا پشتیوانیی خۆیان لەم کەمپەینە ڕاگەیاند.

شایانی باسە کە جادەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی لە بارودۆخێکی باش‌دا نین و لە ماوەی یەک حەوتوودا ٣ تانکێری نەوتهەڵگر وەرگەڕاون.

## ٢ی خەزەڵوەر ساڵڕۆژی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

عومەر باڵەکی ل٣

## نەتەوە، وەک قوربانیی ململانێی سیاسیی نێوخۆیی

قادر وریا ل٤

## هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندی‌یەکانی ئێران و ئەمریکا (بەشی یەکەم)

عەزیز شێخانی ل٥

## کێشە و ئارێشەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە زیندانەکانی ئێراندا

ئیحسان فەتاحی
و: تەهای ڕەحیمی ل٦

## هەولێر: پاش ئازادکرانی شاری موسڵ داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پاش ئازادکرانی شاری موسڵ لە دەست داعش، بەدوای چارەسەریی کێشەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان‌دا دەڕۆین.

نێچیرڤان بارزانی، بە ڕۆژنامەی ئاڵمانیی «بیلد»ی گوت: لە مێژە ئەم ئامادەگی‌یەمان هەیە، بەڵام ئێستا سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعشین.

ناوبراو گوتی، پاش ئازادکرانی موسڵ لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە بەغدا کۆدەبینەوە و سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان وتووێژ دەکەین. هەروەها دەڵێ زۆرمان سەبر کرد و لەسەر ئەم بڕوایەین کە لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن، دەسپێکی نوێ بۆ گەیشتن بە عێراقێکی دێموکرات بوو، بەڵام ئەم ئەزموونە شکستی هێنا.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانگی ڕابردوو داوای بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد و ئەم مەسەلەیە گرژیی نێوان هەولێر و بەغدای لێکەوتەوە.

## دەوری ئاڵوگۆڕی سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی لەسەر هزری دوکتور قاسملوو

شاهۆ حوسێنی

بێ‌گومان مرۆڤ بەرهەمی ئەو چاخ و کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی و ناتوانێ خۆ لە هێژمۆنی تایبەتمەندی‌یەکانی... ل٧

## چۆن قازانجی ئابووریی ڕێککەوتننامەی ناوکی دەچێتە گیرفانی ڕەشترین هێزەکانی ئێران

و: کەماڵ حەسەنپوور

تەنانەت لایەنگرە هەرە خۆشبینەکان خەریکە بەو ئاکامە دەگەن کە ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئێران،... ل٨

## تورکیە و کورد: هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاوبەرەو دواوە

عەبدوڵڵا حیجاب

دانپێنانی ڕەسمیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری ئێستا و سەرۆک وەزیرای ئەوکاتی تورکیە... ل٩

## دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، لە نێوان ئەرک و بەربەستەکان

ئەیووب شەهابی‌ڕاد

لەگەڵ پێشکەوتنەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و هەروەها بەرچاوڕوونی زیاتر لە... ل١١

درێژەی

## پانێلی «مێری» و پەیامی «تیسۆ»

### (لەپێناو کایەی سیاسیی دیارتر و کاریگەرتری کوردی رۆژهەڵات)

بە شێوەیەکی سروشتی لێکدوورکەوتنەوە جوغرافی‌یەکان و دابەشبوونە سازمانی‌یەکان کۆمەڵێک جیاوازیی گوتاری و مەودای روانگەییشی چ لە پێوەندی لەگەڵ ئامانج و ستراتیژی‌یەکانی خەباتدا و چ بەتایبەتی سەبارەت بە شێواز و تاکتیکەکانی ئەو خەباتە لێ کەوتۆتەوە.

بەڵام ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە درز و مەوداکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو بەستێن و لایەنەکانیەوە ئەوەندە قووڵ و بەردرێژن کە هەر لە بناخەڕا و لەڕووی ئیدئال و بەهاکانیشەوە نەتوانین سۆکلێکی هاوبەشی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ ئەم بەستێن و لایەنانە بدۆزینەوە؟ بێگومان نەخێر، و لێرەدایە کە پێویستە پەنجە لەسەر ئەو راستی‌یە دابنێین کە دیدارەکەی «مێری» ئەوەندەی هەڵگری جیاوازی‌یە گوتراو و بەرجەستەکراوەکان بوو، ئەوەندەش دەرخەری هاوبەشی‌یە نەگوتراو و پێ‌لەسەردانەگیراوەکان بوو. حاشای لێ ناکرێ کە هاوکاری و هاوخەباتی بەبێ لانیکەمی رێککەوتن و لێکگەیشتن لەسەر راوەستگا و دوورەدیمەنی زەینی و سیاسیی تێکۆشان پێک نایە؛ ئەگەریش پێک بێ هەر بە رواڵەت دەبێ و بەرهەمی بەکردەوەی نابێ. بەڵام پاشخانی عومدەتەن نەتەوەیی و دێموکراتیکخوازی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات؛ هاوبەشی لە تێچووی مرۆیی خۆڕاگریی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا؛ هاوچارەنووسی لە دۆخی سەختی ئێستا و لە بەرامبەر رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی‌دا؛ هەروەها کەشی داماڵراو لە گرژیی نێوان هێز و لایەنەکانی بزووتنەوە لە سەردەمی ئێستادا هەمووی نیشاندەری ئەو راستی‌یەیە کە بە مەرجێک ئیرادەی پێکەوە کارکردن و یەکتر قبووڵ کردن هەبێ، دروستکردنی سەنتێزی روانگەی کەلانی سیاسی بۆ چۆنیەتی بردنەپێشی خەباتی کوردی رۆژهەڵات لە ئێستادا و بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی کورد لە ئێران و لە ئاکام‌دا پێکهێنانی مێکانیزمی گونجاو بۆ وێکخستنی توانا و پۆتانسیەلەکانی بزووتنەوە بەبێ چاوەڕوان مانەوەی چارەسەری هەموو کێشەکانی نێو بزووتنەوە ئەوەندەش کارێکی سەخت نیە.

چەند رۆژێک پاش ئەم دیدارە بوو کە یەکەمین کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر لە پەراوێزی سەردانەکەی بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە بەشدارانی کۆڕەکەی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات‌دا رایگەیاند کە ئەگەر تەنانەت دنیای دەرەوە سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێرانیش فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی، هەتا وەختێک کوردی رۆژهەڵات نێوماڵی خۆی رێک نەخا و هەموو وزەی خەباتگێڕانەی خۆی وەسەریەک نەخاتەوە، دەرچوون لە دۆخی ئێستا ئەستەمە و گۆشەی رۆژهەڵاتی فاکتەری کوردی هێشتا ئەو سەرنج و قورساییە وەرناگرێتەوە کە پێویستی پێیە و شیاویەتی. ناوبراو بەتایبەتی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان باوەڕیان بە پێویستیی بوونی ڤیترینێکی هاوبەش بۆ گەیاندنی دەنگیان بە دەرەوەی خۆیانە، نابێ هەنگاونان لەو پێناوەدا بەوە ببەستنەوە کە هەر ئێستا هەموو گیروگرفتە نێوخۆییەکان چارەسەر بن.

لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفت و بەربەستانەی لە سەردەمی ئەمڕۆدا رێگای هەستانەوەی زیاتری خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتیان تەنیوە، چالێنجەکانی دۆخی ئێستای جیهانی و ناوچەیی کە هاوکات هەڵگری زۆر مەترسی و زۆر دەرفەتی نوێیە، بژاردەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەسەر ئاستی حیزبە مێژووییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان ئەرکدار دەکا کە هەرچی زووتر خەباتی فرەڕەهەند و فرەلایەنەی خۆیان یەک بخەن. ئەوان ئەو وەختە بەو مەبەستە دەگەن کە بە چاویلکەی ئەمڕۆ لە واقعییەتەکانی کۆمەڵگە و سەردەمی خۆیان بڕوانن، هێز و هەرمان و سەرکەوتنی خۆیان لە پڕکردنەوەی درزەکان و رووخاندنی دیوارەکانی نێوانیان‌دا ببینن، بۆ مەنزەلەتی بەکۆمەڵ و ئایندەی بزووتنەوەکەیان بەرزەفڕ و بۆ جێگە و پێگەی بەجیای خۆشیان بە تەواوزوع بن. ئەو وەختەیە کە دەتوانن دەرس لە رابردوو وەربگرن و سبەینێیەکی پڕ بەڵێن بۆ خۆیان و میللەتەکەیان بکڕن.

درێژەی

## بەڕێوەچوونی دیدارێکی هاوبەش بۆ ٥ سکرتێری حیزبەکانی رۆژهەڵات

بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە پانێلی دووەمی ئەو دیدارەدا بە هەڵسەنگاندنێکی کورت لەسەر دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی وڵاتی ئێران و هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچوون وسیاسەتی حیزبەکەی بە وردی خستەڕوو، خالید عەزیزی بە لەبەرچاوگرتنی ململانێی مەزهەبی کە لە ناوچە هاتۆتە ئاراوە لەم بارەوە گوتی: «وڵاتانی عێراق، سوریە و تەنانەت تورکیەش بەرهەم و دەرەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانین، بەڵام ئێران پاشخانێکی دوور و درێژی لە وڵاتداری و حکومەتداری هەیە. لەم دواییانەش‌دا فاکتەری ئایینی شیعە بووە بە بەشێک لە کێشەی دەسەڵات و قانوون و تەنانەت بەشێک لە شوناسی ئێرانی. واتە لەگەڵ دەسەڵات و وڵاتێک بەرەوڕووین کە لەسەر شوناسێکی دوو لا خۆی گرتووە. یەکەمیان پانئێرانیزم و ناسیونالیزمی ئێرانی، دووهەمیان ئایینی شیعە. بەڵام لە ئێران‌دا ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر هەیە. لە کوردستانیش هەم شیعە هەیە و هەم سوننیش هەیە. ئێمە هەوڵمان نەداوە لە ئایین بۆ کێشە لەگەڵ تاران کەڵک وەرگرین. بەڵکوو هەوڵمان داوە بە سازکردنی پردی پێوەندیی لە نێوان رەنگاوڕەنگی‌یەکان بچینە نێو پرۆسەی نەتەوەسازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان».

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاوڕدانەوەیەک لە خەباتی سیاسیی حیزب و دۆخی ئێستاکەی کوردستان، جموجۆڵە مەدەنی‌یەکانی بەرز نرخاند و، بە پێداگریی لەسەر خەباتی فرەڕەهەندیی و شێوازەکانی سیاسەتی حیزب، روو بە نێوخۆی وڵات رایگەیاند: وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵمان داوە مادام ناتوانین وەک حیزبێکی قانوونی لە نێوخۆ چالاک بین و کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتەی نەداوە، بایەخی زۆر بدەین بە خەباتی مەدەنی و جموجۆڵ لە نێوخۆی کوردستان. ئێمە لەو باوەڕە داین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سەدان هەزار و میلیۆنان خەڵک بەرەوڕوو بێتەوە، ئەو کاتەیە کە کێشەی کورد لە نێوخۆی ئێران دەتوانێ وا بکا کە حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ.

لە روانگەی ئێمەوە هەموو جموجۆڵە نەتەوەیی و مەدەنی‌یەکان لە کوردستان، کە خەڵک لە هەر دەرفەتێک بۆ دەرخستنی ئەم هەستە نەتەوەییە کەڵک وەردەگرێ، لە دایکبوونێکی دیکەیە. بەو جۆرە خەڵک بە شێوەیەکی گشتگیر و بە تێچوویەکی کەم ئەم پرۆسەی نەتەوەسازییە بەرەوپێش دەبا.

بە باوەڕی من کۆماری ئیسلامی زۆر لەو خەباتە مەدەنی‌یە نیگەرانە کە شوێنە گشتی‌یەکان و چین‌وتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی گرتۆتەوە و سەرئێشەی بۆ دروست دەکا، هەتا جموجۆڵێکی چەکداری کە ئێمە لە رابردووش‌دا لەم بارەوە کەممان نەهێناوە.

ئێمە زەمانێک دەتوانین لە مەیدانی سەربازی‌دا کۆماری ئیسلامی بە چۆک‌دا بێنین و لەو رێگایەوە ناچاری بکەین گوێ لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان بگرێ کە خەبات و تێکۆشانی چەکداریی ئێمە تێکەڵ بە خەباتی مەدەنی و جەماوەریمان لە نێوخۆی وڵات بێ.

درێژەی

## هاتنەوەی فرێدریک تیسۆ بۆ یەکەمین مەنزڵگای بەسەرهاتی کوردانەی : حیزبی دێموکرات

لەو دیدارەدا کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزب بەڕێوەچوو، سەرەتا دوکتور تیسۆ دوای دەربڕینی خۆشحالی خۆی لەم دیدار و چاوپێکەوتنە، قسەکانی بە باس کردن لەسەر چۆنیەتی ئاشنا بوونی لە گەڵ گەلی کورد بەگشتیی و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزاڤی مافخوازانەی ئەو گەلە درێژە پێدا و لەم بارەوە دەور و رۆڵی دوکتور قاسملووی بەرز نرخاند.

دکتور تیسۆ بە ئاوڕدانەوەیەک لە سەردەمی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکرات و شۆڕشی بەربڵاوی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێک بیروڕای خۆی خستەبەرباس و، باسی لەوە کرد کە لە دەسپێکی ئاشنا بوونی لەگەڵ کوردانی رۆژهەڵات، ئێستاشی لەگەڵ بێ خۆی بە پاڵپشت و پشتیوانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانێ.

ناوبراو لەم بارەوە گێڕایەوە: تەنانەت لە بنەماڵەکەی خۆم زۆرجار لێم دەپرسن کە بۆ هێندە کوردت خۆش ئەوێ، منیش دەڵێم بە خۆشeیستنی کورد لە دایکبووم و بێ گومان دۆستایەتیم لەگەڵ قاسملووی شەهید لەم بارەوە کارتێکەریی هەبووە.

دوکتور فرێدریک تیسۆ لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا کۆمەڵێک بیرەوەری ناخۆش و خۆشی خۆی لە سەردەمێک گێڕاویەوە کە وەکوو پزیشکێک لە تیمی پزیشکانی بێ‌سنوور لە کوردستان خزمەتیان دەکرد و لەم بارەوە rایگەیاند کە هەمووکات خۆم بە پێشمەرگەی حیزب زانیوە و چەکی منیش زانستی پزیشکی‌یەکەم بوو کە بە جلوبەرگی پێشمەرگانەوە شان بە شانی ئێوەی پێشمەرگە خزمەتم بە کوردستان کردوە.

بەڕێز دوکتور تیسۆ پاشان گوتی: بەشداریی کردنی من لە خەباتی پرمەترسیی و مافخوازانەی کوردی رۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات تەنیا وەکوو پزیشکێک نەبوو بۆ چارەسەریی بریندارو نەخۆشەکان، بەڵکوو زۆرجار لە بوارەکانی دیکەش ئەوەی لە دەستم هاتبێ درێغیم نەکردوە، ناوبراو لەم بارەوە باسی لە چۆنیەتی هێنانی رادیۆ بۆ حیزب کرد کە ئەودەم کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ویستمان دەنگی کوردستانی ئێران بە گوێ دۆستان و دوژمنانیشی بگات.

لە بڕگەیەکی دیکە ئەو دیدارەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز مستەفا مەلوودی بە نوێنەرایەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب بەخێرهاتنی بەڕێز دکتور تیسۆی کرد و رایگەیاند کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هیچکات هەوڵ و ماندوو بوونی مرۆڤدۆستانەی ناوبراو لەبیر ناکەین و بە پێشمەرگەی حیزبی دەزانین.

پزیشکی پێشمەرگەخۆشەویست و دیپلۆماتی کوردویستی فەرانسەیی بەڕێز فرێدریک تیسۆ لە کۆڕێکی گەرم و پێشمەرگانە کتێبی بیرەوەریەکانی خۆی پێشکەش بە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کرد. لە کۆتایی‌دا بەڕێز تیسۆ وڵامی پرسیار و تێبینی چەند کەس لە بەشداربوانی کۆڕەکەی دایەوە.

شایانی باسە، لەسەر داوای بەڕێز دوکتور تیسۆ، شاندێکی ڕێبەریی حدکا بە سەرپەرشتی بەڕێز حەسەن شەرەفی، لەو دیدار و کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کردبوو.

## رێژەی کوشتنی کۆڵبەران و پەردەپۆش کردنی لە لایەن هێزە ئەمنی‌یەکانی رێژیمەوە

لە درێژەی کوشتن و تەقەکردنی راستەوخۆ لە کۆڵبەران و کاسبکارانی بێ‌مافی کورد لە ناوچە سنووری‌یەکان کە رۆژ نیە یەک لەوان نەدرێتە بەر دەستریژی گوللەی هێزە ئەمنی‌یەکانی رێژیم . گوشاری چالاکانی مەدەنی و نارەزایەتی‌یەکان لەم‌بارەوە، هەڵویستی هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامی لێکەوتە و ئەو هێزەی رێژیم رایگەیاندوە کە لە ساڵی ٩٤ بەم‌لاوە هیچ کۆڵبەرێک بە تەقەی ئەو هێزە نەکوژراوە.

ئەمە لە کاتێک دایە، هەر لە مانگی رابردوودا چەند کۆڵبەری کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کوژراون. ئامارەکان باس لەوە دەکەن لە ساڵی رابردوودا ٣٠ کەس لە کاسبکارانی سەرسنوور بە تەقەی هێزەکانی رێژیم کوژراو یان بریندار کراون و تەنانەت کەلوپەلەکانیشیان تاڵان کراوە. ماوەیەک لەمەوپێش خەڵکی شاری بانە بە پاڵپشتیی چالاکانی مافی مرۆڤ، نارەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە راگرتنی کوشتنی کۆلبەرانی سەرسنوور دەربڕی و کەمپەینێکیان لەم بارەوە وەڕێخست.

شایانی باسە بە هۆی نالەباریی دۆخی ئابووریی شار و گوندەکانی سەرسنوور، خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ دابینکردنی بژیوی بنەماڵەکانیان ڕوو دەکەنە کۆڵبەری، کە پیشەیەکی مەترسیدارە.

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان: دەسبەسەرکردنی نوێنەرانی هەدەپە لە پارلمانی تورکیە، زیان بە پرۆسەی ئاشتی لەم وڵاتە دەگەیەنێ

شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینیی رابردوو لە هەڵمەتێکی چاوەڕواننەکراودا هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی دەوڵەتی تورکیە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) و نۆ پارلەمانتاری دیکەی ئەو حیزبەیان دەستبەسەر کرد.

دەستبەسەرکردنی نوێنەرانی کوردی پارلمانی تورکیە نیگەرانی و کاردانەوەی جۆراوجۆری لەسەر ئاستی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، لایەنەکانی تورکیە و دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێ کەوتۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی هەڵسووکەوتی توندوتیژ و ئەمنییەتیی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە پارلمانتارانی کورد و، بە گشتی پرسی کورد لە باکووری کوردستان، دەستبەسەرکردنی نوێنەرانی هەدەپە بە قازانجی بەرەوپێشچوونی پرسی ئاشتەوایی لەم وڵاتە نازانێ.

بێ‌گومان پەککستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێ، لە کۆتایی‌دا بە زیانی دەوڵەتی تورکیە و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە تەواو دەبێ.

لە کۆتایی‌دا هیواداریین دەوڵەتی تورکیە بە ئازادکردنی نوێنەرانی هەدەپە و کارکردن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە، دەرفەتێکی دیکە بۆ دەسپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەم وڵاتەدا بڕەخسێنێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی**

## ٩ ساڵ بەسەر بەندکرانی حەبیبوڵا لەتیفی‌دا تێپەڕی

حەبیبوڵا لەتیفی، بەندکراوی سیاسیی کورد زیاتر لە ٩ ساڵە لە زیندانەکانی ئێران‌دا راگیراوە.

بە تێپەڕبوونی چەندین مانگ لە راگەیاندنی حوکمی هەڵوەشانەوەی ئێعدامی حەبیبوڵا لەتیفی و سەرەڕای فشاری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مافی مرۆڤ بەڵام تا ئێستا بە نووسراوە پێیان رانەگەیاندوە.

حەبیبوڵا لەتیفی خوێندکاری ساڵی ئاخیری رشتەی «ئەندازیاریی سەنایەع» لە زانکۆی ئیلام بوو، کە رۆژی ١ی خەزەڵوەری ساڵی ٨٦ دەسبەسەر و بە تۆمەتی هەوڵدانی دژی ئەمنیەتی میللی و شەڕ لەگەڵ خودا، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا.

شایانی باسە کە پاش ٩ ساڵ لە بەندکراویی خۆی تا ئێستا ناوبراو هیچ مەرەخەسیی پێ نەدراوە و لە زیندانی سنەدا لە بارودۆخێکی نالەبار دەژی.

## گرتنگەکانی سەردەشت سیخوڕیان تێخزاندوون

لە گرتنگەکانی شاری سەردەشت، ئەندامانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی خەریکی سیخوڕی کردن لەسەر خەڵکن.

بەپێی راپۆرتی گەیشتوو لە شاری سەردەشتەوە، ئەندامانی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران خۆیان خزاندۆتە نێو گرتنگەکانی رێژیم و سیخوڕی بەسەر گیراوەکانەوە دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆنیەتیی پێوەندیی گرتنی گیراوان بە حیزبە کوردی‌یەکانەوە ئاشکرا بکەن.

یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی گرتنگەکانی سەردەشت کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ گوتی: کۆڵبەران و دەسبەسەرکراوانی ئاواییەکانی سەرسنوور، جگە لە فشارهێنان بۆ سەریان بە مەبەستی دانپێدانانی زۆرەملێی لە نێو گرتنگەکانی رێژیم‌دا، لە لایەن سیخوڕەکانی سپای پاسدارانەوە هەوڵ دەدرێ زانیارییان لێوەرگیرێ و زیاتر لەسەر چۆنیەتی هاتنەوەی پێشمەرگە و شوێنی هاتوچۆیان دەیانەوێ زانیاریی خڕبکەنەوە.

هەروەها ئەم دەسبەسەرکراوەی شاری سەردەشت دەڵێ: ئەگەر بتهەوێ سەردانی گیراوەکەت بکەی دەبێ پێشتر زانیاریت سەبارەت بە سنوورەکان پێ بێ، ئەو کات مۆڵەت دەدەن چاوت بە دەسبەسەرکراوەکە بکەوێ.

## ٧٠٦٢٥٠هێکتار لە خاکی کوردستان بە مین چێنراوە

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە لێدوانی بەرپرسانی حکوومەتی بڵاو کراوەتەوە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بۆتە کێڵگەی مینی چێندراو، کە تەقینەوەیان مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ سەر خەڵکی شار و گوندەکانی سەر سنوور.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن زیاتر لە ٧٠٦٢٥٠ هێکتار لە خاکی کوردستان مینی تێدا چێندراوەو هەرچەند جارێک بە تەقینی مین خەڵکی گوندەکانی سەرسنوور زیانیان وەبەر دەکەوێ؛ کەمئەندام دەبن یان گیانیان لە دەست دەدەن.

# ٢ی خەزەڵوەر ساڵڕۆژی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**عومەر باڵەکی**

هەموو ساڵێک ١ی خەزەڵوەر بیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی مێژوویی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەو ڕۆژەدا بوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و تاروپۆی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» دامەزرا و ئێستا کە ٧١ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕ دەبێ بە پێویستمان زانی کورتەئاورێک لە چۆنیەتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێویستیی ئەو دامەزرانە، بدەینەوە.

ئاوری شەڕی دووهەمی جیهانی دنیای تەنیبۆوە و پەلوپۆی ئاساری ئەو شەڕە گەیشتبووە ئێران و لەو نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێبەش نەبوو لە حزووری هێزە نیزامی‌یەکانی دەوڵەتانی ئەمریکا و بریتانیا و ڕوسیە. هێزەکانی ڕوسیە لە باکووری ئێرانەوە هاتبوونە نێو خاکی ئێران و هەتا ورمی پێشرەویان کردبوو و لەو لاوە هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە باشوری ئێرانەوە هاتبوونە نێو خاکی ئێران و لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر ببوون. بوونی هێزی ئەو دەوڵەتانە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوە کە حکوومەتی ناوەندی لە زۆربەی شوێن و ناوچەکەنی ئێران دەسەڵاتی خۆی لە دەست بدا و دەسەڵات و بەڕێوەبەری بکەوێتە دەستی خەڵکەوە. ناوچەی موکریانیش یەکێک لەو ناوچانە بوو بە هەر هۆکارێک بووبێ هیچ کام لەو دەوڵەتانە هێزی نیزامیی خۆیان لێ دانەمەزراندبوو، هەر بۆیە ناوچەیەکی ئازاد و دور لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی تاران بوو و هەر ئەوە وای کرد کە چەشنێک ئازادی و سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا دەستەبەر بێت و خەڵکی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بە دەستی خۆیان رایی بکەن.

> ‹‹حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای تێپەربوونی ٧١ ساڵ بەسەر بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی و بەستنی ١٥ کۆنگرەی دیکە و بەڕێکردنی مێژوویەکی پڕ لە کار و تێکۆشان و فیداکاری، سەرکەوتن و شکان، خوێن و قوربانیدان و لەدست دانی ڕێبەرانی، «قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی»، ئێستاش بەو خەت و ڕێبازە کە لەسەر دەستی پێشەوا و هاوڕێکانی لە یەکەم کونگرەدا بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان پەسندکرا و لە دوایی‌دا سەریان لە پێناوی‌دا دانا، وەفادارە و درێژەدەری ئەو ڕێگایەیە ‹‹

لەو سەروبەندەدا، کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر لە شاری مەهاباد کەوتنە خۆ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی کە بتوانێ لەو هەلومەرجە بە قازانجی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێ و ماف و ئازادی‌یەکانی دەستەبەر بکا. ئەو ڕێکخراوەیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە ژێر ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێ ـ کاف) دامەزرا و دەستی بە ڕیکخستن و چالاکیی جوراوجوری وەک چاپ کردنی ڕۆژژمێری کوردی و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و شێعری شاعیرانی کورد کرد و لەو ڕێگایەوە توانی جێگە و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا بکاتەوە. بەڵام دوای سێ ساڵ کار و تێکۆشان بۆ ڕێبەرانی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» دەرکەوت کە لەو سەردەم و هەلومەرجانەدا بەو شێوە کار و تێروانینەی ئەوان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هەیانە، ناتوانن ئەندام و لایەنگری زۆر لە دەوری بەرنامەی خۆیان کۆ بکەنەوە و بەو شێوەیە چالاکانە ناتوانن لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کاتدا مانۆڕ بدەن و تەبلیغ بۆ ئیدە و بەرنامەکانی خۆیان بکەن. هەر بۆیە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ دا بڕیاریان دا لەسەر بنەمای»ژێ ـ کاف» حیزبێکی نوێ و بە بەرنامەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتوو کە بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران‌دا جێگە و پێگەی خۆی بکاتەوە و لە هەمان کات‌دا نوێنەر و نوێنگەی ویست و داخوازی‌یەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، دابمەزرینن. ئەو بڕیارەی ڕێبەرانی «ژێ –کاف « لە سەرەوەی هەمووان قازی محەممەد، لە دایک بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە کە لە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ بە ڕاگەیاندراوێکی نوسراو و ڕەسمی بوونی خۆی ڕاگەیاند و لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٢٤ یەکەم کۆنگرەی خۆی بە بەشداری نوێنەرانی تەشکیلات، هۆز و عەشیرەتەکان و نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە شاری مەهاباد بەست و لەو کۆنگرەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی و ئاشکرا دەستی بە کار و تێکۆشان کرد و شێوەی خەبات و ئامانجەکانی دیاری کرا و خەت و ڕێباز و ستراتژی حیزب لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە پەسەند کرا و قازی محەمەد بە پێشەوای حیزب دیاری کرا و ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ کە ساڵرۆژی دامەزرانی (ژی ـ کاف) بوو بە ڕۆژی دامەزرانی حیزب پەسەند کرا و مەبەست لەو کارەش ئەوە بوو کە کار و تێکۆشانی ئەو چەند ساڵەی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ببێتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی کوردستان ژ. ٧٩ ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژ ١٣٢٥ لەو بارەوە لە ژێر ناوونیشانی «جێژن و چراخانی» دەنوسی:

«ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرهەیوان و حەساری عەمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو، لەو جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرنیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد...» هەر لەو ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا وتارێک بە ناوونیشانی «موباریزەی ئازادی و دێموکراسی ئیمە پێ دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا» بە قەڵەمی سەید محەمەد حەمیدی بڵاو بۆتەوە کە دووپاتی ئەو ڕاستی‌یە دەکاتەوە مێژووی «ژێ ـ کاف» بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

گرینگیی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا لەوە دایە کە هەتا ئەو کات یەکەم حیزبی کوردی بووە کە بە شێوەی مودێرن و سەردەمیانە خاوەنی کۆنگرە و بەرنامە و پێرەوی نوسراو بێ و بەڕێوەبەرانی بە دەنگی بەشدارانی کۆنگرە هەڵبژێردرێ. سەبارەت بە گرینگیی دامەزرانی حیزب، د. قاسملوو لە کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات «چل ساڵ خەبات»دا ئاوا دەنوسێ: «دامەزرانی حیزبی دێموکرتی کوردستان نوختەگۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێرن. چونکە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێک نەهاتبوو... .» هەروەها باشە لیرەدا ئیشارەیەک بە بەشێک لە ڕاگەیاندراوی حیزب (١ی خەزەڵوەری ١٣٢١) بکەین کە باسی پێویستی دامەزرانی حیزب دەکا.

«... هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین. ئەو خەباتە یەکیەتی و یەکرەنگی پێویستە. بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و دەستی بە کار کردوە ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لە پیناو وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەر و رینوێنی ئیوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسی تەفروتونا بوون ڕزگار دەبێ...»

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوە کورتەدا بەرنامەی خۆی دارشت و خستیە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بەرنامەی حیزب «مەرامنامە» سێ فەسڵ و ٢٢ مادە لە خۆ دەگرێ کە هەر کام لە فەسڵەکان کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی کوردستانی لە خۆ گرتووە و بە کورتی دەتوانین بڵێین مەرامنامەی حیزب هەڵگری ئەو بابەتانەی خوارەوەیە:

ـ «چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران لەسەر بنچینەی «خودموختاری میللی» و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی لە نێوان کورد و کەمایەتی‌یەکانی وەک، «ئازەری و ئاسوری و ئەرمەنی» و پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاودا.

ـ « گەشەپێدانی کشتوکاڵ و مکانیزە کردنی ئەو بەشە و دابینکردنی بازاڕ بۆ فرۆشتنی بەروبۆمی خۆماڵی و دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی و کەڵک وەرگرتنی بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی و دامەزراندنی کارگە و کارخانەی پیشەسازی و ڕەخساندنی هەلی کار، دروست کردن و پەرە پێدانی ڕێگاوبانی گونجاو بۆ ئاسانتر کردنی هاتوچۆی خەڵکی کوردستان و دابەش کردنی دەرامەتی باج لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی و ناوەندی‌دا بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ لە بواری ئابووری و خۆشبژیوی خەڵکی کوردستان.

ـ دەستنیشان کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی ناوچەی خودموختاری کوردستان و بە ئیجباری‌کردنی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بۆ کچ و کور. دانانی پرۆژەی بنبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان و بەدەستەوە گرتنی ئەمنیەتی نێوخۆیی و پاراستنی لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای تێپەربوونی ٧١ ساڵ بەسەر بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی و بەستنی ١٥ کۆنگرەی دیکە و بەڕێکردنی مێژوویەکی پڕ لە کار و تێکۆشان و فیداکاری، سەرکەوتن و شکان، خوێن و قوربانیدان و لەدست دانی ڕێبەرانی، «قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی»، ئێستاش بەو خەت و ڕێبازە کە لەسەر دەستی پێشەوا و هاوڕێکانی لە یەکەم کونگرەدا بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان پەسندکرا و لە دوایی‌دا سەریان لە پێناوی‌دا دانا، وەفادارە و درێژەدەری ئەو ڕێگایەیە.

## چەند هەواڵی ئێران

### بارودۆخی نالەباری بەندیخانەی گەوهەردەشت و گوشار لەسەر بەندکراوانی سوننی مەزهەب

لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی سەرما، بەڕێوەبەرانی بەندیخانەی گەوهەردەشت، بە خۆبواردن لە پێدانی پێداویستی‌یە سەرەتاییەکان بۆ خۆگەرم کردنەوەی بەندکراوانی سوننی مەزهەبی بەندی ٢١، گوشاری زیاتریان خستۆتە سەر بەندکراوان.

نزیکەی ٥٠ بەندکراوی سوننی مەزهەب کە لەو بەندیخانەیەدا دەستبەسەرن، لەبەر نالەبەری دۆخی دەرگا و پەنجەرەکانی بەندیخانە و نەبوونی کەرەستەی گەرمکەرەوەی گونجاو، شەوگارێکی دژوار بەڕێ دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەیەکی بەرچاو لەو بەندکراوانە تووشی نەخۆشی‌یەکانی گورچیلە، فەقەڕات و لاقئێشەن و بە دەست پێکردنی وەرزی سەرما، ئازارەکانیان زیاتر دەبێ، لە لایەکی دیکەوە لەبەر چۆلی بەندەکەیان و هەروەها گونجاو نەبوونی دەرگا و پەنجەرەکانی ئەو بەندە، دۆخێکی نالەبارتریان تووشبووە.

بەڕێوەبەرانی بەندیخانە، نەتەنیا ئیزنی کڕینی کەرەستەی گەرمکەرەوە بە بەندکراوان نادەن بەڵکو، لەدوای پشکنینەکانی گاردی بەندیخانە، دەستیان بەسەر دو کورەی کارەباییش‌دا گرتوە کە هی بەندکراوان بووە.

ماوەیەک لەوە پێشیش، بەندکراوانی سیاسی بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج نامەیەکی سەرئاواڵەیان بۆ «بان کی مۆن» ، نووسیبوو سەبارەت بە دۆخی نالەباری ئەو بەندیخانە گوشاری روحی و دەرونی بۆ سەر بەندکراوان و لەم بارەوە ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی و داوایان لێ کردبوو، بە گوشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ناچاری بکا کە مافە سەرەتاییەکانی زیندانیانی سیاسی بپارێزێ.

### لانیکەم ٥ زیندانی لە بەندیخانەی ناوەندیی کەرەج ملیان بە دارەوە کرا

سەرلە بەیانیی ڕۆژی سێ‌شەممە، ٤ی خەزەڵوەر، لانیکەم ٥ بەندکراو لە زیندانی کەرەج ئێعدام کران.

لە لایەکی دیکەش ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی خەزەڵوەر، دوو بەندکراوی دیکەی کورد لە زیندانی سەڵماس بە ناوەکانی بەختیار مامەدی و شۆڕش فاڕووقی بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر ئێعدام کران.

### ١٦٠٥ کەس بە هۆی مادەی هۆشبەرەوە گیانیان لە دەست داوە

ڕێکخراوی پزیشکی قانوونی ڕایگەیاند کە ١٦٠٥ کەس بە هۆی خراپ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر گیانیان لە دەست داوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هێرانا، لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵ یەک هەزار و ٦٠٥ کەس بە هۆی خراپ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر گیانیان لە دەست داوە کە لە چاو ٦ مانگی سەرەتای ساڵی پێشوو سەدی ٩ بەرزبۆتەوە.

### جێگری یەکەمی روحانی: گەندەڵی مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ ئێران

جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێران گوتی: هەموو کاربەدەستان دەبێ بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە و گەندەڵکاران لە هەر پلە و پایەیەکی ئەم ڕێژیمەدا بن، بەرخوردیان لەگەڵ دەکرێ.

ئیسحاق جیهانگیری لە کۆبوونەوەی ستادی بەرەنگاربوون لەگەڵ گەندەڵیی ئابووری گوتی: ناکۆکیی نێوان جەناحەکان گەورەترین زیان لە وڵات دەدا و متمانەی خەڵک بۆ سەرمایەگوزاری کەم دەکاتەوە. نابراو لە لایەکی دیکە دەڵێ: گەندەڵی مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و دوژمنەکانمان لە هەوڵی ئەمە دان کە لە کایەک، کێوێک ساز بکەن و متمانەی خەڵکی وڵاتەکەمانی پێ خەوشدار بکەن.

شایانی باسە کە لە زنجیرە گەندەڵی‌یە گەورەکانی ئێران پاش گەندەڵیی ئابووریی شارەداریی تاران و سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگی، ئەمجارەیان نوێنەرێکی مەجلیس ڕایگەیاند کە گەندەڵیی ماڵی وەزارەتی وەرزشی گرتۆتەوە و پەردەی لەسەر گەندەڵیی ئەم وەزارەتخانەیەش لادا.

### پوورمحەممەدی: ئێعدامەکانی چەند ساڵی ڕابردوو کاریگەری نەبووە

وەزیری دادگوستەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتی پێویستە پێداچوونەوە بە قانوونی سزای ئێعدام‌دا بکرێ.

مستەفا پوورمحەممەدی ڕۆژی شەممە، ٨ی خەزەڵوەر، گوتی: ناکرێ بەگشتی سزای ئێعدام وەلانێین، بەڵام ئەم سزایە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ کاریگەری‌یەکی نەبووە.

وەزیری دادگوستەریی ئێران وێڕای ئاماژە بە ئاستی بەرزی سزای ئێعدام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گوتی، پێداچوونەوە بەم قانوونە زۆر پێویستە. ناوبراو هەروەها گوتی: سزا ئێعدام هەر دەمێنێتەوە بەڵام لە هێندێک بوارەوە هەموار دەکرێ و زۆر لایەنی دیکەشی هەیە کە پێویستە بە وردی تاوتوێ بکرێ.

وەزیری دادگوستەریی ئێران هەروەها گوتی: پێداچوونەوە بەم قانوونە دەستی پێکردوە، لە ڕاستیدا دەبێ بزانین جێگرەوەی ئەم سزایە چییە و دەبێ بۆ چ کەسانێک دایبنێین کە کاریگەریی هەبێ و تاوانباران لەم کردەوە ناقانوونی‌یانە دوور بکاتەوە.

### هێرشی روحانی بۆ سەر لێدوانەکانی بناژۆخوازەکان

سەرۆک کۆماری ئێران لە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانی ڕێژیم بە دانپێدانان بە گرفت و کێشەی بێکاری لە ئێران و هەڵکشانی ڕۆژ بەدوای ڕۆژی ئەم کێشەیە، بە هێرش کردن بۆ سەر لێدوانەکانی باڵی توندئاژۆ لەم بارەوە گوتی: واز لە هەڵسوکەوتی منداڵانە بهێنن چونکە نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ کار و پیشە و پەرەسەندنی بێکاری، گەورەترین گرفتی ئێستاکەی کۆمەڵگەی ئێرانە و ڕیشەی بەشێکی زۆر لە تاوانەکان و گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بێکاری دایە، ڕاشیگەیاند کە گرفتی بێکاری لە ساڵانی داهاتوو کارەساتی لێ‌دەکەوێتەوە و دەوڵەت بە تەنیایی ناتوانێ چارەسەری بکا و دەبێ هێندێک کەس واز لە گەمەی منداڵانە و کێشەسازکردن بهێنن.

# نەتەوە، وەک قوربانیی ململانێی سیاسیی نێوخۆیی



قادر وریا

**ئاماژە:** لە ڕۆژانـی ٢٧ و ٢٨ی سێپتامبری ئەم ساڵدا، «دیدارێکی هزری» لە شاری سۆران بەڕێوە چوو. ئەم دیدارە لە لایەن فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکانی سۆران و کتێبخانەی گشتیی سۆران، ڕێک خرابوو. لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە، ژمارەیەک چالاکی سیاسی، کەسایەتیی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانی دیاری کوردستان بەشداری ئەم دیدارە بوون. لە ماوەی دوو ڕۆژ کار و چالاکیی تایبەت بەم دیدارە و لە تویێ پانێلەکانی‌دا چەندین وتار و بابەت پێشکەش کران. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەیئەتێک بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ، لەم دیدارە هزرییەدا بەشدار بوون. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران، دەقی ئەو باسەیە کە قادر وریا لە یەکەم پانێلی ئەم دیدارەدا پێشکەشی کرد.

بەرایی:

**داگیرکراویی کوردستان و دابەشکراویی نەتەوەی کورد، ئاڵۆزی و دژواریی پرسی نەتەوەییمان:**

کوردستان وەک نیشتمانی نەتەوەی کورد، کورد خۆشی وەک نەتەوەیەک، بۆ سەد ساڵ دەچێ بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراون. ئەم چارەنووسە تاڵە، وای کردوە ئەم نەتەوە دابەشکراوە، بەردەوام لەگەڵ دوژمنی و سەرکوتکران لە لایەن چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە بەرەوڕوو بێ. ئەم وڵاتانە و زۆربەی جارەکان هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانی‌یەکانیشیان، لە بەردەم دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کۆسپ بوون. نەک هەر لە نێو وڵاتەکەی خۆیان‌دا لەگەڵ مافی کورد بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆی دژایەتی‌یان کردوە، بەڵکوو لە وڵاتانی دراوسێشیان‌دا، هەر کات پرسی کورد لە پێشکەوتن‌دا بووە و لە ئامانجەکانی نزیک بووەتەوە، هەوڵی پیلانگێڕی و لەباربردنی دەرفەتەکانیان داوە. بەم پێیە جۆگرافیای سیاسی و فاکتەری دەرەکی یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی ناکام مانەوەی هەتا ئێستای کورد و کوردستان لە گەیشتن بە سەربەخۆیی یا دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لە شکڵ و شیوەی دیکەدا بووە.

**گرنگترین فاکتەری نێوخۆیی بۆ ناکامیی نەتەوەیی تا ئێستامان**

فاکتەری نێوخۆیی، ئەگەر بە ڕادەی فاکتەرە دەرەکی‌یەکەش نەبووبێ ، چی وا کەمتر ڕۆڵی نەبووە لە ناکامیی نەتەوەییمان‌دا. هاوکار و هاوپشت نەبوونی ئەم پارچەیەی کوردستان لەگەڵ پارچەیەکی دیکە، هەر وەها نەبوونی تەبایی و هاوکاری لە ئاستی هەر پارچەیەک‌دا، یەک لەو ڕاستی‌یانەیە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەردەوام بە دەستییانەوە ناڵاندوویەتی. لێرەدا باسی هەست و سۆزی تاکی کورد لە پارچەیەکی کوردستان بەرامبەر خەبات و شۆڕشی نەتەوەکەی لە پارچەیەکی دیکە نیە کە ئەم هاوسۆزی و هاوپێوەندییە بەردەوام هەبووە و حاشای لێ ناکرێ. بەڵکوو نەبوونی تەبایی و هاوکاریی نێوان هێزە سەرەکی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لەم پارچە و ئەو پارچەی کوردستان، مەبەستە.

مێژووی بزووتنەوەی کورد بە داخەوە شاهیدی زۆر ڕووداوی ناخۆش لە نێوان هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەم بەش و ئەو بەشی کوردستان بووە. لە ئاستی هەر پارچەیەکیش‌دا، ململانێی توندوتیژی نێوان هێزە سیاسی‌یەکان و نەبوونی تەبایی و هاوکاری‌یەکی بەردەوام، یەکێک لەو نەخۆشی‌یانە بووە کە زیانی قەرەبوونەکراویان بە پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان گەیاندوە.

هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دابینبوونی مافی چارەنووسی کورد لە هەر بەستێنێک‌دا، چ لە بەستێنی سیاسی و دیپلۆماسی، چ لە بەستێنی هزری و کولتووری‌دا، بێ وەبەرچاوگرتن و قبووڵکردنی ئەم دوو ڕاستی‌یە تاڵە، ئاکامێکی سەرکەوتووی نابێ. جۆگرافیای سیاسی و ئەم دابەشبوون و دابەشکرانەی کوردستان و نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتانی ناوچەدا، سروشتێکی دژوار و ئاڵۆزی داوە بە پرسی کورد. سروشتێک کە لە هێزە سیاسی‌یەکان و ڕیبەران و نوێنەرانی سیاسیی کورد دەخوازێ لە لایەکەوە شارەزای هەلومەرجی سیاسی و هاوکێشە سیاسی‌یە ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکان بن، لە لایەکی دیکە زانست و زیرەکیی قۆزتنەوەی دەرفەتەکان و یاریکردن بە کارتە جۆراوجۆرەکانیان هەبێ و لە نێو گێژەنی ململانێ ناوچەیی و جیهانی‌یەکان‌دا، ڕێی خۆیان ون نەکەن. دیارە بە هۆی بە دەوڵەتنەبوون و نەبوونی پێگەیەکی هاوشانی نەتەوەکان و وڵاتانی دیکە، یاری کردنی ڕێبەران و هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە گۆڕەپانێکی ناوچەیی و نیودەوڵەتی‌دا، زۆر دژوارترە. جا ئەگەر هێزە سەرەکی‌یەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی‌دا، تەبایی و هاوکاریشیان نەبێ و لەسەر نەخشە ڕێگا و ئامانجە سیاسی‌یەکان، یەکگرتوو و هاوکار و هاوپشت نەبن، یاریکردنەکە بە تەواوی دژوار و ناسەرکەوتوو دەبێ. لە ئێستادا زاڵبوونی ئەم دۆخە بە سەر پرسی کورددا دەبینین.

**«دەردەکورد» چیە و چۆن دەتوانین بەرەوڕووی بینەوە؟**

لە ئەدەبیاتی سیاسی و نەتەوەیی ئێمەی کورددا لەمێژ ساڵە دەستەواژەیەک جێی خۆی کردوەتەوە و بووە بە ناوی دیاردەیەکی زیانبار. ئەم ناوە، ئەم دەستەواژەیە، «دەردەکورد»ە. «دەردەکورد» داننانە بە بوونی نەخۆشیی وێکهەڵ نەکردن و ملنەدان بۆ هاوکاری لەگەڵ یەکتر. ئەم دەردە بە داخەوە بووە بە بەشێک لە خوو و خدەی تاکی کورد و وای کردوە نەفەسی تاکی کورد بۆ کاری بەکۆمەڵ، زۆر کورت بێ و لەگەڵ سەرهەڵدانی جیاوازیی بۆچوون و سەلیقە، هەروەها لە کاتی قوربانیبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و تایبەتی و هتد لە پێناوی بەرژەوەندیەکی گەورەتردا، بکەوێتە نەحاوانەوە و کێشە سازکردن. ئەم دەرد و نەخۆشی‌یە زیانبارە، بە تێچوویەکی زۆر گەورەتری نەتەوەییەوە لە بیاقی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی و ململانێی حیزبییش‌دا هەیە و هیچمان ناتوانین نکۆڵیی لێ بکەین. هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و لە ئاستی هەموو کوردستان‌دا بە ڕوونی دەرکەوتە و ئاسەوارەکانی ئەم دەردە دەبینین. لە ڕاستی‌دا «نەتەوە» کە گەورەترین یەکە و چەتری لێک کۆبوونەوە و پێکەوە بەستراویمانە، هەروەها ئامانجی ڕزگاریی نەتەوە و سەربەخۆبوونی کوردستان کە گەورەترین و سەرەکیترین خولیا و ئامانجی هەموانمان وەک تاک و وەک گرووپە، لە ئاکامی تەشەناکردنی ئەم دەردە و لە ژێر پێی ململانێی ئەم حیزب و ڕێکخراو و سەرکردە لەگەڵ فڵان حیزب و ڕێکخراو و سەرکردەی‌تردا، بوون بە قوربانی. نەتەوە و ئارمانجی ڕزگاری و سەربەخۆبوونەکەی کە دەبوایە لە سەرووی هەموو ئامانج و بەرژەوەندیەکی تاکەکەسی، هۆزایەتی، ڕێکخراوەیی و ناوچە و دیالێکتێکی تایبەت بن، بەردەوام جێگای خۆیان داوە بە بەرژەوەندە لاوەکی‌یەکان.

ئەگەر بگەینە ئەو تێگەیشتنەوە کە هۆکاری ناکامیی هەتا ئێستای نەتەوەی کورد و ڕزگارنەبوونی لە ژێر دەستی ئەم دەردە بووە، ئامادەش دەبین بۆ دوو پێویستیی گەورە، بۆ دوو بڕیاری ئازایانە لە ئاستی نەتەوەیی‌دا مل بدەین.

پێویستی و بڕیاری یەکەم بریتی‌یە لە خەسارناسیی وردی زیان و دەرکەوتە نەتەوەیی و سیاسی‌یەکانی ئەم نەخۆشی‌یە لە بیاقی جۆراوجۆردا.

دووهەم پێویستی و بڕیاریش، دارشتنەوەی بنەماکانی هاوپەیمانەتی‌یەکی نەتەوەیی و کوردستانی‌یە. هاوپەیمانەتی‌یەک بە دوور لە هێزمۆنخوازیی لایەنێکی دیاریکراو، کە بە هۆی خسڵەتە نەتەوەیی و گشتی‌یەکەی هەم هەموو بەشەکانی کوردستان بە تاک و گرووپەوە، خۆیانی تێدا دەبیننەوە، هەم ئەرکداریان دەکا.

ئەم کۆنفرانسە کە تەرخان کراوە بۆ هزری نەتەوەیی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرسی نەتەوەییمان، دەرفەتێکی باشە بۆ خستنە ڕووی ئەم باسە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە. ئەم وتارە لە درێژەی خۆی‌دا بە ئیلهام وەرگرتن و ئەزموون وەرگرتن لە ڕەهەندەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وردتر لەم دوو پێویستی‌یە دەدوێ.




”کاتێک لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوینە دامەزراندنی پێوەندیی هاوکاری و دۆستانە، ناکەوینە شوێن ئامانجی گەورە و نەتەوەیی، ناکەوینە دوای ڕاکێشانی پشتیوانی و ڕەزامەندیی گشت. بە شوێن دۆزینەوەی پاشکۆ بۆ خۆمان دەگەڕێین، ئەوانە دەدۆزینەوە کە تەنیا حیزبەکەی خۆمان و سەرکردەکەی خۆمان تەئید دەکەن، لەجیاتی ڕێز گرتن لە بڕیار و ئیرادەی خەڵکی ئەو پارچەیە، حیزبیان بۆ دروست دەکەین بۆ ئەوەی بە ناوی ئەو پارچەیەوە، تەئیدی سیاسەت و هەڵویستەکانمان بکا!“

**خەسارناسیی نەخۆشیی دەردە کورد:**

لێرەدا باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دەردە کوردە لە ڕووی سایکۆلۆژی و هتد ناکەم و دەیهێڵمەوە بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە و، تەنیا هەڵبژاردەیەک لە ئاسەوارە سیاسی‌یەکانی ئەم نەخۆشیە ئاماژە پێ دەکەم:

– ئەم دەرد و نەخۆشی‌یە وای کردوە کە نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئامانجی نەتەوەیی لە پێناوی بەرژەوەندیی پارچەیی، حیزبی، عەشیرەیی و تاکەکەسی‌دا بە هاسانی پشتگوێ دەخرێن و لە حیسابات و لێکدانەوە و بڕیارەکان‌دا، وەبەرچاو نایەن.

– پێکهاتنی هاوپەیمانەتی نەک لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی‌دا، بەڵکوو لە ئاستی پارچەیەکی کوردستانیش‌دا، بووە بە شتێکی ناجێگیر و نامومکین.

– زۆر جار هێز و لایەنە کوردەکان، جگە لەوەی ئامادە نین لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی‌دا، بۆ یەکتر تەنازول بکەن و بەرژەوەندیی بچووکی خۆیان بۆ بەرژەوەندیەکی گەورەتر و هاوبەش وەلا بنێن، ئامادەن لەگەڵ ڕێژیمێکی دژ بە کورد و داگیرکەری کوردستان، لە دژی لایەنێکی کوردیی ڕقەبەر، دەست تێکەڵ بکەن.

– دەمارگرژیی تاکەکان و لایەنەکان هەمبەر بە ناوچە و دیالێکت و هۆز و ڕێکخراو و گرووپی تایبەت بە خۆیان، ڕێگر بووە لە پێکهاتن و جێکەوتنی دامەزراوەیی نەتەوەیی و سەرانسەری. بڕواننە چارەنووسی زمانی ستانداردی کوردی، کۆنگرەی نەتەوەیی، هێزی پێشمەرگە و سوپا و ئاسایش و هتد. چ شتێک ڕێگر بووە لە پێکهاتنیان؟

– لە ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی‌دا، هیچ کات نەمانتوانیوە خاوەنی دامەزراوەیەک بین کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەی کورد بکا و هەموو بەشەکانی کوردستان بە نوێنەری قسە و ئیرادەی خۆیانی بزانن.

– ڕقبەڕقە و ململانێی دەمارگرژانە نێوان هێزە سیاسی‌یەکان، وای کردوە ئەو کاتەش کە دەچینە نێو کایەی مێتۆدە دێموکراتیک و ئەمڕۆییەکان، بۆ وێنە دەنگدان و هەڵبژاردن و هتد، یا ناچار دەبین مل بۆ بایەخ و دەسکەوتەکانی دنیای شارستانی و نوێ بدەین، بە سەقەتی دەچینە نێویان و لە جیاتی مشوور خواردن لە خاوێنی و سەرکەوتوویی پرۆسەکان، سەرکەوتنی خۆمان وەک لایەنێکی نێو پرۆسەکە، دەکەین بە ئامانج! ئەویش سەرکەوتن بە هەر نرخێک.

– چونکە نەک بە ئامانجی نەتەوەیی و کوردستانی بەڵکوو بە ڕوانینی پارچەتەوەر و حیزب تەوەر(خۆمان تەوەر) بیر دەکەینەوە و سیاسەت دەکەین، کاتێک لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوینە دامەزراندنی پێوەندیی هاوکاری و دۆستانە، ناکەوینە شوێن ئامانجی گەورە و نەتەوەیی، ناکەوینە دوای ڕاکێشانی پشتیوانی و ڕەزامەندیی گشت. بە شوێن دۆزینەوەی پاشکۆ بۆ خۆمان دەگەڕێین، ئەوانە دەدۆزینەوە کە تەنیا حیزبەکەی خۆمان و سەرکردەکەی خۆمان تەئید دەکەن، لەجیاتی ڕێز گرتن لە بڕیار و ئیرادەی خەڵکی ئەو پارچەیە، حیزبیان بۆ دروست دەکەین بۆ ئەوەی بە ناوی ئەو پارچەیەوە، تەئیدی سیاسەت و هەڵویستەکانمان بکا!

– پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، لەجیاتی ئەوە خزمەت بکا بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لەو وڵاتە کە پێوەندییان لەگەڵ دادەمەزرێنن، زۆر جار بە نرخی سەرپۆش دانان و ئینکارکردنی پرسی کورد لەو بەشە، هەر وەها پێداهەڵگوتن بە ڕێژیمێکی داگیرکەر و ناساندنی وەک دۆست و پشتیوانی نەتەوەیی، بووە. واتە لەسەر حیسابی لاواز کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشێکی دیکە بووە.

**چارە چیە؟**

چارە ئەوەیە:

١– بزووتنەوەیەک و شۆڕشێکی فکری و فەرهەنگی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە نێو ڕەوەندی کوردی‌دا وەڕێ بخرێ بۆ ئەوەی لە ڕووی هزری و لە ڕووی دەروونی‌یەوە باوەڕ بە نەتەوە بوونی خۆمان بێنین و ئەرک و پێویستی‌یەکانی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی ئەم نەتەوەیە بخەینە سەرشانی خۆمان. ئەمە لە پلەی یەکەم‌دا کاری بیرمەندان و ڕووناکبیرانی کوردە.

٢– ئەم ڕاستی‌یە تاڵانە قبووڵ بکەین و هەر کامێکمان چ وەک تاک و چ وەک لایەن، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرەوڕووی ئەم ڕابردوویە ببینەوە و لە بیرکردنەوە و کردار و کاری فکری و سیاسی، لە حیزبایەتی و سیاسەتکردن‌دا لە «خۆمە خۆمە» و «خۆپەرستی» و قوربانیکردنی بەرژەوەندیی گەورە لە پێناوی بەرژەوەندیی بچووکتری خۆمان‌دا، دووری بکەین. پێشمەرجی ئەم کارە قبووڵکردنی بەشێک لە بەرپرسیارەتیی ئەو ڕابردوویە لە لایەن هەر کامێکمانەوەیە. داوای لێبووردنی لایەنە سیاسی‌یەکانە لە نەتەوەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ هەر شەڕێکی نێوخۆیی‌دا، کە هەڵایسێنەر و درێژەدەری بوون. حەرامکردنی ململانێی نابەرپرسانە و شەڕی خۆبەخۆیە، داننانە بە هەڵەکان و کەمتەرخەمی‌یەکانی ڕابردوومان‌دا و دەرس لێوەرگرتنیان.

٣– لە هەوڵی دارشتنی مەنشوورێکی نەتەوەیی‌دا بین کە پێک هاتبێ لەو ئامانج و بنەما و بەرژەوەندانەی پێویستە لای هەموومان، چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، لە هەر بەشێکی کوردستان، جێگای ڕێز بن. مەنشوورێک کە بە هاوبەشیی هێزە سیاسی‌یەکان و نوخبەکانی هەموو بەشەکان ئامادە کرابێ، ئامانج و بنەما و بەرژەوەندیی ئەوتۆ بگرێتە خۆ کە بارودۆخی سیاسیی جیاوازی هەر بەشێک، هەڵکەوتە سیاسی و جۆگرافیەکەیان، زۆری و کەمیی دانیشتوانیان و ڕووبەری خاکەکەیان نەبن بە هۆکار و بیانوویەک بۆ پێشێلکردن و پشتگوێخستنیان. ئەم مەنشوورە نەتەوەییە دەبێ ڕێککەوتنێکی نەتەوەییشی لەسەر بکرێ.

٤– دامەزراوەیەکی نەتەوەییمان پێویستە کە سەرەڕای دابەشکراویی کوردستان و گەمارۆدراویمان بە هۆی وڵاتانی نەیاری سەربەخۆیی کوردستان و پێکهاتنی دەوڵەت و کیانی کوردی، ڕێکخەری هاوکاری و هاوهەنگاویی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بێ. ڕۆڵی هەبێ لە یەکخستنی گوتاری کورد لە کۆڕ و کۆمەڵی نیودەوڵەتی‌دا، هاندەری هاوکاری و هاوپەیمانەتیی هێزە سیاسی‌یەکان هەم لە یەک بە یەکی پارچەکانی کوردستان و هەم لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی‌دا بێ. لەسەر هەموو ئەو پرسانەی گشتین و پێوەندییان بە هەموو نەتەوەی کوردەوە هەیە، ڕێنوێنی و ڕاسپاردە و قسەی خۆی هەبێ.

گومانی تێدا نیە کە هەرێمی کوردستان بە هۆی دانپێدانراویی مافەکانی کورد لە دەستووری عێراق، سەبارەت بە ئەزموونی چەندین ساڵەی بەڕێوەچوونی ئەو بەشەی کوردستان بە هۆی پارلمان و حکوومەتی کوردی، بە هۆی ئەو جێگە و پێگەیەی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی‌دا هەیەتی و بە زۆر هۆی دیکەش، دەتوانێ لە جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی نەتەوەیی گەورەی لەم چەشنەدا، زۆرترین ڕۆڵی هەبێ. بەو مەرجەی کێشە و گرفت و قەیرانە نیوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا. دیارە لێرەش‌دا کلیلی چارەسەری قەیرانەکان، هەر ئەوەیە بە عەقڵیەتی ڕەخنە لە خۆگرتن و بە خۆداچوونەوە، بە ئیرادەی تەنازول بۆ یەکتر لە پێناوی بەرژەوەندەیی گەورەتردا، بە نەفەسی لێبووردەیی و وێکهەڵکردن، بە گیان و ڕوانینی نەتەوەییانە بەرەوڕووی ئاستەنگ و کێشە ئاڵۆزەکان بچین. ئەگینا دانی پێدا بنێین یان نا، نەتەوە و ئامانجی نەتەوەیی، هەر وەک دروشمی هەموو لایەکمان لە کایە سیاسی‌یەکان‌دا دەمێننەوە و گەورەترین قوربانییش، هەر خودی نەتەوە دەبێ.

٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٦

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و پرسی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا

(بەشی یەکەم)



**عەزیز شێخانی**

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ئاستێکی بەرین و لە روانگەی جیاوازەوە تەتەڵە دەکرێن. دەوڵەتەکان بۆ تێگەیشتن لە تاکتیک و ستراتیژیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر و هەروەها دارشتنی رێبازی سیاسی بە رێژەی جیاواز گرینگی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە دەوڵەتە گەورە و جیرانەکانیاندا دەدەن. بە گوێرەی سروشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە وڵاتە خاوەن دەسەڵات و شوێندانەرەکان، کاریگەریی بەرچاویان لەسەر رەوتی رووداوەکان و لە چوارچێوەی سیستمی زاڵی سیاسیدا هەیە. شایانی باسە، کە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزێکی وەک ئەمریکا لەسەر پایەکانی عەقڵانییەتی سیاسی دارێژراوە و درێژمەودایە. بەڕێوەبەر و بڕیاردەرەکانی ئەو وڵاتە، لەسەر بناخەی خوێندنەوەی بابەتیانە و هەروەها لە کاناڵی دامەزراوە یاسایی و خاوەن پێگەکانی وڵاتەکەیان، سیاسەتی دەرەوەیان دادەرێژن. سەرکەوتنی بەربژێریی دێموکراتەکان یان کۆمارییەکان و تەنانەت رێبازی سیاسیی سەرکۆمار و ستافی هاوڕێیان، ژێرخان و پایەکانی سیاسەتکردنی وڵات لێکهەڵناتەکێنێ. هەیکەلی بروکراسی و ئیداریی ئەمریکا و دەوڵەتە دێموکراتەکان چەسپاو و پتەوە و لە رێگای هەڵبژاردن ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێ.

هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئەمریکا و کێبەرکێی نێوان بەربژێرەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. بەستێنی بەگژ یەکداچوونەوەی بەربژێر و پارتە سیاسییەکان و هەروەها تەوژمی دروشم و بەڵێنی بەربژێرەکان سەرنجی بەرچاوی دەخرێتە سەر. ستایل و مێتۆدی هەڵبژاردن، کات و دەرفەتی دەرکەوتن و دەسەڵاتەکانی سەرکۆماری گەورەزلهێزی جیهان، خاڵی زەق و بەرچاوی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەن. ئەگەرچی سەرکۆمار و پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا جیاوازیی کەم و زۆریان لەسەر پرسە نێوخۆیی و دەرەکییەکان هەیە، بەڵام قەوارەی سیاسی و پرۆسەی بڕیاردان لە پاڵوێنەی ناوەند یاسایی و سیاسییەکان دەدرێن و باڵانسیان دەپارێزەرێ. کەس و پارتی براوە، لە دوای هەڵبژاردنەکان بە چاوی کراوەتر دەڕوانێتە رووداوەکان و کفوکوڵی هەڵبژاردن دادەمرکێتەوە. ناوەندە سەرەکییەکانی وڵات و دەزگای ئیداری لە بازنەی سیاسەتی دەرەوەدا، هێڵە ستراتیژییەکانی وڵات لەبەرچاو دەگرن و کفوکوڵی تازەسوارەکانی کۆشکی سپی خاو دەکەنەوە.

لە ژێر تیشکی ئەو خوێندنەوەیەدا، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئێران و زۆر وڵاتی دیکە پڕبایەخ و گرینگە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و جێگرتنی ئاخوندەکان لە قوچەی دەسەڵاتدا، پێوەندیی نێوان ئێران و رۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا هات. پەلاماردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی کارمەند و بەڕێوەبەرانی ئەو باڵوێزخانەیە بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ، لە لایەن قوتابیانی ناسراو بە "خەتی ئیمام» (واتە، رێبازی خومەینی)، سروشتی سیاسیی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی گۆڕی. لە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان و دامەزراندنی نیزامی ئیسلامی (نیزامی دامەزراوە، لەسەر بنچینەکانی شیعەی دوازە ئیمامی) سیاسەتی دوو وڵات بەرامبەر بە یەکتر چەپاوەنەوە بووە. ئەمریکا، لە روانگەی بناخەدانەری کۆماری ئیسلامی ئێران، ناسناوی «شەیتانی گەورە»ی پێدرا. ئاخوندەکان بۆ گەرمکردنی بازاڕی هاتوهاوار دروشمی «مەرگ بۆ ئەمریکا»یان تێکەڵ بە نوێژی هەینیی تاران و هەروەها تێکۆشانی قوتابخانەکان کرد. بەرەکەتی خەرمانی دروشمە زۆر و زەوەندەکانی نیزامی ئاخوندی، دەرفەتی سازانی ئاشکرا و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان ئەمریکای بە تەواوەتی بەرتەسک کردەوە. بەڕێوەبەرانی رێژیمی تاران، رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکایان بە سەرچاوەی مەترسی و کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ناساندوە. ئاخوندەکان بۆ تۆخکردنەوەی سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر بە بەرەی رۆژئاوا، لە پەروەردە و راگەیاندنی فەرمیدا و بە ناوی شۆڕشی کولتووری، تێزی دژایەتی لەگەڵ «ئیستکباری جیهانی»یان بە رێبەرایەتی ئەمریکا داتاشی. ئەندازیارانی نیزامی تاران، لە ئاکامی سیاسەتی بە ناو «ناردنەدەرەوەی شۆڕش» و خوڵقاندنی قەیران و ئاژاوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، پێوەندییەکانیان گەیاندە خراپترین ئاست و نرخی ئەو سیاسەتەیان خستە سەر شانی خەڵکی وڵات.

ئەمریکاییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ئاخوندەکان و پوچەڵکردنەوەی خەونەکانیان، رێبازی پەراوێزخستنی کۆماری ئیسلامیان هەڵبژارد. دارێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەرانی کۆشکی سپی بۆ سەرکەوتن لەو پلانەیاندا نیزامی بەعسی عێراق و دەوڵەتە عەرەبەکانی ناوچەیان لە دژی ئێران تەیارتر کرد و ئێرانیان تەنگەتاو کرد. لە روانگەی کاربەدەستانی ئەمریکاوە، نیزامی حاکم لە ئێران بە مەترسیی گەورە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچە و جیهان پێناسە کرا. پارتە دەسەڵاتدار و سەرکۆمارە جیاوازەکانی ئەمریکا، لە پێناوی رامکردنی کاربەدەستانی ئێران، سیاسەتی «نەرم و زبریان» لە دژی ئەو وڵاتە گرتەبەر. وەبەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان رێژیمی تاران و دەسەڵاتدارانی کۆشکی سپی زۆر قۆناخی بڕیوە. ئێران، سەردەمانێک یەکێک لە وڵاتانی تەوەرەی شەیتانی پێکدەهێنا و بە شڵەژێنەری ئاسایش و ئاشتی ناوچە پێناسە دەکرا. شەڕی ناڕاستەوخۆ و دوژمنایەتیی دوو وڵات بۆ دەرەوەی سنوورەکانیان درێژکراوەتەوە و لە زۆر ناوچەدا سینگیان لە سینگی یەکتر خشاندوە. سیاسەتی خۆتێهەڵقورتاندنی ئێران لە پرسی پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و کەڵکوەرگرتن لە شیعە عەرەبەکانی لوبنان، عەرەبستان، سوریە، عێراق، یەمەن و هتد بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا ئاشکراو و سەلمێندراون. ئاشکرابوونی تێکۆشان و نیەتی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی و وزەی ناوکی،



ئەمریکا و رۆژئاوایی لەگەڵ ئێران زیاتر لێک سووڕاند، بەڵام پاش مشتومڕێکی زۆر ئێرانیان ناچار بە قبوڵکردنی مەرجەکانی رۆژئاوا کرد.

هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دەرفەتی خۆڕانانی ئێرانی زیاتر کرد. بە رووخانی رێژیمی تالیبان و بە تایبەت رێژیمی بەعس لە عێراق، باڵانسی هێزی لە ناوچەدا گۆڕا. ئەگەرچی هێشتا نەخشەی درێژخایەنی هاوکێشەی ئەکتەرە سیاسییەکان بە تەواوەتی دانەڕێژاوەتەوە، بەڵام لەسەر تەختەی شەترەنجی ناوچەکەدا مۆرەکان نەخش و رۆڵی تازە وەردەگرن. ئێران زیاتر لە جاران و بە شێوەیەکی سیستیماتیک لە زۆر ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێگەی بەهێز کردوە. ئاخوندەکان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن، سوریە، عەرەبستانی سەعودی، عێراق، باشووری کوردستان هتد قەیران و بۆشاییەکانیان قۆستۆتەوە و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەکاریان دێنن. لە گۆڕەپانێکی بەرینتردا، ئێران و تورکیە بە سوننەتی کۆن، لەسەر دوارۆژی ناوچە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ئاستی جیاوازدا لە کێبەرکێدان. ئەوان شەڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە هێزە کوردی و ناوچەییەکانی دیکە ئەسپاردوە و بە وردی چاوەدێری بارودۆخەکە دەکەن. لەو گەمەیەدا ئێران خۆی لە بەرەی رووسیەدا دەبینێ و تورکیەش بۆ قورسکردنی تای بەرژەوەندییەکانی لە نێوان ئەمریکا و رووسیەدا جۆلانەی دیپلۆماسی دەکا.

پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای هەڵبژاردنەکانی پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا، لە بەردەم چەند ئەگەر و بژاردەیەکی کراوەدان. فاکتەرە گەورە نێوخۆییەکان لە ئەمریکا و ئێران و هەروەها رووداوە چارەنووسسازەکان لە رەوتی ئیدارە و سیاسەتدا بە رێژەی جیاواز لەسەر ئاسۆی پێوەندییەکانی دوو وڵات کاریگەرن. ئاشکرایە، کە دوو وڵاتی ئاماژەپێکراو لەسەر زۆر بابەت و رەهەند ناکۆک و ناتەبان و بە ئاسانی کەندوکۆسپە گەورە و ریشەداکوتاوەکانی بەردەم ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەنێو ناچن. چاککردنی ژینگەی سیاسەت و بڕیار، کولتووری ئیدارە و یەکترخوێندنەوە، خاوێنکردنەوەی پاشخانی نیزیک بە ٤٠ ساڵ پێوەندی دژبەرانە و هەروەها خۆپاراستن لە روشکانی سیاسی دەوڵەت و نیزامەکان، لە خاڵە گرینگ و بەرچاوەکانی رەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییە هەمەلایەنەکانی ئەمریکا و ئێرانن. ئاڵوگۆرە ناوچەیی و نێوخۆییەکان بە تەوژم و رێژەی جیاواز، لەسەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان کاریگەرن. وانەکانی دیپلۆماسی دەیسەلمێنن، کە چاککردنەوەی پێوەندی نێوان وڵاتە دژبەرەکان پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە گۆڕانی تێڕوانین و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دوو وڵاتە. شایانی باسە، کە ئەگەر ستراتیژی پێوەندییە دەرەکییەکانی دەوڵەتان، لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژی ناعەقڵانی دارێژرابێ، بێگومان ناتوانێ خۆی لە لۆژیکی خۆگونجاندن ببوێرێ.

ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پرسێکی درێژخایەنە. ئاخوندەکان بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتوە، کە لەو دۆخە شڵەژاوە زیاتر سوود وردەگرن و ناخوازن روشکێنی بەردەم خەڵک و وڵاتان بن. بە تێگەیشتنی بەرەی دەسەڵاتداری ئێرانی، کەڵکوەرگرتن لە قەیرانە ناوچەییەکان و درێژەدان بە دروشمەکان، باشترین خۆراکی سیاسیی رێژیمە. ئاخوندەکان دەزانن، کە بە ئاساییبوونەوەی پێوەندیی ئێران و ئەمریکا، پرسە نێوخۆییەکان رێڕەوێکی دیکە وەردەگرن و ئەوان چارەنووسی نیزامی پاشایەتیان لەبەرچاوە. داخراوبوون و رەچاوکردنی سیاسەتی پێچەوانە، رێژیم و دەسەڵاتدارەکانی، لە زۆر نۆرم و یاسای نووسراو و نەنووسراو دەپارێزێ. لە بەرامبەردا، کرانەوە و گرتنە پێشی سیاسەتی عەقڵانی، پەرێزی پیسی دەسەڵاتدارە ئێرانییەکان زیاتر دەردەخا. لە بەر ئەو هۆکارە، خامنەیی هاوشێوەی خومەینی، ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا بە مەترسی بۆ سەر سروشتی نیزام دەزانێ. ئێران خوازیارە لە قۆناخی سەرەتادا پێوەندییەکان لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ئێراندا، لەسەر پرسی رێککەوتننامەی ناوکی و هتد برەویان پێبدرێ، کە کۆنترۆڵکراو و رێگەپێدراوە و رێژیمی تاران لە رووشکان دەپارێزێ.

بەربژێرەکانی پۆستی سەرکۆماری لە ئەمریکا بە شێوەیەکی جیاواز دەڕواننە تاران و کۆی وێنەی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هیلاری کلینتۆن، وەک بەربژێری دێموکراتەکان بە پارێزەوە لە رێککەوتننامەی ناوکی دەڕوانێ و لە ئێران نیزیک دەبێتەوە. ناوبراو بەو مەرجە ئامادەیە پشتگیری لەو پێوەندییانە بکا، کە ئێران رێزی تەواو لە رێککەوتننامەکە بگرێ. لە روانگەی کلینتۆن، کێشە و گرفتی نێوان دوو وڵات بناخەیین و دەرگاکان بە ئاسانی ناکرێنەوە. کلینتۆن لە سیاسەتی لۆکاڵی و جیهانیدا خاوەنی تەجرەبەیە و هەوراز و نشێوەی کەندوکۆسپەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی تاموچێژ کردوە. ناوبراو لە پۆستەکانی سێناتۆری و وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا ئەرکی راپەڕاندوە، کە بە پێخۆری سیاسەت بۆ کۆشکی سپی پێناسە دەکرێ. کلینتۆن ناخوازێ بە پەلەپڕووزە بکەوێتە داوی بڕیار و رووداوەکان و لەگەڵ نیزامی ئێران بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکا.

دۆناڵد ترامپ و کۆمارییەکان بە شێوەیەکی گشتی دژایەتیی خۆیان بۆ رێککەوتننامەی تایبەت بە بەرنامەی ناوکی ئێران و وڵاتانی دیکە راگەیاندوە. بە دەربڕینی ناوبراو، ئەمریکا لەو سیاسەتەدا زەرەری کردوە و ئێران و باقی وڵاتانی رۆژئاوایی زیاتر قازانجیان کردوە. ترامپ لەو پرسەدا وەک بەربژێری کۆمارییەکان و سوننەتی کاری ئۆپۆزیسیۆن، لە رێککەوتننامەکە دەڕوانێ. ناوبراو، لەو پێوەندییەدا رایگەیاندوە، کە ئەگەر پۆستی سەرکۆماریی وڵات بباتەوە رێز لەو رێککەوتننامەیە ناگرێ. شایانی باسە، کە ترامپ لە گۆڕەپانی ئابوریی و بازرگانیدا زیاتر کاری کردوە و لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسیدا هێشتا تۆمارێکی کورتی هەیە. دۆناڵد لە ماوەی چەند دەیەی رابردوداو بە رێژەی جیاواز لە دوو پارتی سەرەکی وڵات نیزیک و دوور کەوتۆتەوە، بۆیە چوونی ناوبراو بۆ کۆشکی سپی ستایلێکی تازە تێکەڵ بە سیاسەتی ئەمریکا دەکا، کە رەنگە دۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکە بۆ بەرپرسانی ئێران بخوڵقێنێ.

درێژەی هەیە

## چەند هەواڵی جیهانی

### ترامپ هەڕەشەی لە ئێران کرد

دوناڵد ترامپ بەربژێری کۆماریخوازەکان لە تویتێری خۆی بە بێ ئاماژە بە ناوی باقر و سیامەک نمازی، دوو ئەمریکایی ـ ئێرانی نووسی: ئێران دیسان کاری خۆی کرد. بە بەندکردنی دوو کەسی دیکە دەیهەوێ باج لە ئەمریکا وەربگرێ.

ناوبراو کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وریا کردەوە کە ئەگەر وەک سەرکۆمار هەڵبژێردرێ هیچ باجێک بەو وڵاتە نادا و هیچ بابەتێکی دیکە لەم پێوەندییەدا دووپات نابێتەوە.

هەروەها ناوبراو وێڕای مەحکوومکردنی دەسبەسەرکراوانی ئەم دواییانەی ئێران گوتی: کۆماری ئیسلامی باش ئەوە بزانێ لەمەو بەدوا ئەم جۆرە باج وەرگرتنانە دووپات نابێتەوە و بە توندی رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ.

### درێژکردنەوەی قانوونی گەمارۆکانی دژی ئێران دەخرێتە دەنگدان

هەواڵدەریی رۆیتێرز لە راپۆرتێکی تایبەتیی خۆیدا رایگەیاند کە رێبەرانی کۆماریخوازی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا قەرارە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ یاسایەک بە مەبەستی درێژکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بخەنە پرۆسەی دەنگدان.

ئەم یاسایە رۆژی٣١ی دیسامبر بەسەر دەچێ و یەکێک لە کارە ناتەواوەکانی ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا پاش گەڕانەوەیان بۆ واشنگتۆن لە رۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر و هەروەها پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، دەنگدان بەم قانوونە دەبێ.

هاوکارانی کۆنگرە گوتوویانە ئەم قانوونە لە مەجلیسی نوێنەران پەسند دەکرێ بەڵام چارەنووسی لە سەنای ئەمریکا هێشتا ناڕوونە.

قانوونی گەمارۆکانی ئێران ناسراو بە «ئای، ئێس، ئی» بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٦ بۆ سزادانی سەرمایەگوزاری لە کەرتی پیشەسازیی وزەی ئێران و بە مەبەستی رێگریکردن لە ئێران لە بەردەوامی بەرنامەی ناوکیی ئەم وڵاتە جێبەجێ کرا.

### رووسیە لە شووڕای مافەکانی مرۆڤ وەلانرا

کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوایین هەڵبژاردنیدا وڵاتی رووسیەی لە شووڕای مافەکانی مرۆڤ وەلانا. مۆسکۆ بەهۆی کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە سوریە و جینایەتی شەڕ دەنگی متمانەی نەهێنایەوە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی ئاسۆشیتێدپرێس، رووسیە لە دەنگدانی نوێی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١١٢ دەنگی هێنایەوە و کورسیەکەی بۆ وڵاتی مەجارستان بە ١٤٤ دەنگ و کرۆواسی بە ١١٤ دەنگ بەجێ هێشت.

### حوکمی ٢٠ ساڵ زیندان بۆ محەممەد مورسی بڕایەوە

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی رۆیتێرز، رۆژی شەممە دادگایەکی وڵاتی میسر حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ محەممەد مورسی، سەرکۆماری پێشووی وڵاتەکەی بە تۆمەتی کوشتنی ناڕازییان لە ساڵی ٢٠١٢ بڕیەوە.

بەپێی نووسراوەی رۆیتێرز، ئەمە یەکێک لە چوار حوکمەکەی ناوبراوە کە دژی مورسی دەرکراوە و، رەوتی دادگایی کردنی ناوبراو تەواو بووە و تەئیدیش کراوە و مافی ناڕەزایەتی دەربڕینیشی نییە.

کوردستان ژمارە: ٦٩١ • رۆژنامەی

# کێشە و ئارێشەی زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ئێراندا



**ئێحسان فەتاحی**
**و: تەهای رەحیمی**

١/ بەرپرسە بەکرێگیراو و ئەشکەنجەدەرەکانی زیندان، زۆر بۆ ئەو زیندانیانە دێن، کە جلوبەرگێک لەبەر بکەن نەخۆشییان پێوەیە. ٢/ ئازار و ئەزیەتی بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان ٣/ نەبوونی رۆژنامە و کتێب لە زیندان و گرتووخانەکان ٤/ مردنی زیندانییەکان لە زینداناندا، بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکانیان چارەسەر ناکرێن ٥/ ئازار و ئەزێتی روحی و جەستەیی زیندانییە سیاسییەکان ٦/ لە بواری پزیشکییەوە بە زیندانییەکان راناگەن ٧/ نووسینی نامە و گلەیی زیندانییەکان بۆ دامەزراوە نێونەتەوەییەکان ٨/ پشتڕاستکردنەوەی حوکم نامرۆییانەی ئیعدامی زیندانییە سیاسییەکان ٩/ مان لە خواردن گرتنی زیندانییە سیاسییەکان ١٠/ قورقوشمی بەندەکانی زیندان ١١/ هێرش کردنە سەر ماڵی بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان ١٢/ نەبوونی کەلوپەلی پێویستی ساغ و سلامەتی ١٣/ کەم بوونی سەرچاوەکان ١٤/ نەبوونی دەوا و دەرمانی گونجاو و پێویست ١٥/ ئەشکەنجە و ئازار جەستەیی و روحی زیندانییەکان ١٦/ تێکەڵ کردنی زیندانییە سیاسییەکان لەگەڵ ئەو گیراوانەی نەخۆشی دەروونی و ئایدزیان هەیە ١٧/ دەستڕانەگەیشتنی زیندانییەکان بە تەلیفون، یان پچڕاندنی قسەکانیان لە کاتی تەلیفون کردندا ١٨/ قەدەخەی سەردان و چاوپێکەوتنی زیندانییەکان ١٩/ سووکایەتی کردن بە ئایینزا و بیروبۆچوونی زیندانییەکان ٢٠/ ناچارکردنی زیندانییەکان بە دانپێدانانی زۆرەملی و سەدان کێشە و ئارێشەی دیکە، کە هێندێکیان دەخەینە بەر باس.

**بارودۆخی خواردن: کەمبوونی سەرچاوەکان، کوالیتی نزم**

خواردنی زیندانییە سیاسییەکان وەک خواردنی بەندەکانی دیکەی زیندانی گشتی نییە، خواردنێکی زۆر خراپە، هەم لە بواری ئەو دانەوێلە و شتانەی پێی لێ دەنێن کە جاری وایە شتی ماوە بەسەرچوون و خواردنیان ژەهراویت دەکەن، هەمیش ئەو بەرنامە خواردنەی بۆ زیندانییە سیاسییەکان لەبەرچاو گیراوە، وزەیەکی بەهێزی تێدا بەدی ناکەی و زۆربەی خواردنەکان بریتین لە پەتاتە و دانەوێلە و گۆشت (هەر چەند زۆر خراپ) کە تاقە چەند چنکێکی تێ دەکەن، هەر بۆیە زۆربەی زیندانییەکان ناچارن خۆیان خۆیان بەخێو بکەن و بە فرۆشگای بەند تێر بخۆن، فرۆشگاش وڵامدەری ئەو ژمارە زیندانییە نییە و بۆیە زیندانییەکان ناچارن بەو خواردنە خراپەی زیندان بیگوزەرێنن. ئەو کەسانەی لە بەندی زیندانییە سیاسییەکان زۆر باش نین، ناچارن بە چەندین کاتژمێر لە ریزی فرۆشگادا بۆ دابینی خواردن راوەستن. زۆر جارانیش فرۆشگا کێشەی سنووردارکردنی شت کڕین دەخاتە بەردەم زیندانییانەوە، کەچی ئەوان بەهۆی خراپی خواردنەوە دەبێ پیویستییەکانی خۆیان لەوێ بکڕن. جگە لەوەش فرۆشگاکان خاوەن بەرنامەیەکی کرانەوەی رێکوپێک نین و زۆر جاران بەرپرسانی زیندان بۆ گوشار خستنە زیندانییە سیاسییەکان، بە چەندین رۆژ فرۆشگاکان دادەخەن، بۆ وێنە ساڵی پار کاتێ زیندانییەکان بە نیشانەی نارەزایەتی خواردنی زیندانیان نەخوارد، بۆ ماوەی سێ رۆژ تەواو دەرکی فرۆشگا گاڵە درا.

**دۆخی لەشساغی: پیسبوونی ژینگەی زیندان، نەخۆشییەکان زۆر ئاسان بڵاو دەبنەوە**

نزمبوونی ئاستی باری لەشساغی و ئاسان بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و هەروەها پەتوو و نوێن و بانی خەوی زیندانییەکانیش بەگشتی پیسن.

ئاودەست و شوێنی شوشتنی قاپ و قاچاخ لە شوێنێکە بەڕاستی نەگونجاو و ناخۆش کە لە بواری پاکوخاوێنییەوە تەواو نەشیاوە.

بەرپرسانی زیندان بۆ خاوێنکردنەوەی رێڕەوکان، شوێنی پشووگۆڕین، ئاودەستەکانی زیندان، کار بە زیندانییەکان دەکەن، کە ئەمەش خۆی جۆرێک بێگاری کردنە بە زیندانییەکان. سەرەڕای ئەوەش سیستم و کەرەسەگەلی پاکوخاوێنی بەتەواوی رزیو و کۆنن کە ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی کێشە و ئارێشە بۆ لەشساغی.

دەوا و دەرمان: دەستپێڕاگەیشتنی سنووردارە، بەکاتی خۆی پێڕاگەیشتن نییە

زۆربەی زیندانیان بەهۆی گووشاری جەستەیی و روحی قووڵی قۆناخی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە، تووشی نەخۆشی و نارەحتی جەستەیی هاتوون، لە بەندی زیندانییە سیاسییەکاندا شوێنێک بۆ بەکارهێنانی دەوا و دەرمان لە لایەن زیندانییەکانەوە نییە و سرویسی پزیشکیش بوونی نییە و ئەگەر نەخۆشییەک هەبێ دەبێ روو لە بێهداری زیندان بکرێ. گواستنەوەی زیندانییەکانیش بۆ بێهداری و دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتنی پزیشکیش کێشە و ئارێشە و بەرتەسکییەکی زۆر لەبەرە، بە چەشنێک هەموو رۆژێ لەو دان، هەموویان سەر بە توێژی هەڵکەوتە و ئیلیتی کۆمەڵگەی ئێرانن کە تەنانەت خواردنی باشیشیان چنگ ناکەوێ و کاتێ بنەماڵەکانیان رووماى لەڕ و داچۆڕاوی خۆشەویستانیان لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا دەبینن، سەبارەت بە پێڕانەگەیشتن بە لانیکەمی بابەتەکانی ژیانیان رەخنە دەگرن. چونکی پێیان وایە لانیکەم دەبێ دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسێ کە لە فرۆشگا پێویستییەکانیان دابین بکەن.

هەروەها ئەو زیندانییانەی کە زۆربەیان بەهۆی هەلومەرجی نالەباری قۆناخی لێپێچینەوەکان لە بواری سلامەتییەوە هەمووە زیندانییە سیاسییە بەندی ٣٥٠ی ئێڤین کەمتر لە ١٠ کەس ئیزنیان پێ دەدرێ بچنە بێهداری کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک زیندانی کە پێویستە دەسبەجێ دەرمان بکرێن، یان پێویستیان بە دەرمانی ئازارشکێن یا دەرمانی تایبەت هەیە ماوەیەکی زۆر لە چوون بۆ بێهداری و بەکارهێنانی سرویسی دەرمانی بێبەش بن. زۆربەی کاتان زیندانییەکان دەگەڵ ئەوەی پیویستییەکی زۆریان بە دەرمانی دەمودەست هەیە، بەڵام لە دەرمان و پزیشک بێبەش دەبن. بۆ وێنە زۆر جار رووی داوە زیندانییەکی سیاسی نەخۆش کەوتووە و پێویستی بە چارەسەری دەسبەجێ هەبووە، بەڵام بەرپرسانی زیندان خۆیان لە ناردنی بۆ بێهداری بواردوە. ئەوان پێیان وایە تەنیا کاتێک دەبێ بنێردرێنە بێهداری کە لەخۆ بچن. ئەو رەوتە لە رەشەممەی ساڵی ٨٧ دا مردنی ئومیدرەزای میرسادقی لە بەندی حەوتی زیندانی ئێڤینی لێکەوتەوە، وێبلانووسێکی لاو کە دوو ساڵ و نیوی درابوویە و لە ئاکامدا لە زینداندا بەهۆی گوشاری کارەساتباری زیندان ئەو لاوە گیانی لە دەست دا.

**بارودۆخی جەستەیی هەندێک زیندانی سیاسی جێی نیگەرانییە**

لەسەر رەوشی لەشساغی و بواری دەروونی زیندانییە سیاسییەکان رۆژ بە رۆژ راپۆرتی نیگەرانکەر بڵاو دەبێتەوە و تووشبوونی هەندێک زیندانی بە نەخۆشی جۆراوجۆری دڵ و مێشک و چاو، وەک زێنەب جەلالیان، نیشانەیەکی روونە لە گوشاری قۆناخی دەسبەسەربوونیان لە گرتووخانەکان. دەبێ لیستەیەکی دوورودرێژ لە ناوی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسبەسەر لە شارەکان و پارێزگاکان بە زێنەبەوە زیاد بکەین کە بەئانقەست و بەهۆی نەناسراوییان لەژێر گوشاری دووبەرانبەر دان.

سەرەڕای ئەو نیگەرانییە روو لە زیادبوونانە لەسەر بواری لەشساغی زیندانییە سیاسییەکان، بەرپرسانی دادوەری و ئەمنییەتی تا ئێستاش هیچ هەوڵێکیان بۆ گۆڕینی رەوتی زاڵ ئەنجام نەداوە، بەڵکوو بە درێژنەکردنەوەی مەرەخەسی هەندێک زیندانی نەخۆش، نیگەرانییەکانیان لەسەر لەشساغی ئەوان چەند بەرببەر کردوە. ئەو هەلومەرجەیە کە هیوای بە هەر جۆرە کارتێکەریی و کردەیی بوونی گەلاڵەکانی وەک پشکنینی گرتووخانەکانی وڵاتی بڕیوە و ئەو گومانەی بەهێز کردوە کە دامودەزگەی دادوەری و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی تەواو بە ئانقەست و سیستماتیک بەردەوام مافی زیندانییەکان پێشێل دەکا.

**گوێ نەبزووتن بە قانوونەکان**

بەگوێرەی ماددەی ٢٥ی ستانداردەکانی رەفتار لەگەڵ زیندانییەکان کە لە یەکەمین کۆنگرەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەدێری بەرگری لە تاوان و رەفتار لەگەڵ تاوانباران لە ساڵی ١٩٥٥ لە ژنێڤ گیراوە «پزیشکی زیندان بەرپرسی چاوەدێری لەشساغی جەستەیی و روحی زیندانییە. پزیشک دەبێ هەموو رۆژێ سەردانی نەخۆشەکانی و ئەو کەسانە بکا کە دەڵێن نەخۆشن، هەروەها کۆنترۆڵی ئەو کەسانەش بکا کە خۆی گومانی هەیە ئەو نەخۆشییانەیان گرتبێتەوە،» بەندی دوویەمی ئەو ماددەیە روونی دەکاتەوە کە «هەر کاتێک پزیشک دیاری کرد بارودۆخی جەستەیی یان دەروونی زیندانییەک بەهۆی بەردەوامی و یان شێوازێکی تایبەتی زیندانی بوون زیانی پێگەیشتووە یان زیانی پێدەگا، لەسەری ئەرکە راپۆرتێک بنووسێ و بیدا بە بەرپرسی زیندان.»

لە قانوونە نێوخۆییەکانی ئێرانیشدا لەسەر لەبەرچاوگرتنی بواری لەشساغی زیندانییەکان لە ماددەی ١٠٢ی ئاییننامەی بەڕێوەبەری زیندانەکان و هەنگاوە دابینی و پەروەردەییەکانی وڵاتدا هاتوە کە «بێهداری زیندان ئەرکێتی لانیکەم مانگێ جارێک هەموو زیندانییەکان تێست و چێک ئاپی پزیشکی بکا و ماددەی ١٠٣ی هەمەن ئاییننامەش چارەسەری و چوونە دەرەوەی زیندانی لە زیندان بۆ چارەسەری پزیشکی بە پشتڕاستکردنەوەی بێهداری زیندان و ئیزنی دادوەری چاوەدێر دەبەستێتەوە، ، بەو حاڵەوە کارکردی بەرپرسانی دادوەری وەک سەرپەرشتیارانی زیندانییەکان، لەمەڕ ئەوان پڕە لە پێشێلی مافی قانوونی زیندانییەکان. ..

١١ل





«لەسەر رەوشی لەشساغی و بواری دەروونی زیندانییە سیاسییەکان رۆژ بە رۆژ راپۆرتی نیگەرانکەر بڵاو دەبێتەوە و تووشبوونی هەندێک زیندانی بە نەخۆشی جۆراوجۆری دڵ و مێشک و چاو، وەک زێنەب جەلالیان، نیشانەیەکی روونە لە گوشاری قۆناخی دەسبەسەربوونیان لە گرتووخانەکان»

## رۆژهەڵاتی ئێران

# «تەرمیم»ی کابینە بۆ ٥ ساڵ!



**حەسەن شێخانی**

تەرمیمی کابینەی روحانی بۆ کۆمەڵگەی ئێران و چالاکانی سیاسی شتێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو نەبوو. لەمێژ بوو باسی دەکرا و تەنانەت هەندێک جار دەبوو بە باسی گەرمی راگەیەنە نارەسمییەکانی ئێرانیش. بۆ نموونە بەهاری ئەمساڵ ئەو باسە بە گەرمی لە ئارادا بوو و ئەو ئەگەرە بەهێز بوو کە حەسەن روحانی کابینەکەی تەرمیم بکا، بەڵام ئەوکات نەکرا و ئەگەر هەڵە نەکەم دەوڵەتی روحانی لە زاری وتەبێژی دەوڵەتەوە حاشای لەو پرسە کرد. لە لایەکی دیکە تەرمیمی کابینە وەک داخوازییەک لە لایەن رەوتە سیاسییەکانی نێو سیستمەوە لە ئارادا بووە؛ دیارە بە هۆکار و ئامانجی جۆراوجۆر و، هەرکام لەوان داخوازیی گۆڕینی وەزیری وەزارەتگەلێکی دیاریکراویان دەکرد.

گۆڕینی وەزیران و تەرمیمی کابینە دیاردەیەکی ئاسایییە و نەک تەنیا لە ئێران بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی دیکەش تەرمیمی کابینە لە ماف و دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار یان سەرۆکی دەوڵەتانە کە ئەگەر بە پێویستیان زانی، لە چوارچێوەی رێوشوێنی دیاریکراودا ئەو کارە ئەنجام بدەن. دەکرێ پرسیار بکرێ کە زەرووڕەتی گۆڕینی ئەو وەزیرانەی کابینەی روحانی لە چیدا بوو؟ بۆچی روحانی لە کاتێکدا کەمتر لە ٧ مانگی بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران ماوە، ئەو کارەی کرد؟ بۆ پێشتر کابینەی تەرمیم نەکرد؟ ئایا ٧ مانگ ماوەیەکی زۆر کەم نییە بۆ ئەوەی وەزیرێک بتوانی ستراتیژ و پلانەکانی خۆی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە و کارنامەیەکی دیاریکراو بخاتە روو؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە لەم گۆشەیەدا لەسەریان دەوەستم.

دوای هەڵبژێرانی حەسەن روحانی بە سەرکۆماری لە ساڵی ٩٢دا، بە هۆی پێکهاتەی بناژۆخوازی مەجلیسی ٩، ژمارەیەک لە بەربژێرە پێشنیارکراوەکانی بە مەجلیس، نەیانتوانی دەنگی متمانەی مەجلیسی نۆیەم بە دەست بێنن و ببنە وەزیر؛ بۆیە روحانی مەجبور بوو کە لە ئەولەوییەتەکانی دووهەم و سێهەم و هتدی بۆ دانانی وەزیر لە وەزارەتەکانی جێی ئاماژە کەڵک وەرگرێ. بەم هۆیە دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەیەم لە ٧ی رەشەمەی ٩٤دا و گۆڕانی پێکهاتەی مەجلیسی ١٠ بە قازانجی دەوڵەت، چاوەڕێ دەکرا کە روحانی ئەو وەزیرانەی کە عەمەلکردێکی سەرکەوتوویان لە ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵی رابردوودا نەبووە، بگۆڕێ و بەربژێرە دڵخوازەکانی لە جێگەیان دانێ. چالاکانی سەربە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخوازیش کە رەخنەیان لە عەمەلکردی هەندێک لە وەزیرەکان هەبوو دەیانگوت ئێستا کە ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لە نوێنەرانی مەجلیس، میانەڕۆ و ریفۆرمخوازن و نێوانی مەجلیسی دەیەم و دەوڵەت زۆر باشترە، کاتی ئەوەیە روحانی دەست بکا بە تەرمیمی کابینە و کاندیدا دڵخوازەکانی لە جێگەی وەزیرە لاوازەکان دابنێ. بەم پێیە بوو کە لە بەهاردا ئەو باسە بە گەرمی هاتە ئاراوە. دوای دەست لەکارکێشانەوە یان ناچارکردنی ٣ وەزیری وەزارەتەکانی پەروەدە و فێرکردن، فەرهەنگ و ئیرشاد و، وەرزش و لاوان، بە دەست لەکارکێشانەوە، ئەو رەخنەیە لە دەوڵەت دەگیرا کە دەبوو زووتر کابینەی تەرمیم کردبا و نەدەبوو ئەوەندە وەدرەنگی بخا. میانەڕۆکان لەگەڵ ئەوەی کە بە زۆری پشتیوانییان لەو کارەی دەوڵەت کرد بەڵام پێیان وا بوو دەبوو دەوڵەت زووتر وەخۆ کەوتبا؛ هەروەها بەشێکیشیان پێیان وایە کە دەوڵەت نابێ هەر بەوەندە قەناعەت بکا و دەبێ بازنەی تەرمیم بەربڵاوتر بکا و گۆڕانێکیش لە تیمی ئابوورییەکەیدا بێنێتە ئارا.

سەبارەت بەوەی کە پێویستیی گۆڕینی ئەو سێ وەزیرە لە چیدا بوو دەبێ بە جیا باسی هەرکامێکیان بکەین؛ وەزیری فەرهەنگ و ئیرشاد لە لایەن باڵی بناژۆخواز و باشترە بڵێین لە لایەن ناوکی ئیدئۆلۆژیکی سیستمەوە لە ژێر زەختدا بوو و بەوە تۆمەتبار دەکرا کە دەرەتانی بۆ چەشنێک بەرەڵایی فەرهەنگی رەخساندووە. عەلی جەننەتی لە ژێر ئەم فشارانەدا دەستی لە کار کێشایەوە و روحانیش وەک دەگوترێ بە ئامانجی نزیک بوونەوە لە بناژۆخوازەکان و بەدەست هێنانی پشتیوانیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٩٦دا، دەست لەکارکێشانەوەکەی قبووڵ کرد. دیارە ئەو لێکدانەوەیە وەختێک راست دەردەچێ کە وەزیری تازە، موحافیزەکارتر بجووڵێتەوە. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر دوو وەزیرەکەی دیکە، ئەوان عەمەلکردێکی سەرکەوتوویان لە بوارەکەی خۆیاندا نەبوو. بەتایبەت وەزیری پەروەردە و فێرکردن پێشتر ٤ کارتی زەردی لە لایەن مەجلیسەوە پێدرابوو و قەرار بوو لە داهاتوویەکی نزیکدا لە مجلیسدا پرسیار و لێپرسینەوەی لێ بکرێ کە مەعلووم نەبوو بتوانێ دیسان دەنگی متمانەی مەجلیس بەدەست بێنێتەوە. روحانی بە وادار کردنی ئەو دوو وەزیرە بە ئیستعفا، ویستی دەستی خۆی رەپێش بخا و هەنگاوێک بۆ بەهێزکردنی مودیریەتی ئەو دوو وەزارتخانەیە هەڵێنێتەوە کە ئەمەش لە ٧ مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ٩٦دا، رەنگ و بۆیەکی هەڵبژاردنیشی هەیە.

روحانی لەبەر ئەوەی کە وا پێشبینی دەکا لە هەڵبژاردنەکانی ٩٦دا رەقیبێکی جیدی لە نێو ئوسوولگەرکاندا نیە و لە لایەن بەرەی میانەڕۆ و ریفۆرمخوازیشەوە پشتیوانی لێ دەکرێ، بەم هۆیە بۆ خولی دووهەمیش دەبێتەوە سەرکۆمار. روحانی لە لایەک دوای گۆڕانی تەرکیبی مەجلیسی ١٠ و زۆر بوونی لایەنگرانی دەوڵەت لە مەجلیسدا، سێ بەربژێری بۆ پڕکردنەوەی جێی سێ وەزیرە دەست لەکارکێشراوەکە، بە مەجلیس ناساند کە لە ساڵی ٩٢دا مەجلیسی نۆیەم دەنگی متمانەی پێ نەدابوون. لە لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی کە روحانی پێشبینی دەکا کە بۆ جاری دووهەمیش ببێتەوە سەرکۆمار، ئەگەر ئەو وەزیرە تازانە لەم ماوەیە تا هەڵبژاردن، کار و هەوڵی قابیلی قبووڵیان هەبێ، هیچ دوور نیە کە جارێکی دیکەش کاندیدیان بکاتەوە. بەم شیکارییە، بە واتایەک روحانی ئەو سێ وەزیرەی بۆ ٥ ساڵ هەڵبژاردووە نە ٧ مانگ. بەم شرۆڤەیە کە، ئەو رەخنەیە کە روحانی نەدەبوو ٧ مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردن، کابینەی تەرمیم کردبا، کاڵ دەبێتەوە.

# دەوری ئاڵوگۆڕی سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی لەسەر هزری دوکتور قاسملوو

**( ڕەچەڵەکناسی هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو)**



**شاهۆ حوسێنی**

**سەرەتا:**

بێگومان مرۆڤ بەرهەمی ئەو چاخ و کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی و ناتوانێ خۆ لە هێژمۆنی تایبەتمەندی‌یەکانی چاخی و کۆمەڵایەتی دەرباوێ، چاخ و کۆمەڵگە لەڕێی بە کۆمەڵایەتی کردنی تاک لە تایبەتمەندی‌یەکانی خۆی‌دا کار دەکاتە سەر مرۆڤ، دوکتور قاسملووش وەک تاکێک بێگومان لەو ڕەوتە بەدەر نیە و ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکانی دەرەوە و نێوخۆی ئێران کاری تێ کردوە و بەپێی زەرفییەتی هزری و دەروونی ئاڵوگۆڕی تێدا ساز کردوە. یەکێک لەو ڕەوتانەی کە دوکتور قاسملووی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی ریفۆرمخوازیە؛ ریفۆرمخوازی وەک هزر و گوتار بە مانای باوەڕمەندی بە زەروورەتی گۆڕینی بنەڕەتیی هەنگاو بە هەنگاوی پێکهاتەی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە لەڕێی دامەزراندنی پێکهاتەیەکی سیاسیی دێموکرات و نیزامێکی ئابووریی عادڵانە بەدژ سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ (کە لەو باوەڕەدا بوو بۆ مسۆگەر کردنی عەداڵەت و یەکسانی پێویستە پرۆڵتێرەکان بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و لەڕێی وەدەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسی حەول بدەن بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری پرولتاریا و لەنێو بردنی چەوساندنەوەی زۆرینەی پرۆڵتێر بە دەست کەمینەی سەرمایەدار) سەری هەڵدا. ئەو شێوە لە ریفۆرمخوازی لەگەڵ ریفۆرمی پڕاگماتیک کە حەول بۆ پاراستنی پێکهاتە و نەزمی ئارایی لە بەرامبەر هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەدا، جیاوازە. ریفۆرمخوازی بە مانای سۆسیالیزمێکی خاوکراو لە قوتابخانەی فکری ئێدوارد بێرنشتاین‌دا، پێداگر بوو لەسەر ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، ئاشتیخوازی و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە بورژواکان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکرات و ئابووری‌یەکی عادڵانە. ریفۆرمخوازی وەک شێوەیەکی دێموکراتیک لە سۆسیالیزم زۆرترین دژایەتی لەگەڵ هەڵوێستی شەڕخوازانەی مارکسیزم_ لێنینیزم هەبوو.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە پێشتر ریفۆرم لە هێندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی وەک ئایین نەبووبێ، واتە خاوەنی مێژینە نەبووبێ، بەڵام بێرنێشتاین یەکەم کەس بوو کە چوارچێوەیەکی مەعریفی بۆ دانا و پەرەی پێدا. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەتەنیا بەدەست گرتنی پێگەی دەسەڵات و حکوومەت ناتوانێ ژێرخانی سەرمایەداری و کاپیتالیزم بە جۆرێک لەنێو ببات کە ئیتر سەرهەڵنەداتەوە، بەڵکە پێویستە کە بنەماکانی هزری، کلتووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری بەرلە بنەمای سیاسی و حکوومی بڕووخێ و لەنێو ببردرێ. بێرنێشتاین باوەڕێکی قووڵی بە دەور و پێگەی نووسەران، ڕۆژنامەوانان، هونەرمەندان و ڕووناکبیران هەبوو بۆ سڕینەوەی زەینی و دەروونی سەرمایەداری لەنێو زەینی تاک و کۆمەڵگەدا، واتە ئازادی بەیان و مافی بیروڕای ئازاد. بێرنێشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەتا داهاتی ئابووریی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی عادڵانە لەنێو کۆمەڵگەدا دابەش نەبێ و چین و توێژەکانی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگە دڵەڕاوکێی دابین کردنی داهاتیان هەبێ سەرمایەداری وەک نیزامێکی پەرەپێدەری ناعەداڵەتی لەنێو ناچێ و نیزامێکی سۆسیالیستی ڕاستەقینەی پەرەپێدەری عەداڵەت لە هەموو بوارەکان‌دا سەقامگیر نابێ. بە گشتی بێرنێشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە کۆمەڵگە ببێتە خاوەن نیزامێکی حیزبی پلۆڕاڵ، سیستمێکی هەڵبژاردنی ئازاد، دابەش کردنی داهاتی ئابووری بە شێوەیەکی عادڵانە لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا؛ واتە بێرنێشتاین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافی تاک و کۆمەڵگە تەنیا و تەنیا لە سیستمێکی دێموکرات‌دا مسۆگەر و دابین دەبێ، ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شۆڕشێکی پرۆڵتێری تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی لەنێو چوون و ڕووخانی کۆمەڵگە.

**دوکتور قاسملوو و ریفۆرم لە هزر و ئەندێشەدا**

بێگومان هەر هزر و گوتارێکی زیندوو خاوەنی پێش‌مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ناو و نیشانی هزر و گوتارەکە مێژوویی‌ترە؛ بۆ وێنە ئەگەرچی ئەگۆست کۆنت وەک دەسپێکی پۆزیتویزم دەناسرێ بەڵام دەکرێ باس لە تایبەتمەندی‌یەکانی پۆزیتویزم بەرلە کۆنت بکرێ، بەڵام کاتێ زەینێکی هەڵکەوتەی وەک کۆنت ئەو تایبەتمەندی‌یە لێکبڵاوانە کۆ دەکاتەوە، وەک گشتێکی یەکگرتوویان دەردەهێنێ و دەیکاتە دەرکەوتەیەکی کلتووریی نوێ، ئیتر دەبێتە دەسپێکی پۆزیتویزم. بەداخەوە ئەوەی کە بەگشتی لە ئێرانی قاجارەوە هەتا سەردەمی کۆماری ئیسلامی وەک ریفۆرمخواز سەری هەڵداوە، هەموو بەگشتی دەچنە چوارچێوەی ریفۆرمی پڕاگماتیکەوە، واتە هەموو بەگشتی خوازیاری پاراستنی پێکهاتە و نەزمی ئارایی بوون، بەڵام لە هێندیک بواردا هەستیان بە زەروورەتی ئاڵوگۆڕ کردوە.

دوکتور قاسملوو «کوردیکی سۆسیال دێموکرات» بوو، ئەوە تەنیا بەو مانایە نیە کە دوکتور قاسملو بە ڕەگەز کورد بووە، واتە تورک، فارس، یان سەر بە نەتەوەیەکی‌تر نەبووە، هەروەها سۆسیال دێموکرات تەنیا ئاماژەیەک بە باوەڕی هزریی دوکتور قاسملوو نیە، بەڵکە بەو مانایەیە کە دوکتور قاسملوو وەک دەرکەوتەیەک لەژێر ڕۆشنایی و تیشکی ئەو واقعییەتە شرۆڤە بکرێ، شرۆڤەیەکی هەڵقوڵاوی تایبەتمەندی‌یەکانی هزری، ئابووری، سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتی لە چاخ و دەورەیەکی مێژوویی‌دا. بێگومان باس کردن لە ریفۆرمخوازی لە هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوودا لە غیابی بنەما و بەستێنی مێژوویی کلتووری چەپ، کورد، ئورووپا و ئێران، بەلارێ‌دا بردنی شرۆڤەیە. بە واتایەکی‌تر پساندنی هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ مێژووی ژیان و ئەزموونە مێژووییەکانی خۆی، دوورمان دەکاتەوە لە خوێندنەوەیەکی دروست لە دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو وەک

قاسملوو لەپاش کوودتا بەدژی دوکتور موسەدیق و پاش ماوەیەک ژیان لە عێراق، بۆ درێژەدانی خوێندن دەگەڕێتەوە پڕاگ و کارناسی باڵا و دوکتوراکەی هەر لەوێ تەواو دەکا. لەپاش تەواو کردنی دوکتوراکەی هەر لە زانستگای پڕاگ دەست دەکا بە وانەگوتنەوە، دوکتور قاسملوو لەو دەورەیەدا بەهاری پڕاگ و هێرشی تانکەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ پڕاگ و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ریفۆرمخوازەکانی ئەو وڵاتە دەبینێ. بێگومان ئەو ڕوداوە وەک کارەساتێکی گەورە ئیتر بە تەواوی هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو لە مارکسیزم- لێنینیزم وەردەگێڕێ و ڕوو لە سۆسیال دێموکراسی دەکا، وەک ڕەوتێکی ریفۆرمخوازانە لەنێو هزر و ئەندێشەی چەپدا. دوکتور قاسملوو باوەڕیکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو لە غیابی ئابووری‌یەکی سۆسیالیستی کە داهاتی ئابووری لە سیستمێکی ئابووریی سالم و گەلی‌دا بە شێوەیەکی عادڵانە لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دابەش ببێ، هەروەها لە غیابی سیستمێکی سیاسیی دێموکرات و پلۆڕاڵ‌دا هیچکات عەداڵەت و مافی تاک و کۆمەڵگە مسۆگەر نابێ. ئەو باوەڕەی کە بێرنشتاینی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە جیا کردەوە، هەر بۆیە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافی کورد وەک مرۆڤ و مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە سیستمێکی دیموکرات‌ڕا سەرچاوە دەگرێ، ئەو باش لە دەوری بیروڕای ئازاد، هەڵبژاردنی ئازاد، سیستمی حیزبی پلۆڕاڵ، ڕووناکبیری سەربەخۆ، ڕۆژنامەوانی ئازاد گەیشتبوو بۆ سڕینەوەی هێژمۆنی دیکتاتۆرییەت لە هەناو و دەروونی تاک و کۆمەڵگەدا. ئیتر ئەوە دەورەیەکە کە دوکتور قاسملوو بە تەواوی لەگەڵ هزر و بیری مارکسیزم- لێنینیزم

> ❝ دوکتور قاسملوو باوەڕیکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو لە غیابی ئابووری‌یەکی سۆسیالیستی کە داهاتی ئابووری لە سیستمێکی ئابووریی سالم و گەلی‌دا بە شێوەیەکی عادڵانە لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دابەش ببێ، هەروەها لە غیابی سیستمێکی سیاسیی دێموکرات و پلۆڕاڵ‌دا هیچکات عەداڵەت و مافی تاک و کۆمەڵگە مسۆگەر نابێ ❞

کەسایەتی‌یەکی سیاسی سەرەتا خۆی لە هزر و ئەندێشەی مارکسیزم_لێنینیزمدا دیتەوە، ئەندێشەیەک کە حیزبی توودە پەرەپێدەری بوو و لەسەر ئەساس و بنەمای ئەو ئایدۆلۆژی‌یە دامەزرابوو. دوکتور قاسملوو وەک کەسایەتی‌یەکی سیاسیی چەپ و لەژێر کارتێکردنی هزری مارکسیزم- لێنینیزم ڕوو لە پڕاگ پێتەختی وڵاتی چیکوسلاواکی دەکا و دەست بە خوێندنی زانستگایی دەکا. ژیان لە ئورووپا بوو بە هۆی دیتن و ئەزموون کردنی موسیبەتی مارکسیزم-لێنینیزم بۆ ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆر و خوێنڕێژی بەسەر کۆمەڵگەدا حاکم کردبوو، لە هەمان کاتیش‌دا لە بواری ئابووری‌دا کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی بەرهەم هێنابوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژئاوای ئورووپا هەم خاوەنی سیستمێکی ئاوالا و دێموکرات بوو و هەمیش لە باری ئابووری و پێشکەوتنەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوو. بێگومان ئەو دیاردانە و ئەو نیشانانە بۆ دوکتور قاسملووی بیرمەند و ژیر لە هەناوی خۆی‌دا هەڵگری زۆر پەیامی ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە مارکسیزم- لێنینیزم و ئەساسەن هیچ ڕەهەندیکی چەپی شۆڕشگێڕ ناتوانێ دامەزرێنەر و پەرەپێدەری عەداڵەت و مافی تاک و کۆمەڵگە بێ، چونکە بنیادنەری سیستمێکی دیکتاتۆرین و دیکتاتۆریش لە هەناوی خۆی‌دا دژی هەر جۆرە عەداڵەتێک، مافی تاک و کۆمەڵگەیە. لە نێوخۆش دوکتور قاسملوو لەپاش ئەوەی‌کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، شاهیدی کوودتای حەمەڕەزاشا بەدژی دوکتور موسەدیق دەبێ، ئەو کوودتایەش بێگومان هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو زیاتر دەخاتە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان، بە جۆرێک کە وێدەچی زەروورەتی بنیادنانی سیستمێکی دێموکرات و کارکردە پۆزێتیڤەکانی وەها سیستمێک هەر لەو سەردەمەڕا خزابێتە هەناو و مێشکی دوکتور قاسملوو. دوکتور

ماڵئاوایی کردوە و هەنگاوی ناوەتە نێو جیهانی هزری سۆسیال دێموکراتەکان و بەرهەمی ریفۆرمخوازانەی هزری بێرنشتاین. دوکتور قاسملوو هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو هزرە باوەڕی بە دیالۆگ و دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیانە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لەپاش شۆڕشی ٥٧ هەبوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەو موتەهەم بە سازشکاری دەکرا، باوەڕی قووڵی ئەو ئینسانە مەزنە بە ڕێگا چارەی ئاشتیانە و حەرەکەتی هەنگاو بە هەنگاو بۆ مسۆگەر کردنی مافی کورد، چین و توێژەکانی هەموو کۆمەڵگەی ئێران تا ئەو جێگایە بوو کە لەسەر مێزی وتوووێژ شەهید کرا.

سەرچاوەکان:

ئەلف: ماڵپەرەکان

١_ http://isj.org.uk/left-reformism-the-state-and-the-problem-of-socialist-politics-today/
٢_ http://anthropology.ir/node/٢٩٥٢٦
٣_ https://fa.wikipedia.org/wiki
ب: کتێبەکان:
١_ بشيريه، حسين: تاريخ انديشه‌هاى سياسى در قرن بيستم، انديشه‌هاى ماركسيستى، نى تهران ١٣٧٦
٢_ بشيريه، حسين: جامعه‌شناسى سياسى، نقش نيروهاى اجتماعى در زندگى سياسى، نى، تهران، ١٣٧٤
٣_ بشيريه، حسين: دولت عقل، ده گفتار در فلسفه و جامعه‌شناسى سياسى، علوم نوين، تهران، ١٣٧٤
٤_ كولاكوفسكى، لشک: جريانهاى اصلى در ماركسيسم، برآمدن، گسترش و فروپاشى، ترجمه عباس ميلانى، آگاه، تهران، ١٣٨٦

ئەو وتارانەی لە بیروڕای ئازاددا بڵاو دەبنەوە تەنیا هەڵگری بیروڕای نووسەرەکانیانە.



# لە فراکسۆنی نوێنەرانی ناوچە تورکنشینەکان تا فراکسیۆنی ئەهلی سوننەتی بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان



**تاهیر قاسمی**

دۆستێک کە تازە لە ئێران گەڕاوەتەوە باسی گۆڕانکاری‌یەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و ئێرانم بۆ دەکا. هاتوچۆی بە فرۆکەخانەی نێوەدەوڵەتیی تەورێزدا بووە. شارەزای سیاسەت و جموجۆڵە سیاسی‌یەکانی نێوخۆی ئێران نییە. ئەوەی زیاد لە هەر شت سەرنجی ڕاکێشاوە هەڵسوکەوتی کارمەندانی فرۆکەخانەکەیە. دەڵێ ئێمە بە فارسی قسەمان دەکرد و تورکیمان نەدەزانی کەچی ئەوان هەر بە تورکی دەیاندواندین و پرسیاریان دەکرد و وڵامیان دەداینەوە! فرۆکەخانەی هێلسینکی‌م وەبیر هاتەوە کە هەر کە پێت تێهاویشت، زمانی فینلاندی ئۆتوماتیک دەبێ بە زمانی دووهەم و زمانە نێونەتەوەییەکانی وەک ئینگلیزی جێگای دەگرنەوە. بەڵام ئەوەی ئەو بۆم دەگێڕێتەوە، نە بابەتێکی زمانی یا ئیداری بەڵکو جموجۆڵێکی سیاسی- نەتەوەییە کە دەمێک ساڵە بە ئاشکرا و بە نهێنی کۆڵان و شەقامەکانی شار و ناوچە تورکنشینەکانی ئێرانی داگرتووە.

تورکەکان بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی ئێران پێک دێنن. لە باری ئەژمارەوە یەک لە دوو گەورە نەتەوەی پێکهێنەری ئەو وڵاتەن. لە باری ئابووری‌یەوە دەسەڵاتێکی زۆریان بە دەستە و لە باری ئیداری‌یەوە ڕۆڵێکی گرینگیان لە دەسەڵات‌دا هەیە. قبووڵ کردنی ئایینزای شیعە وەک مەزهەبی هاوبەش، هەر لە سەرەتاوە ئاڵقەیەکی گرینگی پێوەندیی نێوان دوو نەتەوەی فارس و تورک بوو. ئاڵقەیەک کە جێگای بە جیرانەتی و خزمایەتیی مێژوویی فارس لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت لەگەڵ دوو نەتەوەی کورد و بلوچ لەو وڵاتەدا لێژ کرد. زۆربەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بە سەر هەر دوو ئایینزای سوننە و شیعە و ئایینی دیکەش‌دا دابەش بوون.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، تورکەکان بە هۆی ئایینەوە زۆر زوو خۆیان لەو دەسەڵاتەدا دیتەوە. چەندان جار کەسایەتی‌یەکانی تورک لە ئاستە بەرزەکانی ئیدارەی وڵات‌دا جێیان گرت و ناوچە تورکنشینەکانیش لەچاو ئەو ناوچانە کە نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و بلوچی تێدابوو، لە باری ئابووری‌یەوە بووژانەوەی زۆرتری بە خۆ دیت. بەڵام سەرەڕای ئەوانە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە هەتا ئێستاش هەروا دەسەڵاتێکی ئیسلامی - فارسی‌یە و تورکەکان بە فەرمی هیچ مافێکی زیاتر لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەیان پێ نەدرا. بەرامبەر بەوە لە ماوەی دوو دەهەی ڕابردوودا بزووتنەوەیەکی پەرەگر و بەربڵاو شار و ناوچە تورکنشینەکانی گرتۆتەوە. بزووتنەوەیەک کە ئەگەرچی حیزب و ڕێبەری دیاری نییە بەڵام ئامانجدار و یەکگرتوویە. لە هەموو بەستێنەکانی وەک وەرزش، میدیا، بازاڕ و هیتر بۆ خۆنواندن و خۆزەقکردنەوە کەڵک وەردەگرێ. لەسەر دوو کۆڵەکەی زمان و خاک خۆی پێناسە دەکا و بەردەوام بیر لە بەرینکردنەوەی جوغرافیا و مێژووی خۆی دەکاتەوە. پێیەکی لە نێو دەسەڵاتە و پێیەکی لە نێو کۆمەڵگەی خۆی دایە. لە ڕوانینی ئەم بزووتنەوەیەدا تاکی تورک لە هەر کوێ بێ و لە هەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی‌دا بێ، لە دەرەوە بێ یا لە نێوخۆ، دژی دەسەڵات بێ یان لەگەڵ دەسەڵات، بەرامبەر بە بزووتنەوەکە ئەرکدارە. ئەوەی بۆ ئەو بزووتنەوەیە گرینگە ئەوەیە کە تاکی تورک دەبێ بە تورکی بمێنێتەوە و کار بۆ پەرەگرتنی ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستیە بکا. هەر ئەم ڕوانگەیەش لە هەڵبژاردنەکانی ئێران‌دا، بە تایبەت لەو شارانەی لە ڕووی دیموگرافی‌یەوە فرەچەشنن، پێوانەی سەرەکیی دەنگدانی دەنگدەری تورکە. بەو ڕوانگەیە و لە ژێر هێژمۆنیی ئەو بزووتنەوەیەدا بوو کە لە شارە جۆراوجۆرە تورکنشینەکانەوە نوێنەرانی تورک بۆ مەجلیسی ئێران نێردران. دوا جاریش هەر ئەو گوشارەی شەقامی تورک بوو کە سەت نوێنەری تورکی بە ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز لە دەوری یەک کۆ کردەوە تا فراکسیۆنی نوینەرانی «ناوچە تورکنشینەکان» پێک بێنن. ئەگەرچی بەشێک لەو ناوچانەی بە ناوی ناوچەی تورک نشین لە مەجلیسی ئێران‌دا ناودێر کراون، تورکان تاکە نەتەوەی سەرەکیی ئەو ناوچانە نین.

پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکان لە حاڵێک دایە کە سەرەڕای چەند سەدە خەبات و تێکۆشان، بە داخەوە هێشتا کوردەکان ڕێگایان بۆ دۆزینەوەی بزووتنەوەیەکی وەها گشتگیر و یەکگرتوو نەدۆزیوەتەوە. نوێنەرە کوردەکانی نێو مەجلیسی ئێران هەتا ئێستا نەیانتوانیوە یەکتر بدۆزنەوە. بەشێک لەو نوێنەرانەش بە سازکردنی فراکسیۆنی نوێنەرانی سوننە مەزهەب، خۆیان لە کێشە سەرەکی‌یەکەی نەتەوەی کورد لە ئێران دزیوتەوە. ئەگەرچی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک چۆن خۆی لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە پێناسە دەکا و لەسەر ئەم پێناسەیەش هەوڵی پەڕاوێز خستنی ئایینەکانی دیکەی داوە، بەردەوام هەوڵ دەدا کێشەی کورد وەک کێشەی مەزهەبی و نە نەتەوەیی پێناسە بکا بەڵام کوردی ڕۆژهەڵات بە سەر سێ ئایینزا و ئایینی سەرەکیی سوننە، شیعە و یارسان‌دا دابەش بوون کە کێشەی هاوبەشی ئەوان کێشەی نەتەوەیی و کوردبوونە نەک ئایین و مەزهەبێکی تایبەت. ئەگەر سوننەکان پۆست و مەنسەبی بەرزی ئیداری‌یان پێ نادرێ، ئەگەر یارسانەکان تەنانەت وەک کەمایەتیەکی ئایینی دانیان پێدانەنراوە و تەنانەت مۆڵەتی ئەوەیان نییە نوێنەرێکیان لە مەجلیس هەبێ، پارێزگای ئیلام وەک پارێزگایەکی کوردستان کە زۆرینەی دانیشتوانی پێڕەوی ئایینزای شیعەن، لە هەژاری، دواکەوتوویی ئابووری و خۆکوژی‌دا بەردەوام پلەی یەکەمی لە ئاستی ئێران‌دا بەر کەوتوە. ئەگەر ئەو نوێنەرە کوردانە پێیان وا بێ کە فراکسیۆنەکەیان جێگرەوەی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردە، ئەوە کارەکەیان ناچێتە خانەی خزمەت بە نەتەوەکەیانەوە و شەقامی کوردستانیش نابێ ئەو هەڵاواردنە ئایینی‌یە لە نێوان کورداندا قبووڵ بکا.

روانینی دەرەکی


# چۆن قازانجی ئابووریی رێککەوتننامەی ناوکی دەچێتە گیرفانی رەشترین هێزەکانی ئێران

**نیویۆرک پۆست – بێنی ئاڤنی**
**و: کەماڵ حەسەنپوور**

تەنانەت لایەنگرە هەرە خۆشبینەکان خەریکە بەو ئاکامە دەگەن کە ریککەوتننامە لەگەڵ ئێران، مەلاکان نەرم ناکا. مخابن ئەوە خراپترین [ئاسەوارەکان] نیە چونکە رێککەوتنەکە لە راستیدا رەشترین هێزەکانی ئێران بەهێز دەکا.

بەپێی لێکۆڵینەویەک کە لە لایەن دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی کە ناوەندەکەی لە واشینگتۆنە، ئامادە کراوە، سوپای پاسدارانی ئێران براوەی یەکەمی «برجام»ە(ئەو رێککەوتننامەی کە مەلاکان لەگەڵ ٦ زلهێزی جیهانی هاوینی رابردوو واژۆیان کرد)، نەک خەڵکی ئاسایی ئێران یا ئەو مەلا سیاسەتمەدارە میانڕەوانەی کە هێندە پێیان هەڵلا دەڵێن.

ئەنجامی لێکۆڵینەوە ٤٨ لاپەڕەییە پڕ وردەکاری‌یەکەی توێژەرانی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی دەڵێ: «لەگەڵ جێبەجێ کردنی رێککەوتننامە ناوکی‌یەکەی ساڵی ٢٠١٥، [سوپای پاسداران] ئامادەیە کە سودمەندی سەرەکی بێ».



بەپێی لێکۆڵینەویەک کە لە لایەن دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی کە ناوەندەکەی لە واشینگتۆنە، ئامادە کراوە، سوپای پاسدارانی ئێران براوەی یەکەمی «برجام»ە(ئەو رێککەوتننامەی کە مەلاکان لەگەڵ ٦ زلهێزی جیهانی هاوینی رابردوو واژۆیان کرد)، نەک خەڵکی ئاسایی ئێران یا ئەو مەلا سیاسەتمەدارە میانڕەوانەی کە هێندە پێیان هەڵلا دەڵێن

لەژێر سەردێڕی «چۆن رێککەوتننامەی ناوکی، سوپای پاسدارانی ئێران دەوڵەمەند دەکا» لێکۆڵینەوەکە نیشانی دەدا کە سوپای پاسداران لە سەدا چلی ئابووریی وڵات کۆنترۆڵ دەکا، لە نێویان‌دا کەرتی وەها کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە بەرنامەی ناوکی‌یەوە هەیە کە رێککەوتننامەکە دەیهەوێ جڵەوی بەدەستەوە بگرێ.

بڕوانە! دۆلارەکانی باجی ئێوە لەم دواییانەدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بۆ ئێران بەڕێ کرا. بەشێکی زۆری ئەو پارانە ئەو ئێرانی‌یانەی کە دەڵێن «مردن بۆ ئەمریکا» یەکجار زۆر دەوڵەمەند دەکا.

پارەکان هەروەها یارمەتی ئەوان بۆ بەهێزترکردنیان لەسەر حیسابی ئەو سیاسەتوانانە دەکا کە دەڵێن رێگای نەجاتی شۆڕشی خومەینی هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ئەمریکا.

سوپای پاسداران لە ١٩٧٩ لە لایەن خومەینی وەک میلیشیایەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژی شۆڕش و قایم کردنی دەسەڵات دامەزرا. ئەو وەردەوردە بوو بە سوپایەکی گەورە کە هاوتەریبی ئەرتەشی ئێران کار دەکا.

تیپی قودسی سوپای پاسداران لێبڕاوانە و بە شێوەی جۆراجۆر ئایدۆلۆژی شۆڕشگێڕانەی بۆ سەرانسەری جیهان هەناردە کردووە. ئەو ئێستا لە شانۆی شەڕی وەک یەمەن، لوبنان و سوریە، شوێنێک کە ئەو یاریدەدەری حەمامی خوێنی سەرکۆمار بەشار ئەسەدە و هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ناوبراو لە دەسەڵات دایە، چالاکە.

لە خەلیجی فارس بەلەمەکانی سوپای پاسداران زۆر جار بە دەورەی پاپۆڕەکانی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان‌دا دەسووڕێنەوە. لە مانگی ژانویەدا سپای پاسداران ١٠ کەس لە دەریاوانانی ئەمریکایی کە بە هەڵە سنووری ئاویی ئێرانیان بەزاندبوو دەستبەسەر کرد. لەو کاتەوە چەند رووداوی‌تر ئێران و ئەمریکای تا لێواری رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ بردووە.

باڵێکی‌تری سوپای پاسداران، بەسیج، بەرپرسی سەپاندنی یاساکانە لە نێوخۆ. ژنان (تەنانەت بەشدارانی پێشبڕکێی شەترەنجیش) دەبێ بە شێوەیەکی «شیاو» خۆیان داپۆشن. هەڵبژاردنەکان دەبێ ئاکامی «شیاویان» هەبێ؛ لە ٢٠٠٩ بەسیج لە رێگای بەکارهێنانی توندوتیژی سەرهەڵدانێکی جەماوەری سەرکوت کرد و ئەوانەی کە لە دزرانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری تووڕە بوون، بە لێدان بە چۆکیان‌دا هێنان.

هەروەک بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی دەری خستووە، سوپای پاسداران چنگی لە نێو گشت کەلێن و قوژبنەکانی ئابووری‌دا قایم کردووە. میراتگری خومەینی، رێبەری باڵای ئێستا ئایەتوڵڵا خامنەیی، بەرپرسی سەرەکیی گەشەسەندنی ئابووریی سوپای پاسدارانە.

لە ٢٠٠٥، خامنەیی بڕیارێکی پەسەند کرد کە لە رواڵەت‌دا وەک خەونی ریفۆرمیستێک بوو: ٪٢٥ ئابووری دەبێ لە ماوەی ٥ ساڵدا رادەستی کەرتی تایبەت بکرێ. بەڵام ئەوە گرفتێکی تێدا بوو: بەپێی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی، بەشێکی بەرچاوی ئەو رادەستکردنە لە جیات کەرتی تایبەت درا بە سوپای پاسداران. ئێستا، سوپای پاسداران بەشی هەرەزۆری ئەوەی کە لە ئێران گرینگە، کۆنترۆڵ دەکا.

وەزارەتی دارایی [ئەمریکا] ٢٥ کۆمپانیا، ٢٥ کەس و دوو زانکۆی لە لیستەی رەش هاویشتوون چونکە لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداران دان. سەرەڕای ئەوە لێکۆڵەرەوەکانی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی لانیکەم ٢٢٩ کۆمپانیایان دەستنیشان کردوون کە سوپای پاسداران «دەسەڵاتی یەکجار زۆری» بەسەرەوەن.

ئەوە راستە کە رێککەوتننامە ناوکی‌یەکە، لانیکەم جارێ، هەندێک ئابلۆقەی سەر سوپای پاسدارانی وەک خۆی هێشتنەوە. بەڵام بەشێکی زۆری ئەو ئابلۆقانە لە قۆناخەکانی داهاتووی رێککەوتننامەکە کاتیان بەسەر دەچێ. لە هەمان کات‌دا سوپای پاسداران خەریکی سوود وەرگرتن لە لابرانی ئابلۆقەکانی‌ترە.

هەرچەند سوپای پاسداران لە پشت چالاکیی بەربڵاوی تێرۆریستی نێونەتەوەیی دایە، بۆ وێنە نەخشەی کوشتنی باڵوێزی عەرەبستانی سعودی بە بۆمب لە نێو جەرگەی واشینگتۆن، هێشتا ماویەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە[ی ئەمریکا]، سوپای پاسداران، یا باسکی دەرەکی ئەو واتە سوپای قودس، وەک رێکخراوێکی تێرۆریستی بیانی بناسێنێ.

لێکۆڵینەوەکەی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسی پێشنیاری هەڵهینانی ئەو هەنگاوە و چەند کاری تر بۆ زیاد کردنی ئابلۆقە و زەختی تر بۆ ژێر فشارنانی مەترسیدارترین رێکخراوی ئێرانی کردووە.

هەروەک یەکێک لە توێژەرەکان، ئێمانوئێل ئۆتتۆلێنگی، پێی گوتم: «دەستڕۆیشتووی پەرەئەستێنەری ئابووریی سوپای پاسداران خۆی لە خۆی‌دا ئامانج و ئامرازێکە بۆ پشتگیری لە چالاکی‌یە بێشەرمانەکانی لە سەرانسەری ناوچەدا».

«دانوستان لەگەڵ ئێران بکە، بەربەرەکانی لەگەڵ سوپای پاسداران بکە»، ئەوە رێبازی پێشنیاری ئابراهام سۆفار، خاوەن ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی رێگان، پێش واژۆ کردنی رێککەوتننامە لەگەڵ ئێران بوو. لە جیاتان سەرکۆمار ئۆباما سوپای پاسدارانێکی بەهێزتر وەک میراتی دەسکەوتی سیاسیی خۆی بەجێ دەهێڵێ.

لێکۆڵینەوەکە داوا لە سەرکۆماری داهاتوو و کۆنگرە دەکا کە ئەو رەوتە بگۆڕن و وەبەرهێنەرانی بیانی ناچار بکەن کە ئاگاداری ئەو مەترسی‌یە مەزنانە بن کە ئاڵوێری ئابووری لەگەڵ خراپترین خراپەکانی ئێران هەیەتی.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ هیلاری کلینتۆن یا دۆناڵد ترامپ گوێ دەگرن؟

ئیسلامی سیاسی
[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی دەیەم)

**حەسەن حاتەمی**

**دوکتور عەلیی شەریعەتی ٣**

دوکتور شەریعەتی لەو کەسایەتی‌یانەیە کە خەڵک پتر لە سیمای بیرمەندێک و ئاڵوگۆڕخوازێکی دینی و کۆمەڵایەتی دەیبینن و کەمتر لە رەهەندی ئەدەبی‌یەوە سەیری دەکرێ. بەڵام کەسایەتی‌یە چەند رەهەندیەکەی ئەو بۆتە هۆی ئەوەی نووسینگەلی جۆراجۆر هەبێ.

بۆخۆی لە پێشەکی کتێبی «هبوط در کویر»، کتێبی نۆیەم لە کۆی بەرهەمە ٣٥ بەرگی‌یەکانی‌دا، نووسینەکانی دابەش دەکا و بە روونی دەڵێ : «نووسراوەکانم سێ بەشن، «کۆمەڵایەتی‌یەکان»، «ئیسلامی‌یەکان» و «کەویری‌یەکان». ئەوانی تەنیا خەڵک پەسندیان دەکا کۆمەڵاتی‌یەکانن. ئەوانی هەم من و هەم خەڵک پەسندی دەکەین؛ ئیسلامی‌یەکانن و ئەوی خۆم رازی دەکا و هەست دەکەم کە نە لە کار کردن و نووسین‌دا، بەڵکوو لەگەڵی دەژیم، «کویریات»ە.

– سایت دانلود کتابهای صوتی–

رەهەندی پڕۆتستانتیزمی ئیسلامی کە بە پڕۆتستانتیزمی شیعەش ناوی دەبرێ، قسەی زۆر لەسەرە و لەو بوارەدا، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دوایی‌دا، لە رەهەندی رەخنەییەوە بە شێوەی جۆراوجۆر زۆر لەسەری دواون و نووسراون. لە نووسینێک‌دا، سەبارەت بەو دیاردەیە ئەوا باس کراوە کە : شەریعەتی دامەزراندنی پڕۆتستانتیزمی ئیسلامی بە پێی وەزعییەتی عەینی و زەینی لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا، بە پێویست دەزانی. لەو کۆمەڵگەیە کە مەزهەب لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا، بوونێکی زیندووی هەیە. شەریعەتی ستراتێژی (راهبرد) ئیسلاحی دینی بە پێک هێنانی هەلومەرجێک بۆ چوونە نێو ژیاری (تمدن) نوێشی بە پێویست دەزانێ.

– قاسم علی، پروتستانتیسم اسلامی پروژەی ناتمام شریعتی، مجلەی بازتاب، شمارە ٢٧–

پڕۆتستانتیزم بزووتنەوەیەکی مەسیحی بوو کە لە سەدەکانی ١٥ و ١٦ ی زایینی‌دا، توانی لە ئورووپا لە رێگای ئیسلاحی دینی(رفورماسیون)، رێگا بۆ لێکدانەوەی عەقلانی دین لە نێو پەروەردە و فێرکاری‌دا، بکاتەوە. ئەو بزووتنەوەیە بەهۆی ئاڵوگۆڕخوازانێکی وەک: لووتێر و کاڵون دەستیان پێکرد. خەبات لەگەڵ فێرکاری‌یە مەزهەبی‌یەکانی کاتۆلیک و نیزامی داخراو، چەق بەستوو و ئەربابەکانی ئەوان لە رۆژەڤی کاریان‌دا بوو. خەبات بە دژی کەسانێک کە دەستیان لەنێو دەستی دەسەڵاتدارانی فیئۆداڵ و سوڵتانەکانی ئەوکاتی دەنا و بە ناوی خودا و مەزهەب دەستیان بەسەر تەواوی تەوەرەکانی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە داگرتبوو و لە رێگەگەلی دواکەتوو هێشتنەوە و تەبلیغ و بڵاوکردنەوەی ئاخرەت‌تەوەری و خورافات، خەریکی چەوساندنەوەی خەڵک بوون.

– سەرچاوەی پێشوو–

کاڵون لە کۆماری [دینی] «ژنێڤ»دا، حکوومەتێکی توندوتیژی دامەزراند– ئەوە کە پڕۆتستانتیزمی مەسیحی رێگای جۆراوجۆر و جیاواز لە ویستەکانی لووتێر و کاڵون پێوا، باسێکی جیاوازە–، بەڵام ئەو رەوتە مێژووییە بوو بە جێی سەرنجی بیری بیرمندانی رۆژئاوایی و لە ئاکام‌دا جێی ئامانجی پڕۆتستانەکانی گرتەوە.

– شریعتی معترض و پروتستانتیسم اصلاح گرا، انی کاظمی–

شەریعەتی بڕوای وابوو: ئیسلام دنیا و ئاخرەتی پێکەوە هەیە. دنیا مەزرای ئاخرەتە و لە ئاکام‌دا، توانای رێنسانس(لە نوێ زیندوو کردنەوە) هەیە. کەوابوو پڕۆتستانتیزمی ئیسلامی ئیمکانی هەیە. ئەو پڕۆتستانتیزمە ئیسلامی‌یە، بە یارمەتیی ئەخلاق و مەعنەوییەت و دین، مۆدێڕنیتە مومکین دەکا. بەڵام ئەو ئەزموونە لەگەڵ ئەزموونی رۆژئاوا جیاواز دەبێ.

– سەرچاوەی پێشوو–

روانگەی ماکس وێبێر لە پڕەنگ خوێندنەوەی سەبارەت بە پڕۆتستانتیزم و تەنانەت پارێزکاری(زوهد) ئیسلامییش‌دا، لەگەڵ شەریعەتی جیاوازە. وێبێر بیرمەندێکی سێکۆلارە و کاریگەری لە فیلیسووفەکانی ئاڵمانی وەرگرتوە. ئەو ئاخرەت‌گەرایی ئیسلامی یا جیهانی دوای مەرگ، لە خزمەت بە پەرەگرتوویی و هەوڵدانی دنیایی نازانێ. دەبێ ورد بینەوە کە شەریعەتی ئارمانێک دێنێتە گۆڕێ و پێی وایە کە: پڕۆتستانتیزمی ئیسلامی ئیمکانی هەیە. بەڵام رەخنەگرەکانی رووداوێکی مێژوویی بەو جۆرە لە ئورووپا بە ئاکام‌گەلێکی جیاواز باس دەکەن.

– سەرچاوەی پێشوو–

لە بەشێکی باسی»پڕۆتستانتیسم و فهم شریعتی از آن (٦)»، نووسراوە: نێردراو (واسطه) چۆن بڕیارە عەمەل بکەن و چ هەلومەرجێکیان هەیە؟ ئایا نێردراوەکان جێی ئیمانی تایبەتی من دەگرێتەوە؟ ئایا نێردراوەکان موقەدەسن؟ ئایا وتەی دوایی لە پێوەندی لەگەڵ مەتنی موقەدەس، ئەوان دەیڵێن؟ هەر بەو هۆیانەیە کە موتاڵای مەتنی موقەدەس دێمۆکراتیزە دەبێ.– رووداوێک کە ئەمڕۆ لە ئێران رووی داوە، وێدەچێ رووداوێکی پڕۆتستانی بێ. ئەوەی مەتنەکەی بخوێنیەوە و پاشان لێکدانەوەی لەسەر بکەی. ئێستا کۆبوونەوەگەلی قورئانی زۆر لەئێران‌دا هەن کە لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچن و ئەوە، رووداوێکی نوێیە. گەڕانەوە بۆ مەتن(دەق) کە دەبێتە هۆی دێموکراتیزە بوونی دیسکۆرس(گفتمان) ی دینی؛ بەو مانایە کە دینداری یەک وێنە (الگو)یی نەبێ، هەمووی ئەو جۆرانە بەستێنی دێموکراسی و پەرەگرتوویی(توسعە) ین.

شەریعەتی پێی وایە: دیندار بی یا نەبی دەبێ لەو جێیەڕا دەست پێ بکەی. ئەو بە پێی ئەزموونی تێپەڕین لە سەدەی نێوەڕاست بۆ دنیای مۆدێڕن بە پرسیار لە دین و پێگەکەی تیشک دەخاتە سەری. بۆیە هەم باسی رێنسانسی ئیسلامی دەکا و هەم لە پڕۆتستانتیزمی ئیسلامی و لێکدانەوەی ئۆمانیستی(مرۆڤ تەوەری) کەلک وەردەگرێ.

خانمی سووسەنی شەریعەتی– یەکێک لە کچەکانی د. شەریعەتی–، بە ئاماژە بە ئەزموونی مێژوویی کە لە تاریفەکانی پڕۆتستانتیزم و جۆراوجۆری و دەرکەوتەکانی کە جیاوازییان هەیە، سەرێکی ئەو داستانە بە تالیبان و سەرکەی دیکە بە دێموکراسی لێکدەداتەوە. لە راستی‌دا لە بناژۆیی هەتا ئاڵوگۆڕخوازی و تەنانەت کاریگەری لەسەر ئیلاهیاتیش لە پەروەندی پڕۆتستانتیزم‌دا، بوونی هەیە. بەڵام لە ئیسلاحی دینیش‌دا، دەکرێ وەک لە وڵاتانی کاتولیکیش ئیسلاحاتێک ئەنجام درێ، بێ ئەوەی دینێکی نوێ خەڵق کرێ. ناسینی دیاردەیەک لەوانەیە مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی ئەودا، وشیارتر کاتەوە. پڕۆتستانتیزم لە ئێران‌دا، وەک شوتییەکی قاش‌نەکراو هات. کەسێکی وەک: «آخوند زادە»، گەرەکیەتی گرینگی بە بەرهەمی پڕۆتستانتیزم بدا.

مەسەلەی من لەو باسەدا، چڕبوونەوە بە ئەزموونی پڕۆتستانتیزم لە وڵاتانی ئیسلامی لە سەد ساڵەی دوایی دایە؛ یانی راست دوای ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە رەشید رەزادا پێک هات. بە بڕوای من زۆر گرینگە کە لە هەناوی سەید جەماڵی نوێخوازدا، دوو کەس لە میسر هاتنە دەر.

یەکەم: رەشید رەزا، بۆ جاری دوویەم بۆوە بە بناژۆخواز و بۆچوونی ئوسوولگەرایی و بناژۆخوازی لێکەوتەوە و گەڕانەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی هێناوە گۆڕێ.

دوویەم: محەممەدی عەبدە، کە جۆرێک لە ئاڵوگۆڕخوازی هێنایە کایەوە.

– پروتستانتیسم و فهم شریعتی از آن، ٢ ، ١٣٨٩، بنیاد فرهنگی دکتر علی شریعتی، چشم انداز ایران، شمارە ٦٥، دی و بهمن ١٣٨٩، گفتگوی سوسن شریعتی و تقی رحمانی–

تەقی رەحمانی دەڵێ: دوکتور شەریعەتی بەشێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی پڕۆتستانتیزمی قبووڵ بوو. بڵاوکردنەوەی دەسەڵات(تمرکز زدایی)، لابردنی نێردراوەکان(واسطه زدایی)، نەتەوەخوازیی(ملی گرایی)، ئیسپاتی باوەڕپێکراو(استدلال گرایی)، تایبەتمەندی‌گەلێک بوون کە بۆ شەریعەتی سەرنجڕاکش(جذاب)، بوون. سەبارەت بە لابردنی نێردراوەکان، شەریعەتی هەڵسوکەوتێکی پلە بەرز(تعالی بخش) ی سەبارەت بە روحانییەت هەبوە. ئەو هەروەها موسەدیقی بوو و خۆی بە رۆژهەڵاتی، ئێرانی و موسوڵمان دەزانی. تەنانەت سوسیالیزمیشی بۆ ئێران و لە ئێران‌دا پەسند دەکرد؛ یانی «جیهان وەتەنی» نەبوو. شەریعەتی مرۆڤ‌تەوەریشی قبووڵ بوو، بەڵام ئینترناسیۆنالیزمی پەسند نەدەکرد. ئەو لە کۆی بەرهەمەکان(مجموعه آثار٢)ی رەخنەگەلێکی لە شووڕەوی و ئینترناسیۆنالیزم هەبوو.

– سەرچاوی پێشوو–

# تورکیە و کورد: هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاو بەرەو دواوە



عەبدوڵلا حیجاب

دانپێنانی ڕەسمیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری ئێستا و سەرۆک وەزیرای ئەوکاتی تورکیە بە هەبوونی وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی PKK لە پەیامی سەرساڵی ٢٠١٣دا و پاشان پەیامی ئاشتیی عەبدوڵلا ئۆجالان لە نەورۆزی ساڵی ٢٠١٣دا، هیوای چارەسەریی ئاشتی‌یانەی پرسی کوردی لە باکووری کوردستان هێنایە ڕۆژەڤی کوردستان و جیهانەوە. وێڕای هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بە ڕاشکاوی دڵخۆشی و پشتیوانیی خۆیان لە ڕەوتی ئاشتی لە تورکیە و باکووری کوردستان دەربڕی و داوایان لە هەر دوو لایەن کرد کە ئەو هەلە بە باشی بۆ پێکهێنانی ئاشتی و چارەسەر کردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە بە کار بێنن. ڕاگەیاندنی ئاگر بەس لە لایەن PKKەوە و دەست ڕاگرتنی ئەرتەشی تورک لە هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی PKK و هێزەکانی گریلا لە نێوخۆی باکووری کوردستان و لە بنکەکانیان لە ناوچە سنووری‌یەکان، ئەو هیوایەی بەهێزتر کردبوو کە ڕەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان بە ئەنجامی ئەرێنی بگا.

PKK وێڕای ڕاگەیاندنی پێبەندیی خۆی بە پەیامی سەرۆکە بەندکراوەکەی و دەربڕینی ئامادەیی بۆ وازهێنان لە خەباتی چەکدارانە، بەو مەرجەی کە زەمینە بۆ چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە باکووری کوردستان بڕەخسێندرێ، هەر لە سەرەتاوە بە گومانەوە سەیری نییەتی ئەردۆغانی بۆ دانوستان دەکرد. ئەزموونی شکستخواردووی ڕەوتی ئاشتی لە نێوان بزووتنەوەی تامیل و دەوڵەتی سریلانکا و سەرئەنجامی تراژیکی بزووتنەوەی تامیل، بۆ PKK وەکوو زەنگێکی مەترسی وابوو کە وێڕای ئامادەبوون بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی ئاشتی، هەموو هێلکەکانی نەخاتە یەک سەوەتەوە و متمانە بە گفتە بێ پشتیوانەکانی لایەنی بەرامبەر نەکا. بۆیە ئەو پارتیە پرسی دەستهەڵگرتن لە چەک و وازهێنان لە خەباتی چەکدارانەی بە ئەنجامی ڕەوتی وتووێژەوە بەستەوە و ئامادە نەبوو کە پرسی چەکدانان بخاتە بەر لە وەدەستهێنانی یەکەم دەستکەوتی سیاسی‌یەوە.

ئەردۆغان هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئاستی جۆراوجۆری سیاسەتی تورکیەدا، دوورەدیمەنی سیاسەتی تورکیەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣، واتا سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری هێنایە بەر باس. مەبەستی ڕوون، بەڵام ڕانەگەیەندراوی ئەردۆغان ئەوە بوو کە لە سەد ساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیەدا، دەورێکی گرینگتر لە دەوری دامەزرێنەری کۆمار، مستەفا کەماڵ کایە بکا و ببێ بە پیاوی سەدساڵەی داهاتوو لە مێژووی تورکیەدا. پراگماتیزمی سیاسی و هەڵبەز دابەزی پۆپۆلیستیی ئەردۆغان لە سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی وەڵاتدا، دەریدەخست کە ئەو ئامادەیە بۆ وەدیهێنانی خەونی سەدساڵەی خۆی لە هیچ شتێک خۆی نەپارێزێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتی پاش بە دەستەوەگرتنی جڵەوی سیاسەت لە تورکیەدا، ئەردۆغان وای دەنواند کە کێشە قووڵەکانی لەگەڵ یوونان، سوریە و ئەرمەنستان چارەسەر دەکا. ئەو بە کردەوەش لەگەڵ ڕێبەرانی هەر سێ وڵات دانیشتنی بوو و ڕەوتێکی نوێی سیاسیی لە بەرامبەر ئەو وەڵاتانەدا دەست پێکرد. لە نێوخۆی تورکیەش‌دا ئەردۆغان بۆ بنەبڕکردنی نفووزی تاقمی ئەرگەنەکۆنی پێکهاتوو لە مۆرە بە دەسەڵاتەکانی ئەرتەش و میت کە دەوڵەتێکی سێبەریان لە نێوخۆی دەوڵەت‌دا پێک هێنابوو، هەوڵێکی جیددی دا. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵە ڕیفۆرمی بەڕێوەبەرایەتی، ڕێگادان بە وەشانی کوردی لە کاناڵە میدیاییەکانی دەوڵەتی‌دا و دەست پێکردنی ڕەوتی ئاشتی لەگەڵ PKK، نیشانەی ڕاشکاو لە ڕێبازێکی نوێ لە سیاسەتی تورکیە و ئەردۆغان‌دا بوو. بەڵام هەر چۆن پێڤاژۆی ئاشتی لەگەڵ سوریە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت و کێشەکانی نێودەوڵەتی لەگەڵ یوونان و ئەرمەنستان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، ڕەوتە نێوخۆییەکان و پێڤاژۆی ئاشتیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ لێگەر یا چالشی جیددی بەرەوڕوو بوو.

ئەردۆغان کاتێک لەوە دڵنیا بوو کە لە ڕێگای ڕەوتی ئاشتیەوە ناتوانێ لە باکووری کوردستان بە هەموو ئامانجە ئاشکرا و ڕانەگەیەندراوەکانی بگا، هەر بەو شێوەیەی کە لە پێوەندی لەگەڵ سوریە، یوونان و ئەرمەنستان‌دا لە بەرنامەکانی پێشووی پاشگەز ببوو، لە بەرامبەر ڕەوتی ئاشتی و داخوازییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستانیش‌دا بایداوە سەر سیاسەتی کۆنی دەسەڵاتدارانی تورکیەوە.

بۆ PKK ش، وازهێنان لە چەک بەبێ ئەوەی کە دەستکەوتێکی سیاسی و حیزبی بێ، دەهاتە مانای واز هێنان لە داخواز و هیواکانی چەندین دەساڵەی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرنامە و سیاسەتەکانی نەدەگونجا. ڕێبەرانی PKK بەو ناسینەی کە لە سیاسەتی شاردراوە و ڕاشکاوی دەسەڵاتدارانی تورکیەیان هەبوو، لەوە دڵنیا بوون کە جێبەجێ کردنی داخوازی تورکیە و تا ڕادەیەکیش ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بۆ چەکدانان، بەر لەوەی کە پارلەمانی تورکیە چوارچێوەی یاسایی بۆ ئەو ڕەوتە پەسند بکا، دەهاتە واتای تەسلیم بوون، داخوازییەک کە لەگەڵ فەرهەنگی سیاسیی PKK و هیچ ڕێکخراوێکی چەکداری خاوەن رابـڕدووی سیاسی ناگونجێ. پێداگریی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە لەسەر چەکدانانی PKK وەک پێشمەرجی گەڵاڵەبڕیاری چارەسەریی پرسی کورد لە مەجلیسی تورکیە، گومانی PKKی لە نیەت پاکیی ئەردۆغان زیاتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەش، ڕێبەرانی PKK بە پێداگرییەوە ڕایاندەگەیاند کە پێبەندی بڕیاری ئۆجالان بۆ کۆتایی هێنان بە شەری چەکداری و خۆش کردنی زەمینە بۆ ئاشتی‌یەکی هەمیشەیی لە باکووری کوردستانن.

ڕەوتی ئاشتی و دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی چەکدارانە لە باکووری کوردستان و تورکیە دا هەبوو.

هەڵبژاردنی پارلەمان لە مانگی ژوئەنی ٢٠١٥ کە تێیدا، HDP پتر لە ١٣٪ دەنگی هێناوە و ٨٠ پارلەمانتەری بۆ مەجلیسی تورکیە نارد، بۆ ئەردۆغان زەنگی مەترسی بوو. سیاسەتمەداری پراگماتیستی تورک هەستی دەکرد کە ئیدی جڵەوی سیاسەتی لە باکووری کوردستان‌دا لە دەست داوە و لە باقی بەشەکانی تورکیەش، بە هۆی نواندنی نەرمی لە بەرامبەر داخوازییەکانی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردی‌دا خەریکە متمانەی بەشی پارێزڤان و ناسیۆنالیستی کۆمەڵگەی تورک لە دەست دەدا. دژکردەوەی ئەردۆغان لە بەرامبەر دەستکەوتی HDP لە هەڵبژاردن‌دا ئەوە بوو کە با ئەو لایەنەی دەنگەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وەدەست هێناوە، بە تەنیایی ئاشتی بێنێتە ئەو دەڤەرە. واتای قسەی ئەردۆغان ئەوە بوو کە کلیدی چارەسەری تەنیا و تەنیا لە دەستی ئەو دایە و بۆ ئەوەی کە ئەویش ئەو کلیدە بە باشی بە کار بێنێ، دەبوایە بزووتنەوەی کوردستان باجی پێ بدا. بۆیە ئەردۆغان زۆری پێ خۆش بوو کە



> تورکیەی ئەردۆغان لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکی مەدەنی، لایەنگرانی بزووتنەوەی کورد و شانە چەکدارەکانی PKK کە تێکەڵ بە شەڕڤانانی نێو شارەکان ببوون، هەمان سیاسەتی سەددام و ئەسەدی بە کار هێنا و بە کاوڵ کردنی دەیان گەڕەک و شارۆچکە، بە سەدان کەس لە خەڵکی مەدەنی و زیاتر لە ٧٠٠ ئەندامی چالاکی PKKی لە نێو شارەکان‌دا شەهید کرد

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی تورکیە لە ١٠ی مانگی ئۆوتی ساڵی ٢٠١٤دا، ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ سیاسەتی لێگاڵی کورد لە باکووری کوردستان. لە سەروبەندی ئامادەکاری‌یەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری‌دا، ئۆجالان لە ڕێگای شاندی HDPەوە کە سەردانی ئیمرالیی دەکرد، داوای لە دەمیرتاش کرد کە وەک کاندیدای سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری‌دا بەشداری بکا. لێکدانەوەی ئۆجالان ئەوە بوو کە ئەگەر دەمیرتاش و HDP کۆمەڵە پیوانێک ڕەچاو بکەن و لەگەڵ بەشێک لە هێزە دیمۆکراتەکانی تورکیە بکەونە هاوپەیمانی‌یەوە، دەتوانن ڕێژەی دەنگەکانیان بگەیننە سنووری ١٠٪. ئەنجامی هەڵبژاردن دەریخست کە HDP پوتانسیەلی بە دەستهێنانی ١٠٪ دەنگی لە سەرانسەری تورکیەدا هەیە، چونکە دەمیرتاش ٩،٧٦٪ دەنگەکانی دەنگدەرانی بە دەست هێنا. ئەو گەشەکردنەی HDP لە سیاسەت‌دا، هاندەرێکی باش بوو کە PKK زیاتر گرینگی بە خەباتی سیاسی بدا و دەستی HDP لە دارشتن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی لێگاڵ‌دا ئاواڵەتر بکاتەوە.

ڕۆژی ٢٨ی مانگی فێورییەی ساڵی ٢٠١٥، ڕەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان کەوتە قۆناغێکی مێژووییەوە کاتێک شاندی HDP لە دیدارێکی فەرمی‌دا لە کۆشکی دۆلمە باخچە لەگەڵ جێگیری سەرۆک کۆماری تورکیە یالچین ئاکدۆغان ڕێککەوتننامەیەکی دە مادەییان خوێندەوە کە شاندی دەوڵەت لەگەڵ ئۆجالان لەسەری ڕێک کەوتبوون. بەڵام لە یەکەم حەوتووی پاش ڕاگەیاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، ئەردۆغان دژبەریی خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە دەربڕی. هەڵوێستی ئەردۆغان دەریدەخست کە لە نێو دەزگای دەوڵەت و تەنانەت سەرکردایەتیی AKPدا، ناکۆکی لەسەر شێوەی دانوستان لەگەڵ پرسی کورد و مەسەلەی ئاشتی لەگەڵ PKKدا زۆرە. ڕووداوەکانی دواتر و پاکانە حیسابی ئەردۆغان لەگەڵ بەشێک لە سەرکردە دیارەکانی AKP وەکوو عەبدوڵلا گولی سەرۆککۆماری پێشوو، جەمیل چیچەکی سەرۆکی پارلەمان، بولەنت ئارینچی جێگیری سەرۆک وەزیر و لە کۆتاییش‌دا ئەحمەد داودئۆغلۆی سەرۆک وەزیر و ... نموونەی ڕاشکاوی ئەو ناکۆکی‌یە بوون کە کاریگەری‌یان لەسەر پارلەمانی هەڵبژێردراو لە مانگی ژوئەن‌دا نەیتوانی بە سەر قەیرانی سیاسیی وەڵات‌دا زاڵ بێ و حکوومەتی نوێ پێک بێنێ.

لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ خولی نوێی هەڵبژاردن کە بڕیار بوو لە مانگی نوامبردا بەڕێوە بچێ، چەتەکانی داعش هێرشێکی خوێناوییان کردە سەر میتینگێکی HDP لە شارۆچکەی سورووج کە بوو بە هۆی گیان لە دەستدانی ٣٢ کەس لە ئەندام و لایەنگرانی HDP. زۆری پێ نەچوو کە PKK بە بیانووی ئەوەی کە دوو پۆلیسی تورک بۆ ئەنجام دانی ئەو هێرشە یارمەتیی داعشیان داوە، ئەو دوو پۆلیسەی کوشت. هەر بە دوای ئەو هێرشەدا، هێزەکانی سەربازیی تورک هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەکانی پاراستنی گەل دەست پێکرد و هێزی ئاسمانیی تورکیەش بە شێوەی بەربڵاو هێرشی کردە سەر بارەگاکانی PKK لە ناوچە سنوورییەکان و بنکەکانی ئەو حیزبە لە قەندیل. ئیدی مەترسیی شەڕێکی خوێناوی و بەرین هەر دەهات و زیاتر دەبوو. سیاسەتی تورکیە لە دژی بزووتنەوەی تازە شکڵ گرتووی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، یارمەتی ئاشکرای تورکیە بە داعش و هێزە توندڕەوەکانی سەر بە ئەلقاعیدە و هتد لە دژی یەکینەکانی پاراستنی گەل، باڵی سەربازیی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان کە لەسەر هەمان بنەما فیکری‌یەکانی PKK دامەزراوە و بە هاوبیری PKK دەناسرێ، ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر دەکرد و بە کردەوە مەودای نێوان بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیەی زیاتر دەکرد.

دژکردەوەی PKK لە بەرامبەر هێرشی هەمەلایەنەی تورکیەدا، هەوڵدان بۆ دەستپێکردنی تاکتیکێکی نوێی شەڕ بوو کە تێیدا لایەنگران و پشتیوانانی ئەو پارتیە، بەبێ دەست تێوەردانی هێزی چەکداری گەریلا، کۆنترۆڵی شار و گەڕەکەکانیان بە دەستەوە بگرن و بە کردەوە تورکیە ناچار بکەن کە شێوەیەکی نوێی بەڕێوەبەری کە بە خۆبەڕێوەبەری یا خۆسەریی دیمۆکراتیک ناودێر کرابوو قبووڵ بکا. تا کاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی نوامبری ٢٠١٥ ئەو تاکتیکەی PKK لە چەند شارۆچکە و گەڕەکی شارەگەورەکان بەڕێوەبرا و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە کەوتە دەستی خەڵکەوە. لە هەڵبژاردنی پارلەمان لە مانگی نوامبری ٢٠١٥دا HDP لە ژێر زەختی دەوڵەت و بە هۆی کەم کردنەوە چالاکی‌یەکانی هەڵبژاردن بۆ پاراستنی خەڵک لە بەرامبەر هێرشە خۆکوژی‌یەکانی داعش‌دا، بە زۆر توانی بەربەندی ١٠٪ تێپەڕ بکا و بە هۆی دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانیەوە نزیکەی ٣٠ کورسیی پارلەمانی کە لە خولی پێشوودا وەدەستی هێنابوو لە دەست دا. لە بەرامبەردا AKP توانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەنگی توێژە پارێزڤان و ناسیۆنالیستەکانی تورک وەدەست بێنێ و ڕێژەی دەنگەکانی ئەوەندە بەرێتە سەرێ کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەنی دیکە نەبێ.

AKP ئیدی خۆی لە ڕەوشێکی بەهێزتر دا دەدیت و دڵنیا بوو کە هەموو توندڕەوەکانی دژ بە کورد لە شەڕی دژ بە بزووتنەوەی کورددا پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە قورساییەکی زیاتری دا بە ڕێبازی توندئاژۆیانە و شەری هەمەلایەنە لە دژی PKK و هەموو بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان. لە سەرەتادا هێزەکانی لایەنگری PKK کە کۆنترۆڵی چەند شارۆچکە و گەڕەکی هێندێک شاری گەورەی وەک ئامەدیان بەدەستەوە گرتبوو کەوتنە بەر هێرشی هەمەلایەنە. لە هێندێک شاری وەک وان، بەرنامەی PKK بۆ تێپەڕین بۆ قۆناغی شەڕی نێو شار، بەرلەوەی بکەوێتە ژیانەوە زەربەی خوارد و تووشی شکست بوو. لێکدانەوەی PKK سەبارەت بەوەی کە دەوڵەتی تورک لە بەر پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی ڕەنگە سیاسەتی کاول کردنی شار و گەڕەکە خۆبەڕێوەبەرەکان ڕەچاو نەکا، بە هەڵە دەرچوو. تورکیەی ئەردۆغان لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکی مەدەنی، لایەنگرانی بزووتنەوەی کورد و شانە چەکدارەکانی PKK کە تێکەڵ بە شەڕڤانانی نێو شارەکان ببوون، هەمان سیاسەتی سەددام و ئەسەدی بە کار هێنا و بە کاوڵ کردنی دەیان گەڕەک و شارۆچکە، بە سەدان کەس لە خەڵکی مەدەنی و زیاتر لە ٧٠٠ ئەندامی چالاکی PKKی لە نێو شارەکان‌دا شەهید کرد. بە دەیان گەڕەکی شارەکانی باکووری کوردستان بە یەکجاری خاپوور کران و ٣٠٠ هەزار کەس تووشی ماڵوێرانی بوون و هەمووشتێکیان لە دەست دا و ناچار بە کۆچبەری کران. لە شاخەکانی کوردستانیش شەڕێکی قورس لە نێوان دەوڵەت و PKKدا دەستی پێکرد کە لە ماوەیەکی کورت‌دا گەیشتە خوێناویترین ئاستی چەند ساڵەی شەڕی چەکدارانەی نێوان دوو لایەن‌دا.

کوودتای سەرنەگرتووی مانگی ژوڵای ٢٠١٦ لە تورکیە، دەرفەتێکی دیکەی دا بە دەست ئەردۆغانەوە کە جومگەکانی دەسەڵاتی خۆی بە هێزتر بکا و بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە گژ هەموو ئەو ئاستەنگانەدا بچێتەوە کە لەسەر ڕێگای ئەو بۆ تورکیەی ٢٠٢٣ دەبوون بە لەمپەر. مودێلی خۆبەڕێوەبەری و داخوازیی سیاسی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان بۆ خەیاڵەکانی ئەردۆغان وەکوو مۆتەکە وان. بۆیە ئەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا کە پێش بە گەشەکردن و خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد بگرێ وئێستاش لە ڕێگای سوپا، پۆلیس، میدیا و بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی‌یەوە کە ئێستا ئیدی بە یەکجاری لە دەست AKP و شەخسی ئەودان خەریکی جێ بە جێ کردنی ئەو سیاسەتەیە.

داخستنی پتر لە دە کاناڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی، بە دەیان کاناڵی ڕادیۆ و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار کە هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان کاریان دەکرد لە ڕاستی دا ئامادەکردنی زەمینە بۆ شەپۆلکی نوێی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد بە هەر دوو باڵی سیاسی و چەکداری‌یەوە بوو. هەر پاش کپ کردنی دەنگی میدیای ئازاد، دەوڵەتی تورک لە ٢٦ شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان هاوشارەدارەکانی سەر بە HDPی لە ئەرکی خۆیان دوور خستەوە و لە جیاتی ئەوان ٢٦ قەیومی دانا تا بە پێی سیاسەتی AKP و دەوڵەتی تورک بجووڵێنەوە. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا لەم حەوتووەی دوایی‌دا هاوشارەدارەکانی باژاری مەزنی ئامەد گولتەن کشاناک و فرات ئانلی لەگەڵ بەشێک لە بەڕێوەبەرانی HDP دەست بە سەر کران و پاشانیش گیران.

ئێستا پاکانە حیسابی ئەردۆغان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد گەیشتۆتە پڕ مەترسیترین قۆناغی خۆیەوە و سنووری توندوتیژی‌یەکانی هەموو دەسەڵاتدارانی چەندین دەیەی ڕابردووی تورکیەی لە دژی گەلی کورد تێپەڕاندوە. تا کەنگێ تورکیە و ئەردۆغان ئەو سیاسەتە توندەی پشتبەستوو بە ڕق و تۆڵەئەستاندنەوەی کوێرانە لە دژی گەل، سیاسەتی مەدەنی و بزووتنەوە کورد لە باکووری کوردستان بەڕێوە دەبەن، بەشێکی بەستراوەتەوە بە دژکردەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر تورکیەدا. بەڵام دووریش نیە کە چارەنووسی شەڕی مووسڵ و پاشانیش ڕەققە لە عێراق و سوریە، وەرچەرخانێکی نوێی سیاسی لە ناوچەدا دروست بکا کە کاریگەری لەسەر پارسەنگی هێز دابنێ و دووبارە ئەردۆغان ناچار بکا ڕوو لە پراگماتیزمی سیاسی بکا و دەرگایەکی نوێ بۆ جارەسەریی سیاسی پرسی کورد لە باکووری کوردستان بگرێتە بەر.

ژمارە: ٦٩١ • ڕۆژنامەی کوردستان

ئەدەبی



عەلی فەتحی

# شوناسە نەتەوەییەکان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن؟

لە حەفتاکان، بەتایبەت لە گەرمەی شۆڕشی باشووری کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر کوردانی گەرمێن روویان لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد. ئەو سەردەمە خۆرهەڵاتی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەویدا، هەم لە باری سیاسی ـ نیزامی و هەم لە باری فەرهەنگییەوە کەوتبووە بەر هێرش. زمان و کولتوور بەرەو فەوتان دەچوون. یەک لە دیاردە سەیرەکانی ئەو سەردەمە، ناولێنانی مناڵەکان بوو. ئەگەر منداڵێک لە دێ یا شارە بچووکەکان لەدایک ببا، خێرا ناوێکی عەرەبییان لەسەر دادەنا. ناوەکان لە ناوچە سوننینشینەکان وەبیرهێنەرەوەی خەلافەتی ئیسلامی سەردەمی دوای پێغەمبەر بوون. وەکوو عەلی، عومەر، ئەبووبەکر و عوسمان، ئەگەریش ئەوانە نەبان، ئیتر قادر و مەولوود و چی و چی. لە شوێنە شیعەنشینەکانیش ئەوە رەزا و کازم و تەقی و نەقی. تا ئێرە بەشی کوردی داماو بوو. فارسەکان بەڵام، جیا لە ناوە مەزهەبییەکانی وەکوو رەزا و کازم و بە واتایەک دوازدە ئیمامی خۆیان، بۆیان هەبوو ناوە فارسییەکان، بەتایبەت ناوی پاشاکانی پارس لە منداڵەکانیان بنێن. لەگەڵ ئەوان، کۆمەڵگەی کوردیش پارساویی ببوو و لاسایی ئەو نەریتەی دەکردەوە و لە شارە گەورەکان ناوی منداڵەکانیان بەپڕانی دادەنا

سەیری باشووری کوردستان بکەین. ئێستا لە نێوەندی بازرگانی پێتەختی هەرێمی کوردستان، واتە لە هەولێر وەکوو گەورەترین شاری ئەو بەشەی نیمچە سەربەخۆ، دەبینین وەچەی نوێ کە لەوێ رۆژانە سەرقاڵی کار و کاسبین، بەپڕانی خاوەن ناوی عەرەبین و عومەر و مستەفا و ئەبووبەکر و هتد ئاشکراترینیانن. زمانی تابلۆی سەر شوێنە گشتییەکانیش کوردییەکی شێواو و سەقەتە و پاشوەچوونی تەواو بە رەوتی گەشەی زمانییەوە دیارە. واتە دەتوانم بڵێم، رینێسانسی فەرهەنگیی ئەو بەشە، لە سایەسەری پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی، بۆ فەترەیەکی نادیاری زەمەنی فت بووە. بەڵام، لەو بەشەی‌تر، واتە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لەژێر زەختی دەسەڵاتێکی نگریستر لەوەی پێشوو کە بەهەموو ئامرازێکی شەڕ، هەوڵ بۆ تواندنەوەی نەک زمان و کولتووری کوردی، بەڵکوو رگەزی کوردیش دەدا، کورد سەرقاڵی پاراستنی مەوجوودییەتی خۆیەتی. کورد تێدەکۆشی زەخت و مەترسیی دەسەڵاتی حکوومی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و بە درێژەدانی خوێندن و نووسینی کوردی بە شێوەی نافەرمی و هەروەها ناولێنانی منداڵ و گەڕەک و جێگەی کار و شوێنە گشتییەکان رینێسانسی فەرهەنگی لە دەقەری خۆی بەهێز و زیندوو رابگرێ.

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە کە، داخوا کورد هەرتەنیا لەژێر هەڕەشەی مەترسیی




کامبیز و کورووش و پەرویز و چی و چی و ئەوەشیان بە نیشانەی بەرزبوونی کلاس و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەزانی و بە ناوی منداڵانی دێ و شارۆچکەکان پێدەکەنین و بە چاوی سووک سەیریان دەکردن.


راست لەو سەردەمە، هەروەک باسم کرد، لە حەفتاکاندا، بە هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی باشوور بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، شۆڕشێکی فەرهەنگیشیان لەگەڵ خۆیان بە دیاری هێنا. ئێمە کاتێک گوێمان لێدەبوو منداڵەکانیان بە ناوەکانی ئازاد، نیشتمان، سەربەست، پشتیوان، زاگرۆس، شنۆ، مەهاباد، کانی، چیا، باخەوان بانگ دەکران، حەسرەتی بۆرە ئازادییەک هەڵیدەگرتین. زۆری نەخایاند و شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پەهلەوی بووە هۆی رووخانی فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە و کوردی خۆرهەڵات پشوویەکی وەبەرهاتەوە. ‹‹رینێسانسی ناو›› دەستی پێکرد. ئەو منداڵانەی لەو سەردەمەدا لەدایک بوون، بەپڕانی ناوی کوردییان لێنرا. بە واتایەک درێژەدانی رینێسانسی فەرهەنگیی ئەو دیو بوو. خێرا عومەر و عوسمانەکان جێی خۆیاندا بە گۆران و شۆڕش و هیوا و کۆسار و ئاژوان و ....هتد.

سەدەی بیست تەواو بوو و پێمان نایە نێو سەدەی بیست و یەک. دوای تێپەڕینی سی و چەند ساڵێک لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی ئێستای کوردستان لە هەر دوو بەشی باشوور و خۆرهەڵات بەڕاستی جێی تێڕامانە. ئەو حکوومەتەی هەموو هەوڵی خۆی دەدا، ئیسلام بەسیاسی بکا و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی بنێرێ، دەکرێ بڵێین تا رادەیەکی زۆر بە ئامانجەکانی گەیشتووە. با لە پێشەوە

تێداچووندا، هەست بە بوونی خۆی دەکا و بەها پیرۆزەکانی خۆی دەپارێزێ و وەبیری دێتەوە خاوەن زمانی کوردییە و کولتووری تایبەت و دیاری خۆی هەیە؟! ئیدی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان رزگاربوو، پێویست ناکا خۆی زیاتر بە پاراستنی شوناسە نەتەوەییەکانییەوە ماندوو بکا؟! یا ئەوەمان بۆ دەرناخا کە لە راستیدا ئەو هەموو خوێن و خەباتە بەخۆڕاییە، چونکە هەرکە رزگاریمان هات، خۆمان بە دەستی خۆمان ئەوە دەکەین کە دوژمنەکانمان گەرەکیانە بیکەن. ئەگەر قەرار بێ چارەنووسی داهاتووی کوردستانێکی سەربەخۆ، تەراتێنی وێرانی بەها نەتەوەییەکانمان بێ، ئێستێ بۆچی ئەو گشتە خوێنە بۆ رزگاربوونی دەدرێ. دەنا چۆن دەبێ لە کوردستانێکی نیمچەسەربەخۆدا، ئەوەی ئەمڕۆ هەمانە، برەوی ناوی عەرەبی، گۆرانی فارسی، سەمای تورکی، ردێن و بەها نامۆکان بە کولتووری کوردی دەیانجار پتر لەو سەردەمی بێ کە ژێردەستە بوو. تۆ بڵێی خەباتی باکوور و خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیش لە گشت بوارێکدا بە مەبەستی پاراستنی کولتوور و زمان و شوناسەکانمان هەر تا ئەو ساتە بێ کە سەربەخۆ دەبین و ئیدی دواتر بە هێزە فەوتێنەرەکانی جیرانمانی دەسپێرین! بەڕاست جێی داخە. ئەو گشتە قوربانییە لەپێناو چیدا؟ چ پێویست بەو هەموو ماڵوێرانییە دەکا، باشتر نییە هەر لە ئێستاوە خۆت لەنێو میللەتانی نەیاری دراوسێتدا بتوێنییەوە، بۆ دەوێستی تاکوو سەربەخۆ بی. لە ژێردەستەییدا کوردی تۆخ، لە ئازادیدا ئیهمالکەری شۆخ!! بە بڕوای من، ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە هەر تاکێکی کورد لەسەرییەتی بەدوای وڵامەکانیاندا بگەڕێ.

مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر مەحموود خاس



هەیاس کاردۆ

درێشووی گەرمای نیوەڕۆ وەک دڕوو بە لەشی ئینساندا دەچووە خوار و چزووی لێ هەڵدەستاند. سوورەتاوی هاوینی کەڵی لەپێ دەخست و خیز و دار و بەردی دەتواندوە. هەتاو لە نێوەڕاستی ئاسمانێ چەقیبوو و هەردەتگوت بە سەت گوریس بەستووتەتەوە. تەمەنی رۆژ وەک عومری نووحی لێ هاتبوو خۆ ئاوا بوونی نەبوو. دار و دەوەن لە بەرانبەر هەیبەتی گەرمادا سەریان نەوی کردبوو و لەشیان سیس هەڵگەڕابوو. لە جەنگەی ئەو گەرما بێ‌لەزەتەدا رەشاییەکی نەزمهەڵگرتوو لە دووررا خۆی دەرخست. رەشایی هەر هات و نزیکتر بۆوە هەتا وەڕاست گەڕا. دوو لەملا دوو لەولا، ژمارەیەک لەپێش و چەند هێندەش لەدواوە، بەڵام هەموو وێکڕا و لە ژێر ریتمی نەزمێکی خۆڕسکدا خەریکی راگوێزتنی تەرمی خەباتکارێک بوون. نە هەوراز و نە لێژ، نە برسییەتی و نە تینویەتی، نە خەو و نە گەرما، هیچیان توانای پاشگەز کردنەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەیان لە گەیاندنی تەرمی هاوسەنگەر بە شوێنی مەبەست نەبوو. ئەوان خەریکی نیشاندانی شانۆیەکی مێژوویی بوون. شانۆیەک کە پێی دەگوترێ: بۆ ژیان مردن و بە مەرگ پێکەنین.

جوانیی کۆمەڵ لە نەزمی کاری هاوبەش و هاوئاهەنگیی ئینسانەکان دایە. کاتێک هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش لە خەباتێکی هەرەوەزیدا دەست دەدەنە دەستی یەک، جوانترین شانۆی هاودەنگیی کۆمەڵایەتی دێننە سەر پەردە. هەر ئەو هاودەنگی، هاوڕەنگی و هاوسۆزییەشە کە بۆتە رەمزی بەردەوامیی خەباتی پێشمەرگە.



تێکۆشەر مەحموود خاس

ئەگەر نەسلی من و دوای من تەنیا ناو و ناوبانگی تێکۆشەرانی خەباتە خوێناوی و سەربەرزانەکەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧مان بیستوە و بەشێکمان «بازیار»ئاسا لە خۆشەویستیی ئەوان خۆمان بە دەریای بێ‌بنی خەباتدا کردوە، مەحموود خاس خۆی لە نزیکەوە ناسیونی، هاوکاری کردوون، پێشوازی لێکردوون و هەر لەسەر دەستی ئەوانیش شەڕەفی ئەندامەتیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ بەخشراوە. مەحموود خاس لە راستیدا پاشماوەی مێشکە بوێر و گیانە خۆڕاگر و هەستە بێ‌باکەکانی ئەو سەردەمە زێڕینەی مێژووی خەباتی خۆڕاگرییە کە لە دەورەی دواتریشدا دیسان هاتەوە مەیدان، بەڵام ئەمجارەیان ئیتر کاری کرد و کارستانی خوڵقاند. «بەهاری ٤٦ لەگەڵ جەماعەتی مەلا ئاوارە و پیرەباب و مینەشەم و... ئاشنا بووم. باپیرم(مام پیرۆت) ئەندامی فەعالی ئەوان بوو، ئەو تێکۆشەری کۆمار بوو. من قەولم پێدان و دوای شەش مانگ تاقی کردنەوە منیان قبووڵ کرد».

مەحموود خاس کە دەستی پێکرد چاکی دەست پێکرد و بە دڵ کاری کرد. هەر چەند ئەو کات چەکی هەڵ نەگرت و تەواوکات رەگەڵ خەباتکاران نەکەوت، بەڵام ئەندامێکی هەڵسووڕ و هەڵسووڕێکی جێ متمانە و لاوێکی بەتوانا لە خزمەت بە هێزی پێشمەرگەدا بوو. هەرچەند بزووتنەوە سەربەرزانەکەی ئەوکات بە داخەوە زوو دامرکا، بەڵام دڵسۆزیی مەحموود کۆتایی نەهات و دڵە پڕ لە هیواکەی لە کوڵ نەکەوت. هەر لە درێژەی خەبات و خزمەتەکانیدا بوو کە تووشی زیندان و چەرمەسەری هات: «من دوو جار گیرام. زستانی ٤٩ تاقمێکی ٣ کەسی بۆ سەرکەشی کردن هاتنەوە. یەکیان پێوەندی بە ساواکەوە هەبوو کە من گیرام و بۆ ماوەی هەشت مانگ مامەوە. جارێکی دیکە ٥٢ یان ٥٣ بوو جارێکی دیکە گیرامەوە...». تیکۆشەر خاس هەر چەند لە ماوەی زیندانی بوونیدا ئازاری زۆری دیتن و کەوتە بەر ئەشکەنجە خۆی گوتەنی: «زۆرم ئازار چێشت. لەوێ دیتم چ رەفتارێک لەگەڵ کورد دەکرێ».

تێکۆشەر خاس لە مەڵبەندی سەرسەوز و بە خەباتفێری سەردەشت و لە گوندە بەناوبانگەکەی «گرژاڵ» چاوی کراوەتەوە ولە داوێنی شەپۆلە بەخوڕەکانی «کەڵوێ» گەورە بووە و دواتر داستانی «تەنگەی گڕژاڵ»ی خولقاندوە. کاک مەحموود وەک بەشی هەرە زۆری منداڵانی ئەو سەردەمی دێهاتی کوردستان لە بوونی مامۆستا و خوێندن بێبەش بووە وهەر بۆیە خۆی گوتەنی گەورەترین زوڵمی دنیایەی لێ کراوە. ئەو دەڵێ: «گەورەترین ئاواتی من خوێندن بوو. پێم وابوو گەورەترین زوڵمی دنیایە لە من کراوە کە نەمخوێندوە. پێم خۆش بوو دەردی دڵی خۆم دەگەڵ هاوسەنگەرانم بە نووسین بەیان بکەم کە نەمتوانیوە«. بەڵام کە دەستی رۆژگار و زوڵمی زاڵم لە نیعمەتی خوێندن بێبەشیان کردوە، بە خۆشییەوە سرووشت لەشێکی پڕکار و بەتوانا، مێشکێکی وشیار و هەڵسووڕ ودڵێکی خاوێن و بەهەستی پێ بەخشیوە. کاک مەحموود لە دەربڕیندا بەتوانا، لە تێژبینیدا وشیار و لە زمانپاراویدا هەتا بڵێی دەوڵەمەندە. ئەو رۆڵە کوردێکە لەسەر رەگی رەسەنایەتی پنجی داکوتاوە و لە قوتابخانەی فەرهەنگی کوردیدا فێری زمانپاراوی بووە. هەر بۆیە ئەگەر لە نیعمەتی خوێندن بێبەش کراوە لە چەندین بواری دیکەدا باش خۆی ساز داوە و خێرا لە هەورازی شارەزایی وەسەر کەوتوە. ئەوانەی جەنابی خاس دەناسن و لە نزیکەوە کار و تێکۆشانی ئەویان دیوە رەنگە شاهیدی ئەوە بن کە ناوبراو لە کاری بەردەوامدا چیای سەرکەشە و لە توانای جیسمی و فیکریدا دەریای بێ‌بنە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران مەحموود خاس دیسانس شان دایەوە بەر باری خەمی نەتەوەکەی و بە جۆرێک دەگەڵ ئازاری گەل تێکەڵ بوو کە هەموو توانا و ئیماکاناتی خۆی بۆ تەرخان کرد و ئەلحەق لەو رێگایەدا هیچ نەما نەیکا. ناوبراو بۆ ساڵانێکی زۆر شانبەشانی هاوسەنگەر و هاوخەباتانی دیکەی سەنگەری خۆڕاگری چۆڵ نەکرد و کوردستانی لەژێر پێی هێزی دوژمندا کردە ئاگر. هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەو تێکۆشەرەیان ناسیوە و دەناسن لەوەدا هاوڕان کە: ئەگەر هەموو خەڵکی کوردستان سوپاس و پێزانین بە هێزی پێشمەرگە قەرزدارە، هێزی پێشمەرگەش بەتایبەت تێکۆشەرانی بەشی ناوەندی کوردستان سوپاسێکی گەرم بە کاک مەحموود و لکی ژێر فەرماندەریی ئەو قەرزدارن. چونکە ناوبراو «پردی پەڕینەوە«ی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ نێو قووڵایی خاکی کوردستان بوو.

لە بیرەوەرییە خۆشەکانی مەحموود خاس رۆژی راگەیاندنی تیکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە لایەن دوکتور قاسملوویە کەچی بۆ باسی دەرد و خەمەکانی دەڵێ: «جا کاکە هێند زۆرن باسی چی بکەم. بۆ هەموو شەهیدان بە خەم بووم و جەرگم سووتاوە. بە تایبەت لەدەست چوونی شەهیدان فەقێ عەوڵا، رەحمانی سۆفیزادە و عەوڵای شەریفی بۆ من کارەسات بوون. باسی رێبەران دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندیش خۆ ناکرێ. زۆرم خەم لێ خواردن بەڵام بەچۆکدا نەهاتم. پێشمەرگە نابێ هومێد بەردا ئەگینا خەباتی بۆ ناکرێ...». تێکۆشەر خاس لە گێڕانەوەی داستانی خەبات و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەدا هەتا بۆی دەکرێ نەخشی خۆی چووک دەکاتەوە و ئازایەتیی هاوسەنگەرانی بەرجەستە دەکا کە ئەوەش نیشانەی ئازایەتی و بەفەرهەنگ بوونیەتی. ئەو هەروەها زۆر بەسۆز و بە هەستەوە لە خەڵک و رادەی هاوکاری و فیداکارییەکانیان دەدوێ: «وەک چۆن ماسی دەنێو ئاویدا دەژی، ئێمەش ئاوا دەباوەشی خەڵکدا دەژیاین. میللەت نەخشی چاکی هەبوو. لە هەموو بارێکەوە: لە باری ماڵییەوە، لە باری لیباسەوە، لە باری خواردن و خۆراکەوە، لە باری جێگاوڕێگاوە، لە باری حەشاردانی پێشمەرگەکان لە ماڵەکانی خۆیان و مووچە و مەزراکانیان.... من خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و رەبەت وەک سفرەیەکی رەنگین چاو لێ دەکەم کە دڵیان هەمیشە بۆ ئێمە ئاوەڵا بوو. خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و رەبەت بۆ من وەک یەک بنەماڵە وان کە قەت ناتوانم فەرامۆشیان بکەم. بەڕاستی سوپاسیان دەکەم و بە یادی ئەوان دەژیم...».

مەحموود خاس هەرچەند بەشی زۆری دەورانی خزمەتی پێشمەرگایەتیی خۆی لە ناوچەکانی سەدەشت و رەبەت تێپەڕ کردوە کە دیارە ئەو ناوچانەش مەڵبەندی خۆڕاگری و کارەسات بوون، بەو حاڵەش زۆر جار بە مەئمووریەت رەوانەی ناوچەکانی وەک پیرانشار ٣ جار، مەهاباد ٢ جار، بانە جارێک و هەروەها چەند مەئمووریەتی زۆر گرینگ و پڕمەترسیشی بۆ باشووری کوردستان کردوە کە گەیاندنی یارمەتی بە خەباتکارانی ئەو بەشەی کوردستان بووە. تێکۆشەر خاس بە کار و تێکۆشانی بەردەوام، بە ئازایەتی و نەترسی، بە پاراستنی نەزم و دیسیپلینی پێشمەرگایەتی، بە بەرنامەڕێژی و دروست جووڵانەوە، توانیویەتی پلەکانی سەرکەوتنی نیزامی ببڕی و ببێتە فەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی پێشمەرگەی گیاڕەنگی سەردەشت کە دیارە ئەوە بەرپرسایەتییەکی شیاو بۆ ئەو تیکۆشەرەی مەیدانی خەبات بووە.

تێبینی!

مەحموود خاس کە ساڵانێکی زۆر وەک کێو لە بەرامبەر نەیاراندا راوستا و ئازایەتیی نواند و بوو بە سەرمەشقی فیداکاری و هیچ مەترسییەک زەفەری پێ نەبرد، زۆر بەداخەوە لە دوورەوڵاتی و لە رووداوێکی نەخوازراودا گیانی لەدەست دا و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان و لە خەبات کرد. یادی بەرز و بەڕێز بێ.

# دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، لە نێوان ئەرک و بەربەستەکان


## (لە سیستەمێ سیاسی-ئابووری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا)



ئەیووب شەهابی‌راد

لەگەڵ پێشکەوتنەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و هەروەها بەرچاوڕوونی زیاتر لە سەردەمی ئێستادا لە پێوەندی لەگەڵ جۆر و میتۆدەکانی حکوومەت و بەڕێوەبردنی، نموونەی وڵاتانی سەرکەوتوو لەم بوارەدا زۆرن. بەڵام خاڵی سەرەکی بۆ لێک جیاکردنەوەی هەر سیستەمێکی سیاسی – ئابووری، لە دێموکراتیک بوون و شەفاف بوونی سیستەمەکان دایە. بەم پێیە دەبێ لەم روانگە و گۆشەنیگایەوە لە نێوەرۆک و کارکردی سیستەمی سیاسی – ئابووری حکوومەتەکان بڕوانین. واتە بۆ شرۆڤە و هەڵسەنگاندنیان پێویستە ئەم پێوانە نەگۆڕانە لەبەرچاو بگرین و پاشان شۆڕ بینەوە بۆ وردەکاریەکانی نێو حکوومەت.

لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆر کراوە کە هەرکام لە گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی بۆ ئەم شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی کردوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە خاڵی بە یەک گەیشتنی زۆربەی شرۆڤە و پێناسەکان، لە خانەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ناشەفافدا یەک دەگرنەوە. مادام ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناشەفاف و سەرکوتکەر بەرەڕووین کەواتە زۆر بە ئاسانی دەتوانین لە یەک رستەدا دەرهاویشتەی هەموو شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکانمان بخەینە روو. بەڵام لێرەدا دوو چەمکی گرینگی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکان و هەبوونی پێکهاتەیەکی حکوومەتیی لەمێژینە و هەروەها دامودەزگایەکی بەرینی بەڕێوەبردنە کە پێویستیی بە لێ وردبوونەوەی زیاترە.




ئەگەر بمانەوێ سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئەم دوو چەمکەی سەرەوە وەک پێوەرێک، هەڵسەنگێنین، دەبینین کە نە تەنیا ئەم رێژیمە بەڵکوو زۆربەی رێژیمە تۆتالیتەرەکان لە جیهاندا بە جۆرێک هەمیشە دەرگیری کێشەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە وڵاتی خۆیان دان و هەن. چونکە هەروەک روون و ئاشکرایە لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا هەموو دەسەڵاتەکان جگە لە دەسەڵاتی بەڕیوەبەری بە شێوەیەکی رەها لە دەست کەسی یەکەمی رێژیم (وەلی موتڵەقەی فەقی) دایە، تەنیا دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییە کە هەمووکات بۆتە مایەی ژانەسەر بۆ کەسە پاوانخوازەکە. بەڵام ئایا ئەم دەسەڵاتەش بە شێوەیەکی رەها لە دەست وەلی فەقی چۆتە دەر یان ئەوەی کە پێویستە خوێندنەوەیەکی تایبەتمان بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا هەبێ.

هەروەک لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا بینیومانە، دەسەڵاتی بەڕیوەبەری، تەنیا دەسەڵاتێکە کە لانیکەم بە شێوەی ئامانجدار یان نەخوازراویش بووبێ، دەستاودەستی پێ کراوە بۆیە تا ئێستا نەمانبینیوە کە وەلی فەقی لە یەکێک لە سەرکۆمارەکانی خۆی رازی بێ یان لەگەڵی بێ کێشە بێ. ئایا سروشتی ئەم جۆرە دەسەڵاتە وایە؟ سەرکۆمارەکان، کەسانێکی خەڵکی بوون؟ یان هەر لە سەرەتاوە رێژیم نەیتوانیوە ئەم بەشە لە سیستەمی سیاسیی خۆی کۆنترۆڵ بکا؟ ئەگەر بەپێی پێوەری (گۆڕانکاری)، لێکدانەوەمان بۆ ئەم پرسیارانە هەبێ، بێگومان مادام سەرکۆمار راستەوخۆ بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێ، کەواتە خەڵک هەمووکات خوازیاری گۆڕانکاری و هەڵبژاردنی باشترین کەسەکانن، هەروەک چۆن تا ئێستا دەنگی خەڵک لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری گەورەترین چالشی سیاسیی رێژیم بووە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە رێژیم بە دەیان و سەدان فیلتەری جۆراوجۆری بۆ دیاریکردنی کەسانی باوڕپێکراو و نزیک لە خۆی بۆ ئەم پۆستە بەکار هێناوە و بە کار دەبا و دەتوانین بڵێین کە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا تا ئێستا نەبینراوە کە کەسێک بەدەر لە چوارچێوەی باوەڕ و ئایدیاکانی ئەم رێژیمە توانیبێتی لانیکەم بێتە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری. بێگومان لێرەدایە کە وەبەر یەک کەوتنی تایبەتمەندیی جۆری دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی رێژیم و هەروەها سیاسەت و شێوەی روانینی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆی سیستەمی سیاسی – ئابووریی وڵات، پێویستیی بە لێکدانەوە و شیکاری زیاترە.

یەکێک لە جومگە سەرەکی‌یەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری (جیا لە دەسەڵاتە قۆرغکراوەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە، ئەمنیەتی نێوخۆ و سوپا) ئابووری‌یە. لێرەدا بۆ روونتر بوونەوەی زیاتری دەرفەت و بەربەستەکانی بەردەم سەرکۆمار (وەک سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری) پێویستە ئاماژە بە قسەی سێ دانە لە سەرکۆمارەکانی ئەم رێژیمە بکەین. محەممەد خاتەمی: «لەم دەسەڵاتەدا دەستم بەستراوە». مەحموود ئەحمەدی‌نژاد: «برایانی قاچاخچی (مەبەستی سپای پاسدارانە) لە بواری ئابووری‌دا وڵامدەری هیچ کەس نین». حەسەن روحانی لە دوایین لێدوانی خۆی لە شاری خومەین: «داهات و ئیمکاناتی دەوڵەت لە وڵاتدا مەحدوودە». رەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێش کە ئایا بەڕاستی کەسێکی وەک روحانی یان ئەوانی پێشوو تەنیا ویستوویانە مەزلوومنمایی بکەن و یان ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوە و نیە بۆچی واز ناهێنن؟

لێرەدا بۆ ئەنجام وەرگرتن لە باسەکە، پێویستە زیاتر بچینە نێو ناخی قسەکانی روحانی و وڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە کە ئایا بەڕاستی «داهات و ئیمکاناتی دەوڵەت لە وڵاتدا مەحدوودە» یان ئەوەی کە هۆکاری‌تر لە پشتی ئەم بارودۆخەن؟ کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، بە داهێنانی شێوازێکی نەناسراو و ناستاندارد لە بواری ئابووری‌دا، هەر جۆرە بەرنامە و پڕۆژەیەکی باس کردبێ یان خستبێتە گەڕ، پشت ئەستوور بە داهاتی نەوت بووە، واتە ئابووریی ئێران بەردەوام لە نێوان دوالیزمی پشت ئەستووریی بە داهاتی نەوت و دروشمی پشت بەستن بە سەرچاوەکانی تری ئابووری‌دا، تا ئێستاش رووی گەشەکردنی بەخۆیەوە نەدیوە. هیچ گومانی تێدا نیە کە وڵاتی ئێران لە بواری ئیمکاناتی مرۆیی و سەرچاوەکانی ئابووری‌یەوە، یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانە، بەڵام کاتێک کە دوای ٣٧ساڵ، زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێران لە نزیک هێڵی هەژاری یان لە ژێر هێڵی هەژاری‌دا ژیان بەسەر دەبەن و پێوانە سەرەکی‌یەکانی ئابووری وەک هەڵاوسان، بێکاری، بەرهەمهێنانی ناخالیسی نەتەوەیی، داهاتی ساڵانەی تاکەکان و گەشەی ئابووری، لە خراپترین دۆخی خۆیان دان، ئایا کێشەکە لە نرخی نەوت دایە یان لە گەمارۆ ئابووری‌یەکان؟ هەڵەی بەڕێوەبەریی یان سیاسەتە ئابوورییەکانە؟ یان هەڵەی کۆی سیستەمە سیاسی‌یەکەیە؟

هیچ سیستەمێکی سیاسی و ئابووری لە سەردەمی ئێستادا ناتوانرێ بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتی تاک یان دەسەڵاتەکان دابڕێژێردرێ یان تەنیا بە یەک پێوانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. کەواتە بەرژەوەندیی گشتیی وڵات و کۆمەڵگەیە کە دەبێ بکرێتە بنەمای سەرەکیی هەر جۆرە پلان و پرۆژەیەکی ئابووری و هەروەها پێوانەکان دەبێ بە زانستە ئابووری‌یەکانەوە بارگاوی بکرێن. بەڵام لە هەموو دەورانی رێژیمدا تەنانەت ئەگەر سەرکۆمارێک ویستبێتی پلانێکی باشی ئابووری جێبەجێ بکا، تووشی سەدان کۆسپ بۆتەوە، نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی بگا. مەبەست ئەوە نیە کە رەنگە سەرکۆمارەکانی رێژیم خەڵکی بن، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی لێرەدا، هێنانە ژێر پرسیاری کۆی دەسەڵاتە. لە بواری زانستی ئابووری‌یەوە تا ئێستاش دیار نیە رێژیم ئینتیمای بە لای کام یەک لە سیستەمە ئابووری‌یەکانی (چەپ، سەرمایەداری و هتد)دا هەیە. ئەگەرچی لە دروشمدا، بەردەوام خۆی بە لایەنگری سیستەمی ئابووریی بەرەی چەپ نیشان داوە، بەڵام بە کردەوە، تەنیا یەک سیستەمی پەیڕەو کردوە، ئەویش بە تێکهەڵکێشێک لە هەموو میتۆدەکان و قۆرغکردنی جومگە سەرەکی‌یەکانی ئابووریی وڵات، ئابووری خستۆتە خزمەت پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی.

کاتێک سەرکۆمارەکانی تەنانەت دەرهێنراویش لە سندووقەکانی دەنگدان، پانتاییەکی بەرفراونی دەسەڵات لە بەردەم خۆیان دەبینن کە هیچ نەخشێکیان تێیدا نیە، لێرەدایە کە وەبەریەککەوتن دێتە ئاراوە. لە سەرەوەدا ئاماژەمان بە قسەی چەند سەرکۆمارێکی رێژیم کرد، بە تایبەت قسەکانی ئەم دواییانەی حەسەن روحانی. بێگومان بوونی بۆچوونی جیاواز و بەتایبەت گرووپ و لایەنی جیاواز لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا دەمێکە خۆی دەرخستوە و لە ئێستادا دەتوانین بڵێین کە ئەم رەوت و بۆچوونە جیاوازنە هەم تووشی وەبەریەک کەوتنی بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی خۆیان لە بەرامبەر یەکتردا بوون و هەم تا ئاستێک لێک دوور کەوتوونەوە کە بە جۆرێک درز و بۆشاییان لە سیستەمە سیاسی‌یەکەدا دروست کردوە. کەواتە کاتێک کە روحانی دەڵێ ئیمکاناتمان کەم و بەربەستە، لە لایەک درۆ دەکا چونکە هیچکات بەشێوەیەکی راستەقینە نەهات لانیکەم گرفت و بەربەستەکان باس بکا یان شەفافسازی لە دۆخی ئابووری و داهاتەکان‌دا بکا. راست دەکا، چونکە لە کاتێک‌دا دەرفەت و زۆریی سەرچاوە مرۆیی و سروشتی‌یەکان لە ئاستێک دایە کە بتوانرێ ئابووری وڵات لانیکەم لەم قەیرانەی ئێستا دەرباز بکرێ. بەڵام سەرچاوە ماڵی و داراییەکان، لە شوێنێکی ترەوە کەم کراونەتەوە. واتە هەم هەرێمی دەسەڵاتی یاسایی سەرکۆمار بەربەست کراوەتەوە و هەم سەرچاوە سەرکی‌یەکانی ئابووریی وڵات لە دەست گرووپێک دایە کە بەپێی یاساکانی خۆیان بۆیان هەیە یارمەتی گرووپە توندڕەو و بناژۆکان لە هەر گۆشەیەکی جیهانی پێ بکەن، بۆیان هەیە بە میلیارد دۆلار لە سوریە و لوبنان بە هەدەر بدەن، بەڵام نە کۆمەڵگە و نە هیچ سەرکۆمار و لایەنێکی‌تر بۆی نیە پرسیاریان لێ بکا.

دوای پێکهاتنی ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لەسەر دۆسیەی ناوکی، نەتەنیا سەرکۆمار بەڵکوو خودی خامنەیی زیاتر لە هەموو کەس پەلەیان لە جێبەجێ کردنی هەرچی زوورتری بە وتەی خۆیان بەرنامەی (برجام) و لابردنی گەمارۆ ئابووری‌یەکان هەبوو، چونکە خۆیان باشتر لە هەموو کەس دەیانزانی کە چ بەڵایەکیان بەسەر ئابووریی وڵات و بژێوی ژیانی خەڵک هێناوە. تەنانەت خودی رێژیمیش تا رادەیکی زۆر هاتبووە سەر ئەم باوڕە کە ئاکامەکانی (برجام) دەتوانێ بەشێک لە گرفتەکانیان چارەسەر بکا. بێگومان گرفتەکە زۆر لەوە گەورەترە کە لانیکەم دۆخی ئابووریی ئێستای ئێران لە نەبوونی ئیمکانات یان بەربەستەکانی بەردەم سەرکۆمارێک‌دا کورت بکرێتەوە. لیرەدا بە دوو ئەنجام کۆتایی بە وتارەکە دێنین. یەکەم: دیتمان کاتێک کە نرخی نەوت دەوروبەری ١٠٠ دۆلار بوو، ئابووریی وڵات تووشی گەورەترین نوشستی خۆی دەبێ، کەچی ئەحمەدی‌نژاد سەرکۆمارییەکەشی تەواو بوو، بەڵام هەر ساغ نەبۆوە (یارانە) بە کێ بدا و بە کێی نەدا. تەنیا شانازی روحانی تا ئێستا ئەوەیە کە بە وتەی خۆی هەڵاوسانی کردۆتە یەک رەقەمی، کەواتە خودی سەرکۆمارەکانیش تا ئێستا بەشێک لە کێشەکان بوون. دووهەم: باش دەزانین کە هەر یاسا یان پلانێکی ئابووری لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا تا ئەوکاتە کاریان پێ دەکرێ یان پیادە دەکرێن کە لە خزمەت بەرژەوەندی‌یەکان رێژیمدا بن، بەڵام تا ئەوکاتەی دیاریکردنی بچوکترین پۆستە حکوومەتی‌یە فیلتەرکراوەکانیش بگەڕێنەوە بۆ دەنگی خەڵک، رەنگە مافیای وەلی فەقی بتوانێ جارێ بەردەوام بێ لە قۆرغکردنی جومگە سەرەکی‌یەکانی ئابووری، بەڵام هەر دەنگێک کە بخرێتە سندووقەکانەوە، دەنگی بێزاری و نارەزایەتیی خەڵکە کە بەردەوام گەورەترین مەترسی و چاڵشی سیستەمی پاوانخوازی سیاسیی ئێرانن.

---

درێژەی

# کێشە و ئارێشەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان...

بۆ وێنە زۆر کەس هەبوون کە بەرپرسانی بێهداری زیندانیان پێیان وابووە دەبێ بۆ چارەسەری پزیشکی بگەیەنرێنە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی زیندان کەچی بەرپرسانی دادوەری گوێیان پێی نەبزووتوە و زیندانی‌یەکان لە هەلومەرجی جەستەیی و روحی خراپدا لەو دەرفەتانە بێبەش کردوە. هەندێک جاریش بەرپرسانی زیندانەکان کاتێک لەسەر مەرەخەسی زیندانی‌یەکان بۆ چارەسەری پزیشکی ئێزنیان لەسەر بووە، کە کار گەیشتۆتە جێیەک ئەگەر زیندانی‌یەکانیان راگرتبا مەترسی مردنی هەبووە.

**هەڵسوکەوتی خراپی بەرپرسانی زیندان، سوکایەتی کردن بە زیندانی‌یەکان**

هەندێک لە ئەفسەر نیگابانەکان هەوڵ دەدەن هەتا بە گوشاری زیاتر خستنە سەر زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان و رەفتاری ناحەز، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بشکێنن.هەروها بەرپرسانی زیندان بەبەکارهێنانی ئامرازی ناقانوونی، هەوڵ دەدەن یەکگرتوویی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان تێکدەن، پەرە بە سیخوری دەدەن و نائەمنی دەروونی ساز دەکەن. بە زۆرەملی ناردنە دەرێ بۆ گۆڕینی پشوو، وەرزشی بەیانیان و پشکنین و گەڕانی ناباوی کەلوپەلی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، هەندێک هەڵسوکەوتی نەشیاوە دەیکەن کە لە زیندانی بەندی سیاسی‌یەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا دەبینرێن. هەروەها بەرپرسانی زیندان هەوڵ دەدەن کە بە دوو جاران سەرژمێر کردنی زیندانی‌یەکان، سووکیان بکەن. لە کاتێکدا ئەفسەر نگابانەکان دەتوانن بچنە هەموو ژوورەکان و سەرژمێریان بکەن، بەڵام زۆربەی جاران بۆ سەرژمێرکردن، زیندانی‌یەکان ناچار دەکەن لە خانە تاکەکەسی‌یەکان بێنەدەر. ئەو کاتانەش کە لە ژوورەکان سەرژمێر دەکرێن، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ناچارن ماوەیەکی زۆر لە رێزی رێکوپێک‌دا لەسەر زەوی دانیشن هەتا بە قامک بژمێردرێن و ئەو رەفتارانەش بە شایەدی زیندانی‌یەکان زۆر سووکایەتی پێکەرن.

سەرەرای ئەوەش کێشەیەک بەناوی «لەسەر ئەرز خەوتن» شتێکی جێی داخە کە سەرەڕای هەموو نارەزایەتی و داواکان هێشتاش درێژەی هەیە و، زۆربەی زیندانی‌یەکان بەهۆی کەمبوونی تەختی خەو ناچارن لەسەر ئەرزی بخەون، کە زستانان بەهۆی سارد و سەرما دەبێتە هۆی زۆربوونی نەخۆشی و پەتا لە زیندانەکاندا.

**کێشە و ئارێشەی روو لە هەڵکشانی بەندی زیندانی‌یە سونی‌یەکان لە زیندانەکانی ئێراندا**

لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما زیندانی‌یە سونی‌یەکانی زیندانی رەجایی شاری کەرج لە هۆڵێکدا جیا دەکرێنەوە کە دەرک و پەنجەرەی ناستانداردی تێ گیراوە و سیستمی گەرمکەرەوەی بۆ شەوە ساردەکانی زستان ناگونجێ. ئەو کێشەیە زیندانی بەتایبەت بۆ چەندین زیندانی نەخۆشی ئەو هۆڵە زۆر ناخۆشتر و دژوارتر کردوە.سیستمی گەرمایی ئەو هۆڵە کە دەبێ رادیاتۆری بێ، هەندێک لوولەن کە بڕیارە ئاوی گەرمی پێدا بێ و بچێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی سیستمی ماتۆری زیندان هەڵناکرێ، ئەو هۆڵە گەرم داناهێنێ، ئەو کێشەیە بەهۆی چۆڵبوونی بەنددەکە و دەرک و پەنجەرە کۆن و ناستانداردەکان داژواری‌یەکانی زیندانی‌یەکانی چەند هێندە کردوە.

لەو لایەشەوە بەرپرسانی زیندانی ناهێڵن زیندانی‌یەکان خۆیان کەرەسەیەکی گەرمایی بکڕن.

**ئازار و ئەزێتی بنەماڵەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان**

بەڵنیاییەوە کاتی دەسبەسەرکردن و گرتنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، بنەماڵەکانیان لە رێگەی پەیامی تەلیفونی یان تەلیفون کردنەوە وریا دەکرێنەوە، ئەگەر بەهەر چەشنێک هەواڵی گرتنی رۆڵەکانیان بە مێدیایی بکرێ، دەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەتی‌یەکان رووبەڕوون.

یان مەعموورە ئەمنییەتی‌یەکان بەبێ هیچ ئێزنێکی قانوونی بەسەر ماڵی خەڵکی‌دا دەدەن و وێڕای پشکنین و گەڕانی ماڵان، کەلوپەلی کەسێنی وەک لەب تاپ، گووشی موبایل و چەند کتێبێک رەگەڵ خۆیان دەبەن.

یان ئەوەی کایە بە بنەماڵەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەن، بۆ وێنە جار نا جار پێیان دەڵێن ئەمڕۆ و سبەی لە سێدارەیان دەدەین، یان لە سێدارە دراون و یان لە سێدارە نەدراون.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 691  5 November  2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 12.072

polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و ناشتنی مامۆستا «هێدی»دا



بە بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەرمی مامۆستا خالید حیسامی( هێدی) لە پیرمام لە باشووری کوردستان بە خاک سپێردرا.

ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و ناشتنی مامۆستا هێدی لە بەر دەرکی ماڵی خۆی لە نێو شاری هەولێر دەستی پێکرد و لە پیرمام لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت‌دا لە نیزیک مەزاری فەلەکەدین کاکەیی، ڕووناکبیر و کەسایەتیی سیاسیی کورد ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کرا.

لە ڕێوڕەسمی ناشتنی مامۆستا هێدی‌دا پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لایەن فازڵ میرانی، پەیامی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن دوکتور سالار عوسمان، پەیامی یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە لایەن عەبدوڕەعمان فەرهادی، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن جەلیل گادانی، پەیامی بنەماڵەی مامۆستا هێدی لە لایەن ناسر حیسامی، پەیامی نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن مستەفا ئیلخانیزادە پێشکێش کرا و حەسەن دانشفەر، نووسەر و کەسی نیزیک لە مامۆستا هێدی لە سەر کەسایەتیی مامۆستا هێدی و پێوەندییە عاتفی‌یەکانی لەگەڵ نەمر مستەفا بارزانی بۆ بەشداران دوا.

شاعیری ناسراوی کورد خالید حیسامی ناسراو بە هێدی، دوایین شاعیری یادگاری کۆماری کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی خەزەڵوەر لە تەمەنی ٨٨ ساڵی‌دا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

خالید حیسامی لە ساڵی ١٣٠٦ی لە گوندی شێخاڵی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بوو. ئەو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە ناوی هێدی شێعر و نووسینەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا بڵاو دەبوونەوە و پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ڕووی کردە باشووری کوردستان و بووە پێشمەرگەی شۆڕش و چەند ساڵ لە بەشی ڕادیۆ و چاپەمەنیی شۆڕش‌دا کاری کرد و لە کەسانی خۆشەویستی نەمر بارزانی بووە. ئەو لە پاش ڕاپەڕین و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا کۆتایی لە باشووری کوردستان ژیا.

## کۆچی دوایی قالەشین، هونەرمەندی نەتەوەیی و باوکی دوو شەهیدی حیزب



شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هونەرمەندی بەیت‌بێژ و فۆلکلۆرچری کوردستان قادر ئوستاد ئیبراهیمی، ناسراو بە قالەشین کۆچی دوایی کرد.

قادری وەستا برایم لەدایکبووی شارەدێی خەلیفانی ناوچەی مەهاباد بوو. هەر لە تەمەنی منداڵی‌یەوە خولیای ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا، کاک قادر وەک لاوێکی تازە پێگەیشتوو، چەکی پێشمەرگایەتیی بۆ پاراستن و پارێزگاریی کۆماری کوردستان لە شان کرد. دوای ڕوخانی کۆماریش، وەک وەفادار بە ڕێبازی کوردایەتی و ڕزگاریی نەتەوەیی لە هەر هاوکاری‌یەک لە پێناو سەربەرزی و سەرکەوتنی کوردستان و ڕزگاریی نەتەوەکەی تەنەخی نەکرد.

کاک قادر ئەستاد ئیبراهیمی کەسایەتیەکی بەرز و جێگای ڕێز، مرۆڤێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر و ئەویندارێکی ڕزگاری و سەربەستی بوو. ئەو وێڕای زیندووراگرتنی بەیت و بەسەرهاتە مێژووییەکان، هونورەکەشی خستە خزمەت تێکۆشانی نەتەوەییەوە. بە سازکردنی بەیتی لەداردانی پێشەوا، شینی لەدەستدانی کۆمار و پێشەوای مەزنی کرد. بە بەیتی سمایل خانی سمکۆ خەرمانی ئەدەبیی بەیتبێژیی کوردی دەوڵەمەندتر کرد.

لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، قالە شین بوو بە پشت و پەنای خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و ماڵەکەی بوو بە جێگەی حەسانەوەی پێشمەرگە. کوڕانی بنەماڵەی ئوستاد ئیبراهیمی چەکی خەبات و پێشمەرگایەتیان کردە شان. هەر لەو ڕێگایەش‌دا دوو ڕۆڵەی بە ناوەکانی کەماڵ و عوسمان ئوستاد ئیبراهیمی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نیشتمان بوون.

شایانی باسە ئەم فۆلکلۆربێژە لە چرین وزیندووهێشتنەوەی گەنجینەی ئەدەبی زارەکیی ماندوویی‌نەناسانە هەتاسەر خزمەتی کرد و لە بواری بەیت و حەیران‌دا تواناییەکی باڵای هەبووە و خۆی یەکێک لەو کەسانە بووە کە جیا لە حەیران و بەیتبێژی، بەیتی داناوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند قادر ئوستاد ئیبراهیمی ناسراو بە قالەشین، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، سەرجەم خەڵکی مەهاباد و کۆمەڵگای ئەدەب و هونەری کوردی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی لە شاری کرماشان



ڕۆژی دووشەممە، ٣ی سەرماوەز لە شاری کرماشان جێژنی یەک ساڵەی ئەنجوومەنی مافی شارۆمەندیی «ژیار» بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە چالاکان و نووسەرانی ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی پارێزگای کرماشان بەڕێوەچوو.

لەم ڕێوڕەسمە فەرهەنگی‌یەدا بە ئامادەبوونی قەڵەمبەدەستانێک لە شارەکانی هەرسێن، سەحنە، گیلانغەرب و کرێند و خوێندنەوەی چەندین شێعر و بابەتی ئەدەبی و هەروەها نواندنی چەندین تابلۆ لە مۆسیقای کوردی، ڕێزیان لە یەکەمین ساڵی دامەزراندنی ئەنجوونی مافی شارۆمەندیی «ژیار» گرت.

سەرەتا هەرکام لە بەڕێزان سەید قاسم ئەرژەنگ، ئارەش ئەفزەڵی، عەلی بەراتی، شەهاب میرزایی، نادر زەنگیشە، فەرزاد سەفەری، پژمان ئاقایی شێعر و وتاری خویانیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە بڕگەی دیکەدا کیژۆڵەیەک بە ناوی هانا نەزەری بە زاراوەی جوانی لەکی شێعرێکی منداڵانەی خوێندنەوە کە کۆڕەکەی زیاتر ڕازاندەوە.

دوابەدوای ئەو بەشە، ژەنیاران و هونەرمەندانی دەنگ‌خۆشی کرماشانی چەندین تابلۆی گۆرانی‌یان پێشکەش بە میوانان کرد، کە لە بەشی کۆتایی‌دا مامۆستا حسێن بابەکی بە نواندنی چەند مەقامی فۆلکلۆر بە نایە و زورنا کە بایەخدانێک بوو بە مۆسیقای فۆلکلۆریک، تین و گەرمایەکی تایبەتی بەو جێژنە فەرهەنگی‌یە بەخشی.

بەر لە ماڵاوایی

## ئیکۆفاشیزم و ژینگەپارێزی



**شەمزین ئەحمەدنژاد**

ئیکۆفاشیزم بەشێکی سەرەکیی پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاری زێهنیەتی خۆ بە خودازانی پان ئێرانیزمە لە کوردستان‌دا، ئەو پرۆژەیە وەک میکرۆتەرحێکی پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی گەورە، کە بە واتای تواندنەوەی نەتەوەیی دێ، لە سەرەتای بە پێکهاتەبوونی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیە لە کوردستان و جوغرافیای داگیرکراوی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران‌دا، بوو بە یەکێک لە خاڵە نیشانەگیریکراوەکانی سیستم و باڵی ئیدۆلۆژیکی و ئابووری‌بەدەست و نیزامیکاری کۆماری ئیسلامی، واتە سپای پاسداران.

ئەگەر دانی فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین و بێ‌بەزەییانەترین پلانی سیستمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتو بوو بۆ قەتڵوعام و کوشتاری بێ‌بەزەییانەی لە کوردستان، حاشاهەڵنەگرە کە نەیتوانی ئامانجەکانی ڕێژیم بپێکێ، چونکە ڕووبەڕووی تێکۆشان و بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بۆوە، ئەوە سەرەتای بیرکردنەوەیەکی ڕەشتر بوو لە دیو و ژووری فکری‌یەکانی سپای پاسداران.

ئیکۆسیستم لە شوناسەوە بۆ بنکەی خەبات:

نەتەوەی بێ جوغرافیا و خاک، نەتەوەیەکی بێ ناسنامەیە و لە بواری ڕەوانی‌یەوە قەت ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە ناتوانن لەگەڵ خۆیان ساغ بنەوە و هەموو کات لە بۆشایی دان، بڵاو و بێ جێگە و مەکانن، جولەکەکان پێش دامەرزاندنی دەوڵەتی ئیسراییل لە تراژیدیترین حاڵەتی نەتەوە بوون‌دا بوون، بۆ؟ چونکە جوغرافیای نیشتەجێ بوون و حاوانەوەی تایبەت بە خۆیان نەبوو و لە گۆی زەوی لە جیهان‌دا بڵاو ببونەوە.

کورد بێ جوغرافیا نییە و کوردستان جوغرافیایەتی، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، ئەوەیە کابووسی داگیرکەران؛ هەر بۆیە بۆ لێدان و سڕکردن و دەستەمۆکردنمان و بۆ داگیرکردنی زمان و فەرهەنگ و کلتوورمان و هەوڵدان بۆ کۆیلە کردنی ئەو پاڕادایمە جەوهەریانەی کە واتابەخشی ژیانی ئێمەی کوردن، بە تەواوی مانا هەوڵی کۆیلە کردنی ژینگە و نیشتمانمان دەدەن.

لێرەدایە پرۆژەی ئیکۆفاشیزمی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا دەچێتە فازێکی بێ‌بەزەیانەتری دژایەتیی خەڵکی کورد.

ڕێژیمی ئاسیمیلاسیۆن، واتە کۆماری ئیسلامی و دیوە فکریەکانی سپای پاسداران بە بەکارهینان و ئیسکلەبەندی کردنی ئەم پرۆژەیە لە هەوڵی پێکانی دوو ئامانجی سەرەکی دان:

یەکەم: مەیلی ئەرتەشی داگیرکاری بۆ سڕینەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی وڵاتەکەمان لە ڕێگەی دزین و دەرهێنانی ئەو ئاسەوارانەی کە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و ماناکان و بە تاڵان بردن و هەراج کردنیان لە بازارەکانی دزینی ناسنامەی گەلان!

دووهەم: هەوڵدانێکی دڕندانەیە بۆ لە نێو بردنی سروشت و دارستان و لێڕەوارِ و تێکدانی بەستێنی هاتوچۆی سروشتی ئاوەکان و پەرە پێدانی پیشەسازی‌یەک کە ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ ڕوحی نیزیکایەتی مرۆڤ و چیا و کوێستان، لە ژێر ناوی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری تاکوو دەگاتە پرۆژەی کەلانی سەدسازی نەک بە مێتۆدی زانستی و بە ئاقاری خزمەت بە دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی حەیاتی کۆمەڵگە واتە ئاوی خواردنەوە ، بەڵکو بە نیەتی تێکدانی ژینگەی ئەو شوێنانەی کە حەیاتی نەتەوەیەک بە بوونی ئەوانەوە مانا دەگرێ، بۆ ڕاستی سەلماندنی ئەو ئیدیعایەش دەتوانین ئاماژە بە سەرچاوەی «کانی بڵ» بکەین.

ئامانجی ڕێژیم لەو پیلانە ڕوون و ئاشکرایە و ئەگەر لە تاڵی ڕووداوەکە خۆمان نەدزینەوە و دیزە بەدەرخۆنەی نەکەین چەند قۆناغێکی مەترسیداریشی بڕیوە.

ئامانجی سیستم، بێ ناسنامە کردن و شێواندنی ناسنامەیە، داخستنی ڕێگای پێشکەوتنی پێکهاتەیی و زەینی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چیا و کوێستان هێمای سەرکەشین و تاکی کورد و ڕوحی سەرکەشی میراتی ژیان کردنە لەگەڵ ئەو ژینگەیە، نەرم و نیان بونی زمانی هەڵبەست و پاراو بوونی زمانی کوردی، قەرزداری پێوەندی و ژیان کردنە لەگەڵ ئەو سروشت و ژینگەیە.

حەقیقەتی پلانەکە ئەمەیە، ژینگەی دەستەمۆ و خاپورکراو، کوردی دەستەمۆ و لە جەوهەردا ڕووخاو و، کوردی دەستەمۆکراو و کۆیلە، ژینگە و جوغرافیای وێران و مێژووی لێڵ و تاریک و پچڕپچڕ ئاکامێتی!

شاخ و لێڕەوارِی کوردستان شوێنی حاوانەوە و لە چاوی دوژمن دووربوونی پێشمەرگەیە، ژینگەی کوردستان ژینگەی بەربەرەکانی و بە گژداهاتنەوەی زۆرداریە، بە وێران کردنی ئەو ژینگەیە ڕوحی بەرەنگاری و بەرخۆدان لە بەرابەر دەسەڵاتی تاران لاواز دەبێ و دەمارەکانی ڕیفلێکس و کاردانەوەی خەڵک سڕدەکرێن و لە ڕاستی‌دا ڕوحی نیشتمان‌پارێزی دەتەزێنرێ.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشەنگی جوڵانەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەل، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شرۆڤە و ئانالیزی حەقیقەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی و ژینگەیی ئەو ڕێژیمەیە، کە پاراستنی ژینگە بە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی و ویژدانی دەزانێ و پاڕادایمی ژینگەی وەک ئەسڵێکی پیرۆزی خۆی بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان پێناسە دەکا و لە هەمان کات‌دا هەوڵی ئەوە دەدا بەشداریەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و بارتەقای گرینگی ژینگە لە تێکۆشان و خەباتی نەتەوەیەکدا و هەروەها وەڵامدەری ئاستی ئەو خەسارە زۆرانەی کە وە ژینگەی کوردستان کەوتوە پێکبێنێ و یارمەتیدەر و هاوکار و پشتیوانی ئەو بزووتنەوە بێ.

لە لایەکی دیکە هێڵی ململانێ لەگەڵ دژەئەخلاقیترین پرۆژەی ئیکۆفاشیستی ڕێژیم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەتی پاراستنی ژینگە بە بنەمای تێکۆشانی خۆی دەگرێ و هەوڵی هەرچی زیاتر گشتگیر کردنەوەی و لە ئەساسی خۆی‌دا فەرهەنگسازی بۆ ئەم بابەتە دەکا.

دەوری ژینگەپارێزان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئیکۆفاشیزم:

ژینگە پارێزانی کوردستان و چالاکانی ئەو بوارە لە خەبات ئەگەر پوختترین و ڕازاوەترین و بەپێزترین پێناسەیان وەک خۆم بۆ بکەم دەتوانم بڵێم، لە بەرابەر ئەڕتەشی وێران کردنی سروشت و ژینگەی کوردستان کە کۆماری ئیسلامی‌یە، ئەوان ئەرتەشی پارێزوانی سروشت و ژینگەی کوردستانن، بە تەعبیرێکی دیکە ئەڕتەشی پاراستنی ناسنامە و مێژو و فەرهەنگ و زمان و باوەڕ و ئیرادەی کۆمەڵگەی خۆیانن.

ئاگاهی و ئێشی لە ئاگاهی‌یەوە سەرچاوە گرتوو ئەوڕۆ بۆتە هەوێنی هاتنە دەنگ و خۆ بە ڕێکخستنکردنی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەگی ئەو کوردستانە و لە ئێستادا بازنەیەکی بەرفراوان لە تێکۆشانی ژینگەپارێزی شکڵی گرتوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرفراوانتردەبێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندی‌یە هەرە باشەکانی بزاڤی ژینگەپارێزی ئەوڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی جیدی ڕیکخراوەکانی تایبەت بەو بوارەیە بۆ نوخبەیی نەهێشتنەوەی ئەو چالاکی‌یانە و پێکهێنانی فەزایەک و ئاخێوێکی وەها کە هەر لە منداڵێکەوە هەتا دەگاتە فەرمانبەرێکی خانەنشین کراو هەموویان خۆی تێدا دەبیننەوە، ژنان لە زۆر شار پێشەنگی هەڵمەتەکانی ژینگە پارێزین کە ئەوەش خاڵێکی وەرچەرخانی دیکەی کاری ڕێکخراوەییە لە کوردستان، ئەویش لە جۆری خەباتی مەیدانی و بە جێهێشتنی سەقف و دیواری ڕێکخراوەکان.

پەرەپێدان و زیاتر بە زەینی کردن و فەرهەنگسازی کردن بۆ ئەو خەباتە و دەوڵەمەند کردنی زیاتری ویست و داواکانیان لە داهاتودا شیمانەی بە دەستهێنانی دەسکەوتی زیاتری لێ دەکرێ، هەربۆیەش لە کۆتایی باسەکەم‌دا ئاواتەخوازم ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی کوردستان وهەموو دڵسۆزانی نیشتمان و ئەوانەی کە دڵیان بۆ ئازادی دایکی نیشتیمان لێ‌دەدات دەریغی نەکەن لە کاراکردن و ئەکتیو کردنی زیاتری ئەو بەشە لە خەبات، لە بەردوو هۆکارکە پێموایە هۆکاری سەرەکین:

یەکەم: دوژمن بۆ لێدان لە بزووتنەوەکەمان بەڕاستی کار لە سەر تێکدانی ژینگەمان دەکا وسەرمایەگوزاری کەلانی بۆ کردووە.

دووهەم: ژینگە با تەنیا بە شاخ و چیا و دارستان و دیتنێکی ڕووکەشی ئەوانە نەخوێنینەوە، ژینگە کەرامەتی کۆمەڵگەی کوردستانە، ئاوێنەی ترادسیۆن و نۆرم و بەشی زۆری بەهاکانی مێژوویی ئێمەیە وغافڵبوون لێی کوشتنی ڕوحی مێژویی بوونی ناسنامە وکەوناربوونمانە!